# تاچەند درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دوای کۆتاییهاتنی یاساییە؟


**● دەستپێك:**

پەرلەمانەکان توخمێکی گرنگن لە سیستەمەکانی حوکمی وڵاتاندا، ئەرکی سەرەکیی پەرلەمانەکان دەرکردنی یاساو چاودێری و نوێنەرایەتیکردنە. بۆیە لەمیانی گێڕانی ئەو ڕۆڵانە بە شێوەیەکی کارا، دەتوانن بەشداریی لە توخمەکانی حوکمدا بکەن: توانای دەوڵەت، لێپرسینەوە و بەدەنگەوەهاتن.

بەڵام لە ڕووی پراکتیکەوە، پەرلەمانەکانی زۆر وڵاتی گەشەسەندوو کارا نین. لە ڕاپۆرتێکی ساڵی ٢٠٠٥ دەربارەی حوکمڕانیی باشی ئەفریقیدا هاتووە: ئەوەی پەیوەستە بە دەرکردنی یاسا، گفتوگۆی کێشە نیشتمانییەکان، دڵنیابوون لە چالاکییەکانی حکومەت و بەتینکردنی خۆشگوزەرانیی گەل، ئەو ئەرك و ئیلتیزامانە بە دەگمەن بە ڕێکوپێکی و کارامەیی لەلایەن پەرلەمانەکانی زۆر لە وڵاتانی ئەفریقیاوە بەڕێوەدەچن (لیژنەی ئابووریی ئەفریقیا،٢٠٠٥،لاپەڕە ١٢٧).

چەندین هۆکار هەن بۆ لاوازکردنی ئەدای پەرلەمان، زۆر جار پەرلەمانتاران زانیاری و کارامەیی پێویستیان لەباردا نییە، تاکو کاری خۆیان بە تەواوی ئەنجام بدەن، زۆربەی بایەخیان بە پۆستەکانیان و پارێزگاریکردنە لە کورسییەکانیان، زیاتر لەوەی کە بایەخ بە لێپێچینەوە بدەن، یاخود ئەگەر هەوڵبدەن بە جددی لێپێچینەوە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکەن، ئەوا کورسییەکانیان بە ماوەیەکی زۆر پێش لێپێچینەوە لەدەست دەدەن، هاوکات خودی پەرلەمانەکان ئەو تواناو داهاتە دامەزراوەییانەیان نییە کە زۆر پێویستن. لە بنەڕەتدا پەرلەمانەکان بۆ ئەوەی کارا بن، پێویستە توانایان هەبێت ڕووبەڕووی دەسەڵاتی جێبەجێکردن ببنەوەو و لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکەن، هەروەها ئەدای پەرلەمانی بەپێی ڕوانگەی ڕژێمە سیاسییەکان دەبێت، لەوانەش دەستورو ڕێساکانی هەڵبژاردن و سرووشتی حزبە سیاسییەکان، ئەم ڕوانگانە زۆرجار نابنە هاریکار بۆ بنیادنانی پەرلەمانی بەهێز، لە زۆر دەوڵەتدا دەکرێ پەرلەمانەکان لەبەردەم دەسەڵاتی جێبەجێکردن خۆیان بە پەراوێزخراو ببیننەوە، تەنانەت ژینگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریش، لەوانەش پێشبینییەکانی هاووڵاتیان کە هاندەر نابن بۆ ئەوەی پەرلەمانی کارا بێتە ئاراوە.

لەبەردەم ئەو ئەشکالییەتەدا، زۆر ڕێکخراو هەن کە بەشداری لە بەهێزکردنی پەرلەمانەکاندا دەکەن، لەوانەش لایەنی دوولایەنەی کۆمەکبەخشی وەك ئاژانسی ئەمریکا بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی، ئاژانسی کەنەدا بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی، سیدا، وەزارەتی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی، تا دەگاتە ڕێکخراوە هەمە لایەنەکان، لەوانە بەرنامەی گەشەسەندنی نەتەوە یەکگرتووەکان و بانکی نێودەوڵەتی، تۆڕە پەرلەمانییەکان، دامەزراوەکانی حزبە سیاسییەکانی وەك پەیمانگەی دیموکراسی و گرووپی هەمەجۆری توێژینەوەو بنیادنانی توانای ڕێکخراوەکان، ناوەندەکانی فیکر، بەڵام ئەو هەوڵانەی دراون بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەریی چالاکییەکانی




بەهێزکردنی پەرلەمانەکان تا رادەیەك سنووردار بوون، ئەمەش ئەشکالییەت بۆ ئەرکی دەستنیشانکردن و هەڵسەنگاندنی ئەم چالاکییانە دروست دەکات.

**● ئەشکالییەتی پەرلەمانی عێراق دەربارەی توانای درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو**

دوای راگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کە لە ١٢ی ئایاری ٢٠١٨ بەرێوەچوو، هەوڵی زۆر هاتنەئاراوە بۆ تانەلێدان لە ئەنجامەکان بە پاساوی کاری ساختەکاری لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق و داوای جیاکردنەوەی دەنگەکانیان بە دەست دەکرد، ئەم تانانە پێشکەش بە دادگای باڵای فیدراڵی کران، بۆ ئەوەی بڕیاریان لێبدات، کە لە ٢١ی حوزەیران بڕیارێکی دەرکرد بەوەی کە رازییە بە دەست جیابکرێنەوە. لەم ماوەیەدا خەریکە ماوەی یاسایی پەرلەمان کۆتایی دێت (لە ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٨)، بۆیە چەندین ئاراستە لەنێو پەرلەمان پەیدابوون، بەوەی کە پێویستە ماوەی یاسایی پەرلەمان بۆ ماوەیەکی گونجاو درێژ بکرێتەوە، تاکو رەزامەندیی کۆتایی لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەدرێت.

لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق پێشنیارێکی پێشکەش کرد دەربارەی هەموارکردنەوەی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنەکان، کە بەم پێیە کاری پەرلەمان بەردەوام دەبێت تاکو رەزامەندیی دەدرێت لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن کە لە ١٢ی ئایاری ٢٠١٨ بەرێوەچوو، ئەم پێشنیارە پشتی بە هۆکارێك بەستبوو، ئەویش دەرچوونی بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی بوو لە ٢١ی حوزەیرانی ٢٠١٨ کە پەرلەمان ناچار دەکات رێکاری پێویست بگرێتەبەر بۆ جێبەجێکردنی هەندێ برگەی بڕیارەکە کە پێویست دەکات پەرلەمان لە کارەکانی بەردەوام بێت.

سەرۆکایەتیی پەرلەمانی عێراق هەوڵیدا دانیشتنێك رێکبخات بۆ دەنگدان لەسەر پێشنیارەکە، دوای کۆتایی خوێندنەوەی ئوسوڵی لە کۆبوونەوەکانیدا، ئەویش رۆژی پێنجشەممە ٢٨ی حوزەیران، بەڵام رێکنەکەوت، هەرچەندە هەوڵی زۆر هەبوو بۆ ئەنجامدانی دانیشتنەکە بەر لە کۆتایی تەمەنی پەرلەمان لە ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٨دا.

ئەم رەوشە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە ناکۆکییەکی زۆر هەیە لە راو بۆچوون دەربارەی دەستووریەت و یاسایی پێشنیارەکە، بۆیە زۆرینەی کوتلە سیاسییەکانی پەرلەمان ئامادەی کۆبوونەوەکەی پێنج شەممە نەبوون. بە بۆچوونی زۆر کەس درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان سەرپێچیی دەستوورە بەپێی ماددەی ١/٥٦. بۆیە پرسیارێك دێتەئاراوە دەربارەی هەڵوێستی فیقهیی دەستوور لە پرسی درێژکردنەوەکە دوای کۆتاییهاتنی کاری پەرلەمان و تا چەند ئەم درێژکردنەوەی شەرعییەتی هەیە؟ ئایا پەرلەمانی هەڵبژێردراو لەلایەن گەلەوە بۆ ماوەی چوار ساڵ دەسەڵاتی هەیە بێ رای گەل ولایەتەکەی درێژ بکاتەوە؟

**• هەڵوێستی فیقهیی دەستووری لە پرسی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان دوای کۆتایی ماوەی کار و شەرعییەتەکەی**

سەرەتا، ماوەی یاسایی دیاریکراوی پەرلەمان و فیکرەی دیموکراسیی هاوتەریبن، چونکە دیموکراسی رێگەدەدات بە گواستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن خاوەنی سەروەری (گەل) لە رێی هەڵبژاردنەوەو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە بدرێت بە نوێنەرانی گەل کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە دەسەڵاتدا دەمێننەوە، نابێت لە دەسەڵات بمێننەوە، مەگەر سەرلەنوێ هەڵبژێردرێنەوە، ئەمەش بە واتای ئەوەی کە نوێنەرانی گەل لە چوارچێوەی سیستەمی دیموکراسی، ماف و دەسەڵاتی ئەوەیان نییە بڕیار دەربکەن پەیوەست بە درێژکردنەوەی ئەو رێگەپێدان و بێ ئیرادەی گەل. بەڵام هەندێ کات مەسەلەی درێژکردنەوەی ماوەی یاسایی پەرلەمان دەسەپێنێت، لەم کاتانە لەسەر دوو ئاستدا دەردەکەون:

* ئاستی حاڵەتی ئیستیسنایی
* ئاستی حاڵەتی ئاسایی

**• درێژکردنەوەی ماوەی یاسایی لە حاڵەتەکانی ئیستیسنایی و شەرعییەتەکەی**

ئەم حاڵەتانە لە بارودۆخی پێویست روودەدەن کە بریتین لە ماوەیەکی کاتی پڕ لە رووداوی گرنگ کە کاریگەریی دەکەنە سەر بەڕێوەچوونی کارەکانی دەوڵەت و دامەزراوە دەستوورییەکان و بەتایبەتیش پەرلەمان، دواتر ئەو بارودۆخانە خۆیان بەسەر پەرلەماندا فەرزدەکەن: یان دواخستنی هەڵبژاردنەکان، یان هەوڵدان بۆ درێژکردنەوەی ماوەی یاسایی پەرلەمان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ دەربازبوون لە قەیرانیکی ئایندە دژی دەوڵەت کە بریتییە لە قەیرانی بۆشایی دەستووری.

لەو دەستوورانەی کە رێگە دەدەن درێژکردنەوەی مەرجدار بۆ ماوەی یاسایی پەرلەمان بکرێت: دەستووری ساڵی ١٩٤٧ی ئیتاڵیایە، کە ماددەی ٦٠ی دەستووەرکە دەڵێت: ((ماوەی هەڵبژاردنی هەردوو ئەنجومەنی نوێنەران و پیران لە کۆماری ئیتاڵیا پێنج ساڵە، نابێت ولایەتی هەر ئەنجومەنێك درێژبکرێتەوە، مەگەر بە پێی یاسا بێت، ئەمەش تەنیا لە حاڵەتی شەڕدا))، بەڵام ماددەی ٦١ی هەمان دەستوور بە دەق دەڵێت بەرمەرجێکی دیکە دەسەڵاتی هەردوو ئەنجومەن درێژدەکرێتەوە و بەم شێوەیە:

((هەڵبژاردنی تازەی پەرلەمان لە ماوەی حەفتا رۆژی دوای کۆتایی ماوەی هەردوو ئەنجومەنی پێشووی پەرلەمان ئەنجام دەدرێت، یەکەم دانیشتن لە کاتێکدا دەبێت کە لە٢٠ رۆژی دوای هەڵبژاردن تێپەڕنەکات، دەسەڵاتەکانی هەردوو ئەنجومەنی پێشوو درێژدەکرێنەوە تا کۆبوونەوەی هەردوو ئەنجومەنی تازە)).

دەستووری هەموارکراوی ئوستralیا کە لە ساڵی ١٩٠٠دەرچووە و تائێستاش کاری پێدەکرێت: ماددەی ٢٨ی ئەم دەستوورە دەڵێت:

((هەموو پەرلەمانێك بۆ ماوەی سێ ساڵ لەدوای یەکەم دانیشتنیەوە بەردەوام دەبێت، لەوە زیاتر بەردەوام نابێت)). دەستووری ساڵی ١٩٩٦ی باشووری ئەفریقیا: بڕگەی ٤ لە ماددەی ٢٨ی ئەم دەستوورە ماف دەدات بە کۆمەڵەی نیشتمانی (پەرلەمان) کە کارەکانی خۆی بکات (چ لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی یان لە کاتی کۆتاییهاتنی ولایەتەکەی) تا رۆژی پێشووی یەکەم رۆژی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوو)).

دەستووری ساڵی ١٩٧٦ی یۆنان: بڕگەی ٣ لە ماددەی ٥٣ی ئەم دەستوورە رێگەی داوە بە درێژکردنەوەی پەرلەمان لە حاڵەتی شەڕدا:

((٣- لە حاڵەتی شەڕدا، ولایەتی پەرلەمان بە درێژایی شەڕ درێژدەکرێتەوە، لە حاڵەتی هەڵنەوەشاندنەوەی پەرلەمانیش هەڵبژاردن دوادەخرێت تا شەڕ کۆتایی دێت، پەرلەمانی هەڵوەشاوەش بە حوکمی یاسای پەرلەمان دەگەڕێندرێتەوە تا ئەمە روودەدات)).

دەستووری هەموارکراوی ساڵی ١٩٢٠ی نەمسا کە تائێستا کاری پێدەکرێت، ماددەی ٢٩ ی دەستوور دەڵێت: ((لە حاڵەتی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی، ویلایەتی یاسایی پەرلەمان درێژدەکرێتەوە، تاکو ئەنجامدانی یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی تازە)).

دەستووری ساڵی ١٩٩٢ی کوێت: ماددەی ٨٣ دەڵێت: (( نابێت وەرزی یاسایی درێژبکرێتەوە، تەنیا لەبەر پێویستیی حاڵەتی شەڕ نەبێت، ئەمەش بە یاسا دەبێت)).

هەندێ حاڵەت هەن پەیوەستن بە کارەساتی سرووشتییەوە کە پێویست دەکات ویلایەتی پەرلەمان درێژبکرێتەوە: دەستووری ساڵی ١٩٨٧ی هایتی و هەموارکراو لە ٢٠١١ باس لە درێژکردنەوە ناکات، بەڵام بەهۆی بوومەلەرزەی توند کە لە ٢٠١٠/١/١٢ لەو وڵاتە روویدا و چارەکە ملیۆن مرۆڤ بوونە قوربانی و خانووبەرەیەکی زۆری کاول و خاپوور کرد، لەوانەش بارەگای سەرۆکایەتیی کۆمار و بارەگای پەرلەمان، هەروەها بارەگای دەستەی راسپێردراو بە رێکخستنی هەڵبژاردنەکان لە ٢٠١٠/٢/٢٨ کە وایکرد دەستەکە نەتوانێت کارەکانی تەواو بکات، بۆیە بڕیار درا ماوەی ولایەتی پەرلەمان بۆ کاتێکی نادیار درێژبکرێتەوە.

دەستووری هەموارکراوی ساڵی ١٩٥٢ی ئوردن: ماددەی ٦٨ی ئەم دەستوورە مافی بە شا داوە

**کاتێ باسی حاڵەتی عێراق و سووربوونی پەرلەمان دەکەین لەسەر درێژکردنەوەی تەمەنی یاسایی، چەند گومانێک دەربارەی لادانی دەسەڵاتی یاسادانان دێتەئاراوە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیی دیاریکراو(بەتایبەتیش بەرژەوەندیی دۆڕاوەکانی هەڵبژاردن) یان بەرژەوەندیی کوتلەیەکی دیاریکراوی سیاسی و لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی گشتی و هاوبەشی هاووڵاتیان**

**لە فیقهی دەستووریدا، حاڵەتە ئاساییەکان هیچ پاساوێک نادات بەدەستەوە بۆ درێژکردنەوەی ولایەتی پەرلەمان، بۆیە ئەم حاڵەت ناونرا بە((لادان لە دەسەڵاتی یاسادانان))**

بەلایەنی کەم و زۆرتریش بۆ دووساڵ ولایەتی پەرلەمان درێژبکاتەوە: (( ماوەی ئەنجومەنی نوێنەران چوار ساڵە لە رۆژی راگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی گشتی لە رۆژنامەی فەرمی دەست پێدەکات و شا بۆی هەیە بە ئیرادەیەکی شایانە بۆ ماوەی ساڵێك و لە دوو ساڵ زیاتر نەبێت، ماوەی ئەنجومەنەکان درێژبکاتەوە)).

لە نموونە باوەکانی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان ئەوەی کە لە لوبنان روویدا لە ساڵی ١٩٧٦ تا ١٩٨٩ لە درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بۆ چەند جارێك ئەویش بە هۆی شەڕی ناوخۆ کە لە ١٩٧٥ دەستی پێکردو لە سەرەتای ١٩٩٠ کۆتایی هات.

دەستووری ساڵی ١٩٤٩ی هەموارکراوی هیندستان: ماددەی ٨٣ی ئەم دەستوورە رێگەی بە درێژکردنەوە داوە بەم شێوەیە:

((٢- ئەنجومەنی گەل – ئەگەر پێشتر هەڵنەوەشابێتەوە- بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەردەوام دەبێت و قابیلی زیادکردن نییە لە مێژووی دیاریکراوی یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەن، کۆتایی ئەو ماوەیەش وەك هەڵوەشاندنەوەی وایە. لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ماوەی جێبەجێکردنی راگەیاندنی حاڵەتی نائاسایی درێژکرابێتەوە بۆ پێنج ساڵ بە یاسای پەرلەمان بۆ ماوەیەکی دیکە کە لە ساڵێك تێپەڕنەکات لە هەر جارێکدا درێژیش نابێتەوە بە هەر حاڵێك لە شەش مانگ دوای کۆتاییهاتنی جێبەجێکردنی)).

## ● درێژکردنەوەی ماوەی یاسایی پەرلەمان لە حاڵەتە ئاساییەکان و چۆنێتیی شەرعییەتپێدانی

لە فیقهی دەستووریدا، حاڵەتە ئاساییەکان هیچ پاساوێك نادات بەدەستەوە بۆ درێژکردنەوەی ولایەتی پەرلەمان، بۆیە ئەم حاڵەت ناونرا بە((لادان لە دەسەڵاتی یاسادانان)) و لەبەر هۆی لۆژیکی کە ئەمەیە: دەسەڵاتی پەرلەمان پێویستە ئەرکی یاسادانان ئەنجام بدات لەپێناو بەرژەوەندیی گشتی و سوودی گشتیی هاوبەشدا، بەڵام کاتێ ئەم دەسەڵاتە لەم ئامانجە لادەدات، حاڵەتێك وەردەگرێت پێی دەگوترێت (خەوشی لادان لە دەسەڵاتی یاسادانان)).

لە مێژووی دەستووری ئەڵمانیدا پرۆفیسۆر (ئیلمر بلیشکە) ئاماژە بەو حاڵەتە دەکات و عەیبەکەی روون دەکاتەوە لە یاسای درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردن لە ویلایەتەکانی باشووری ئەڵمانیا بە پاساوی دەرنەچوونی دەستوور لەو ویلایەتانەدا. ئەم یاسایە پرۆفیسۆر بلیشکە وەسفی کردووە بە (یاسای بررووسك)، چونکە لە ماوەیەکی پێوانەییدا کە چەند خولەکێك تێپەڕناکات، بڕیاریان لێدراوە، ئەم یاسایە کە تایبەتە بە درێژکردنەوە تا ماوەیەکی دیاریکراو زۆرینەی ئەو ئاراستەیەیە کە پشتگیری دەکات لە تێکەڵکردنی ویلایەتەکانی باشووری ئەڵمانیا لە یەك ویلایەتدا بە ناوی (ویلایەتەکانی باشوور). رەخنە لەو یاسایە گیراو لەبەردەم دادگای باڵای دەستووریی ئەڵمانیا تانەی لێدرا کە بڕیارێکی مێژوویی گرنگی دەرکرد، ئەویش پووچەڵکردنەوەی یاساکە بوو، بە هۆی ئەوەی گەلی لە مافی دەربڕینی را بێبەش کرد، دواتر مافی بۆ گەل گەڕاندەوە، دادگاکە لەو بڕیارەیدا ولەکاتی دەرکردنی یاساکە پشتی بەست بە پرەنسیپەکانی دادپەروەری و بێلایەنی و نەبوونی هەلومەرجێکی نائاسایی.

## ● حاڵەتی عێراق: گومان دەربارەی مەبەست لە درێژکردنەوەی پەرلەمان

کاتێ باسی حاڵەتی عێراق و سووربوونی پەرلەمان دەکەین لەسەر درێژکردنەوەی تەمەنی یاسایی، چەند گومانێك دەربارەی لادانی دەسەڵاتی یاسادانان دێتەئاراوە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیی دیاریکراو(بەتایبەتیش بەرژەوەندیی دۆڕاوەکانی هەڵبژاردن) یان بەرژەوەندیی کوتلەیەکی دیاریکراوی سیاسی و لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی گشتی و هاوبەشی هاووڵاتیان، نەخاسمە ئەگەر بهێنینەوە یادتان قسە بەناوبانگەکەی (ئەرستۆ تاڵیس کە لە ٣٢٢پ.ز کۆچی دوایی کردووە) کە دەڵێت: ئامانجی سیاسەت ئەوەیە کە سوودی گشتیی هاوبەش بەدی بهێنێت، کە خۆی لە خۆشگوزەرانیی ناوخۆ و پاراستنی کۆمەڵگە لە دەستدرێژییە دەرکییەکان دەبینێتەوە). پەرلەمان لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیدا پێویستە پابەند بێت بە دەستوور و دەق و پرەنسیپەکانی کە بەهای دەستوورییان هەیە و تەئکیدیش بکاتەوە لەسەر ئەوەی کە دیموکراسی پێویست دەکات گەل لە ژیانی گشتیدا بەشدار بێت.

## ● سەرئەنجام

درێژکردنەوەی ماوەی یاسایی پەرلەمان پێویستە مەرجدار بێت بەو مەرجانە:

١- بوونی حاڵەتی پێویست بۆ درێژکردنەوە.

٢- ئەم حاڵەتە پێویستە دەستوور بە دەق بیلێت.

٣- مەرجەکانی درێژکردنەوە پێویستە لەگەڵ دەقەکانی دەستووردا بگونجێت.

٤- دەبێ ئامانج لە درێژکردنەوە بەرژەوەندیی گشتی بێت، نەك بەرژەوەندیی تایبەتی.

ئەم مەرجانە بوونیان نییە لە هەوڵەکانی پەرلەمانی عێراق بۆ درێژکردنەوەی ولایەتی یاسایی بۆ ماوەیەکی درێژ تا ئەو کاتەی بڕیار دەدرێت لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن کە بە دەست دەردی ساختەکارییەوە دەناڵێنێت.

**نوێنەرانی گەل لە چوارچێوەی سیستەمی دیموکراسی، ماف و دەسەڵاتی ئەوەیان نییە بڕیار دەربکەن پەیوەست بە درێژکردنەوەی ئەو رێگەپێدان و بێ ئیرادەی گەل. بەڵام هەندێ کات مەسەلەی درێژکردنەوەی ماوەی یاسایی پەرلەمان دەسەپێنێت**

**زۆر جار پەرلەمانتاران زانیاری و کارامەیی پێویستیان لەباردا نییە، تاکو کاری خۆیان بە تەواوی ئەنجام بدەن، زۆربەی بایەخیان بە پۆستەکانیان و پارێزگاریکردنە لە کورسییەکانیان، زیاتر لەوەی کە بایەخ بە لێپێچینەوە بدەن**



## عیرفان کەرکووکی

سەرۆکی پارتی گەلی تورکمانی بۆ گوڵان:

# لەئێستادا کەرکووک داگیرکراوە و دۆخی ئەمنی و کۆمەڵایەتیی شارەکە بەرەو خراپتر دەڕوات و خزمەتگوزارییش نییە

**لە دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر دۆخی کەرکووک ئارامی بەخۆیەوە نەبینیوەو ئەو شارە کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتێکی داگیرکەری عەسکەرتاریەتەوە، تەنانەت ئەو بۆشاییە ئەمنییەی کە پەیدابووە، وایکردووە کارە تیرۆریستیەکانی داعش روو لە زیادبوون بکات، بۆ قسەکردن لەسەر پرسی کەرکووک و چۆنیەتی ئاساییبوونەوەی دۆخەکە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی عیرفان کەرکووکی سەرۆکی پارتی گەلی تورکمانی و ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک کرد، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** بارودۆخی ئەمنیی کەرکووک تا دێت روو لەخراپتر دەکات، ئایا ئەمە دەرهاویشتە خراپەکانی دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەرە کە وایکردووە ئەم دۆخە ئاسایی نەبێتەوە و مەترسی کەوتنەوەی نائارامیی زیاتری لێبکرێت؟**

- ئاشکرایە کە لە رۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە تاوەکو ئێستا دۆخی ئەمنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئیداری لە کەرکووک زۆر خراپە، خەڵکێکی زۆر ئاوارە بووە لە شاری کەرکووک، ئێستاش ترس و دڵەراوکێ باڵی بەسەر خەڵکدا کێشاوە. ئێمەش وەکو پارتی گەلی تورکمان بارەگاکانمان و تەنانەت ماڵ و حاڵمان تاڵان کراون و تا ئێستاش لەلایەن حەشدی شەعبییەوە داگیرکراون و تا ئەم ساتەوەختەش بزووتنەوەی «ئەل نوجەبا» و «عصائب اهل الحق» و «حزبوڵا» لە ناو بارەگا و خانووەکانی ئێمەدان. هەروەها بارەگای حزبە کوردستانییەکانیش داگیرکراوە. کەواتە شاری کەرکووک لە کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە تاوەکو ئێستا داگیرکراوە، ئێستاش خەڵکەکە نیگەرانە و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە ناو کەرکووک جموجووڵیان هەیە. هەروەها من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، کە هەندێ کەسی نێو بەرەی تورکمانیش لە کەرکووک دەیەوێت بارودۆخەکە بۆ خۆی بقۆزێتەوە، بۆ ئەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی نێو نەتەوەکانی شارەکە بەرەو خراپی بڕوات، ئەمەش خزمەت بە شاری کەرکووک، وەك شاری برایەتی و پێکەوەژیان، ناکات.

*** ئەی چۆن لە جموجووڵەکانی ئەم دواییەی داعش دەڕوانن لە دەوروبەری شاری کەرکووک؟ ئایا سەرهەڵدانەوەی داعش و ئەو کارە تیرۆریستییانەی لێرەو لەوێ ئەنجامی دەدەن، ئەوەندە مەترسی هەیە کە ببێتە هۆکاری نیگەرانییەکی زۆری جەماوەری و بگرە دووبارە ئاواربوونی خەڵکی زۆر لە گوندەکانی پارێزگاکە؟**

- لە راستیدا سەرەڕای ئەو بارودۆخە خراپەی پێشتر ئاماژەم پێکرد، ئەوا لەم چەند هەفتەیەدا داعش لە گوندەکانی کەرکووک لە دەوروبەری سەرایی و حەفت تەغار جموجووڵی هەبووە و ئەوەتا کاکەییەکان ناچارن ناوچەکانیان جێبهێڵن، چونکە داعش دەستی کردووە بە رفاندنی خەڵکی گوندەکان و تەنانەت کوشتنیان، ئەمەش نیگەرانی لای خەڵکەکە دروست کردووە. دواتر من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە دوای ئەوەی پۆلیسی فیدراڵی لە دەوروبەری داقوق کشانەوە و بۆشاییەکی ئەمنی گەورەیان لەو ناوچانە دروست کرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی خەڵکانی ئەو گوند و ناوچانە لە ترسی هەڕەشەی داعش شوێنەکانیان جێبهێڵن. تەنانەت ئێستاش خەڵکی کەرکووک بە کورد و عەرەب و تورکمانەوە هەستی ترس و نیگەرانی و دڵەڕاوکێیان لێ نیشتووە، چونکە

**ئێستا تەعریب لە کەرکووک بەردەوامە و پارێزگاری بە وەکالەتی ئەم شارەش سەدان خێزانی لە خواروی عێراقەوە هێناوە و لە شارەکەدا نیشتەجێی کردوون و فۆرمی خۆراکی بۆ گواستونەتەوە بۆ کەرکووک**

دەڵێن داعش لەو ناوانە دەستی داوەتە کوشتن و هەڕەشەکردن و رفاندنی خەڵك، واتە خەڵك لە ناو کەرکووکیشدا لە مەترسی گەورەدا دەژی. هەروەها حکومەتی ئیتحادییش نەیتوانیوە لە دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر تاوەکو ئێستا ئەو بۆشاییە ئەمنییە پڕبکاتەوە. ئەمە لە کاتێکدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤وە و پێشتریش بە تۆکمەیی ئاسایشی ئەو ناوچانەی دەپاراست، بە ئاسایشی تێکڕای پێکهاتەکانەوە و خەڵکی هەستی بە ئەمان دەکرد و کاروباری ئیداری بە باشی بەڕێوە دەچوو، پارێزگا کاروبارەکانی خۆی ڕایی دەکرد و هەماهەنگیەکی باش هەبووە. بەڵام لە ئێستادا هەروەك ئاماژەم پێکرد، شاری کەرکووك داگیرکراوە و خەڵکەکە نیگەران و نارەحەتن و دۆخی ئەمنی و کۆمەڵایەتی بەرەو خراپتر دەڕوات و خزمەتگوزاری و کارەباش نییە.

*** بەڵام لەئێستادا کە باسی دۆخی نائارامیی کەرکووك دەکەیت، کەسانێك هەیە ئێوە تۆمەتبار دەکات بەوەی شارەکەتان بەجێهێشتووەو گوایە شاری کەرکووك ئارامەو پێویستە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك کە خۆیشت ئەندامی لەو ئەنجومەنەدا بگەڕێنەوە ناو شارەکە، ئایا ئومێد هەیە بەم نزیکانە ئەنجومەنەکە و ئاوارەکان و ئێوەش بۆ کەرکووك بگەڕێنەوە؟**

- منیش گوێبستی ئەم قسانە بووم کە گوایە شار ئارامە و پێویستە ئەنجومەنەکە بگەڕێتەوەو کۆبووەکانی خۆیان ئەنجام بدەن؛ من وەکو سەرۆکی پارتی گەلی تورکمانی و ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك لە دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە کەرکووکمان جێهێشتووە، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی ئەمنییەت لەم شارەدا نەماوە. واتە ئەگەر نەتوانرێت پارێزگاریت لێبکرێت، وەك ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای شارەکە و وەك هاوولاتیەکیش، ئەوا چۆن دەتوانیت بگەڕێیتەوە و کاروبارەی ئیداری راپەڕێنێت و بچیتەوە و دەوام بکەیت لە بارەگای ئەنجومەنی پارێزگادا؟

*** باشە چارەسەر چییە و دەبێت چی بکرێت؟**

- لە راستیدا دەبێت شەرعییەت بگەڕێتەوە بۆ کەرکووك و بارودۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە و ئەو کاتەش ئێمە دەتوانین بڵێین بەڵێ ئاسایشی ئێمە پارێزراوە، هەرچەندە ئەوە داواکاری ئێمەیە، ئەگەر حکومەتی ئیتیحادییش دەڵێت ئاسایشی ئێوە دەپارێزم، ئەوا دەبێت سەرەتا هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات بۆ گەڕاندنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

*** ئەی هیچ هەوڵێك لەم رووەوە هەیە؟**

- ئێستا هاوپەیمانان لەسەر هێڵن بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئاسایشی کوردستان بگەڕێنەوە نێو شاری کەرکووك. ئێمەش وەك پارتی گەلی تورکمان و جەماوەرەکەمان داواکاری گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەین، ئەویش بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی و هاوپەیمانەکان بۆ ئەوەی بتوانرێت ئاسایشی کەرکووك بپارێزرێت بە سەرجەم پێکهاتەکانیەوە. هەر لەم روانگەیەشەوە پرۆگرام و تێڕوانینی ئێمە لە حزبی گەلی تورکمانی ئەوەیە پشتیوانی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین و باوەڕمان وایە پاراستنی ئاسایشی شاری کەرکووك بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەپارێزرێت، چونکە سەلماندی کە داکۆکیکار و بەرگریکاری گیان و مافی هەموو نەتەوەکانە، لەبەر ئەوە ئێمە ئەمە بە بەرنامەی خۆمانی دەزانین و پشتگیریش لەم هەنگاوە دەکەین، چونکە ئێمە دەزانین ژیانی نەتەوەکەمان لە سایەی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا دەپارێزرێت. تەنانەت ئەگەر هێزی پێشمەرگە نەبوایە، ئەوا شاری کەرکووکیش هەمان چارەنووسی شاری موسڵی دەبوو، بەڵام پێشمەرگەی ئەو شارەی بە سەرجەم پێکهاتەکانەوە پاراست و خەڵکیش تا رۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە خۆشگوزەرانی و ئارامیدا دەژیا. ئێستاش دۆخێك دروست بووە هەندێ لایەن دەیانەوێت بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئاراستەی بکەن، ئەمە لە کاتێکدا کەرکووك پێویستی بە تەوافوق و بە پێکەوەژیان و شەراکەت هەیە. لەم روانگەیەوە ئێمە پێمان وایە دەبێت گۆڕانکاریی سیاسی لە کەرکووکدا بکرێت، چونکە ئێستا تاکلایەنە ئەو شارە حوکمڕانی دەکرێت و هەندێ لایەنە شۆڤێنی کار بۆ ئەوە دەکەن ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك نەگەڕێتەوە و تەنانەت ئێستا تەعریب لە کەرکووك بەردەوامە

**ئەگەر هێزی پێشمەرگە نەبوایە، ئەوا شاری کەرکووکیش هەمان چارەنووسی شاری موسڵی دەبوو، بەڵام پێشمەرگەی ئەو شارەی بە سەرجەم پێکهاتەکانەوە پاراست و خەڵکیش تا رۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە خۆشگوزەرانی و ئارامیدا دەژیا**

**ئێستا هاوپەیمانان لەسەر هێڵن بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئاسایشی کوردستان بگەڕێنەوە نێو شاری کەرکووك. ئێمەش وەك پارتی گەلی تورکمان و جەماوەرەکەمان داواکاری گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەین**

و پارێزگاری بە وەکالەتی ئەم شارەش سەدان خێزانی لە خواروی عێراقەوە هێناوە و لە شارەکەدا نیشتەجێی کردوون و فۆرمی خۆراکی بۆ گواستۆتەوە بۆ کەرکوك، کە بە راستی ئەمە تەعریبە. دواتر ئێمە پرسیار دەکەین بۆچی بەرەی تورکمانی بێدەنگە لە ئاست ئەم تەعریبەی دەکرێت؟ بە تایبەتی کە ئێستا ٢٠ هەزار دۆنم لە ناوچە گوندنشینە تورکمانییەکان بەر تەعریب کەوتن لە ماوەی حوکمڕانی دیکتاتۆریەتی بەعسدا و لە خاوەنەکانیان زەوت کرا کە تورکمان بوون و تا ئێستاش ئەو تورکمانانە نەگەڕاونەتەوە، ئەی بۆ ئەو کاتەی دەسەڵاتی ئیداری کوردی لە کەرکوك بوو، گلەیی دەکرد و خۆپیشاندانی دەکرد، ئەی ئێستا کە کوشتن و رفاندن هەیە لە کەرکوك و دەسەڵاتی ئیداری تاکلایەنانە تەعریب دەکات، بۆچی بەرەی تورکمانی بێدەنگە؟ بە راستی ئەم بێدەنگبوونەش نیشانەی پرسیاری لەسەرە.

*** دووبارە حیسابکردنەوەی دەنگەکانی هەڵبژاردنەکانی عێراق بەشێوەی دەستی تاچەند پرۆسەی سیاسی دوادەخات، بەتایبەتی دوای تەواوبوونی تەمەنی پەرلەمانی عێراق؟ ئایا ئەم دواخستنە تاچەند کاریگەریی لەسەر چارەسەریی دۆخی کەرکوك دەبێت؟**

- ئاشکرایە کە دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق دۆخێکی وا هاتە پێشەوە کە حزب و لایەنە سیاسییەکان کە بەشدار بوون لە پرۆسەی هەڵبژاردن گلەیی و نارەزایەتی ئەوەیان هەبوو کە لە هەندێ وێستگە و لە هەندێ شوێن گرفت و حاڵەتی ساختەکاری هەبووە، ئەوەش روونە کە لە هەموو جیهان لە دوای هەڵبژاردنەکان ئەم حاڵەتانە دروست دەبن. ئەوە بوو دادگای فیدراڵی بریاری دا لەو وێستگانەی دەنگدان کە سکاڵا و تانەی لەسەرە دەنگەکان بە دەست هەژمار بکرێنەوە. ئا لێرەدا هەندێك لایەن دەیانەوێت دۆخەکە بقۆزنەوە، بەتایبەتی ئەوانەی دەنگێکی زۆریان بەدەست نەهێناوە و رێژەیەکی خراپیان بەدەست هێناوە، ئەم لایەنە سیاسییانە دەیانەوێت موزایەدەی سیاسی بکەن و پەرلەمان بۆ چەند مانگێك بۆ خۆیان درێژ بکەنەوە، ئەمە لایەنە دۆڕاوەکانن و دەیانەوێت بارودۆخەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بقۆزنەوە. ئەمەش خزمەت بە هیچ شتێك ناکات. بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەداین شتەکان بە رەوتی یاسایی خۆیاندا بڕۆن و هاوسەنگییەکی راستەقینە دروست بێت. بەڵام بەداخەوە ئەوەی هەندێ کەس لەناو بەرەی تورکمانی دەیکەن، بەتایبەتی حەسەن تۆران و ئەرشەد ساڵحی خزمەت بە گەلی تورکمان ناکات. چونکە وا دیارە ئەوان دەیانەوێت بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ هەندێ لایەنی بەغدا رەوتی مەسەلەکان بە لایەکی دیکەدا ببەن، کە ئەمەش خزمەت بە پێکەوەژیان و ئاسایشی شارەکە ناکات. بۆ نموونە ئەو دوو کەسە لێدوانیان داوە و دەڵێن لەگەڵ ئەوە نین پێشمەرگە بگەڕێتەوە بۆ کەرکوك، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە لە کاتێدا لە چەند ساڵی رابردودا و لە سایەی دەسەڵاتی پێشمەرگەدا ئاسایشی ئەو کەسانە پارێزراو بوو، بۆچی ئێستا خۆیان لەم واقیعە بە دوور دەگرن. بۆیە من دەڵێم بەداخەوە ئەم کەسانە حەز بە برایەتی و پێکەوەژیان ناکەن و دەبێت بە خۆیاندا بچنەوە.

*** باشە پێتوانییە چارەسەرکردنی دۆخی کەرکوك پێویستی بە بەشداری لایەنی سێیەم هەیە، وەك نەتەوە یەکگرتووەکان؟**

ئێمە وەك پارتی گەلی تورکمانی و منیش وەك سەرۆکی ئەو پارتە و ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك چاوپێکەوتنمان هەبووە لەگەڵ هاوپەیمانەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان و یونامی و سەرجەم لایەنە نێودەوڵەتییەکان و داوامان کردووە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بگەڕێتەوە، چونکە ئێمە ئەزموونێکی باشمان هەیە لەگەڵ ئەم هێزەدا کە هێزێکی خۆبەخش و فیداکار و قارەمانە. کەواتە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە هەماهەنگی بکرێت لەم رووەوە بۆ ئەوەی ئاسایش و شەرعییەت بگەڕێتەوە بۆ شارەکە. ئەو کاتەش لایەنە سیاسییەکان بوونیان دەبێت لە کەرکوك و کاروباری سیاسیی خۆیان ئەنجام دەدەن و ئێمەش وەك ئەنجومەنی پارێزگا دەتوانین کاروباری خۆمان رایی بکەین بە ئازادانە و بە شێوازێکی دیموکراتییانە، بەڵام ئێستا کە حاکمێکی عەسکەری دانراوە و شارەکە داگیرکراوە، چۆن دەتوانین کاروباری سیاسیی خۆمان ئەنجام بدەین؟

**دوای ئەوەی پۆلیسی فیدراڵی لە دەوروبەری داقوق کشانەوە و بۆشاییەکی ئەمنی گەورەیان لەو ناوچانە دروست کرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی خەڵکانی ئەو گوند و ناوچانە لە ترسی هەرەشەی داعش شوێنەکانیان جێبهێڵن**

**ئێمەش بارەگاکانمان و تەنانەت ماڵ و حاڵمان تاڵان کراون و تا ئێستاش لەلایەن حەشدی شەعبییەوە داگیرکراون و تا ئەم ساتەوەختەش بزووتنەوەی «ئەل نوجەبا» و «عصائب اهل الحق» و «حزبولا» لە ناو بارەگا و خانووەکانی ئێمەدان**



پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا

# «لاڵ»بوونی عێراقییەکان لەناو دیکۆمێنتی مێژوویەکی دروستکراودا

**گێڕانەوەی ئەو دیکۆمێنتانەی بوونەتە مێژوو بۆ دروستکەرانی دەوڵەتی عێراق و لکاندنی کوردستان بەو دەوڵەتەوە**




«مێژوو لە بەرگە نەریتییەکەیدا هەوڵ بۆ ئەوە دەدات کە ستاتیۆی رابردوو، شوێنەوار و یادەوەرییەکان بگۆڕێت بۆ دیکۆمێنت لەناو ئەو دیکۆمێنتانەدا ستاتیۆی رابردوو پاشماوەکانی بێنێتە قسە، ئەمە لە کاتێکدا ئەو ستاتیۆ و پاشماوانە خۆیان لە خودی خۆیاندا لاڵن، یان راشکاوانەتر ئەوانە لە بری ئەوەی بە ئاشکرا و بە دەنگی بەرز قسە بکەن، تەنیا بێدەنگ دەبن. بەڵام ئەمڕۆ، مێژوو لە بەرگە نوێکەیدا هەوڵدەدات، ئەو دیکۆمێنتانە بگێڕێتەوە بۆ ستاتیۆی شوێنەوارەکانی رابردوو، کۆمەڵێک توخم دەخاتەڕوو کە دەبێت لێک جیابکرێنەوە، پێکەوە کۆبکرێنەوە و نمایش بکرێن و بە رایەڵەیەک پێکەوە گرێ بدرێنەوە و بکرێن بە یەک گرووپ. مێژوو لە بەرگە نەریتییەکەیدا تەنیا پێویستی بەوەیە کە هەڵکۆڵین بۆ ئەو شوێنەوارانە بکات کە مرۆڤ لە دوای خۆی بەجێی هێشتوون، پاشان ئەو شوێنەوارانە بپشکێنێت و بزانێت لەسەردەمی خۆیدا چۆن بووە، بەڵام ئەو سەردەمە بەسەرچوو کە هەڵکۆڵین (ئەرکیۆلۆجیا) وەک لقێکی مەعریفی دیراسەتی ستاتیۆ لاڵەکان و شوێنەوارە مردووەکان بکات. هەموو ئەمانە مێژوو دەسڕنەوە و بەبێ هەڵسەنگاندنی گوتاری مێژوویی هیچ مانایەک نادەن بەدەستەوە، لەوانەیە بتوانین یاری بە چەمکەکان بکەین و بڵێین: (مێژوو)ی ئەمڕۆ گەیشتۆتە ئەوەی کە بتوانێت ئەرکیۆلۆژیا بسڕێتەوە و رۆبچێتە ناو دیوی ناوەوەی ستاتیۆی شوێنەوارەکانەوە. یەکێک لە دیاردەکانی (مێژوو) لە بەرگە نوێکەیدا ئەوەیە کە تەنیا پرسیار لە زنجیرەی رووداوەکان ناکات، بەڵکو پرسیار لەو زنجیرانەش دەکات کە کۆی زنجیرە رووداوەکان پێکەوە گرێ دەداتەوە، ئەمەش بەو مانایەی مێژووی گشتگیر هەموو دیاردەکان لە دەوری یەک سەنتەر کۆدەکاتەوە، کە ئەویش پرەنسیپی بەڵگەیە، یان گیانی سەردەمە.»

میشێل فۆکۆ. کتێبی ئەرکۆلۆجیای مەعریفە

**راستە ئێستا جۆرێک لە پەرتەوازەیی سیاسی لە نێوماڵی کوردستاندا هەیە، بەڵام نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە لە نێوماڵی عەرەبی شیعە و سوننەدا هەیە، لە کوردستان پارتی و یەکێتی دەتوانن بە ئاسانی ئەو پەرتەوازەییە سیاسییە چارەسەر بکەن، بەڵام لەناو سوننە و شیعە دوو هێزی بەو شێوەیە نین کە بتوانن بارودۆخەکە راست بکەنەوە**

### ● بەرگە کۆنەکەی مێژووی عێراق نوێ ناکرێتەوە

گوتاری مێژوویی دەوڵەتی عێراق هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە هەتا ئێستا، ئەو گوتارەیە کە خودی گوتارەکە رێگری سەرەکییە لەوەی کە دەبێت مێژووی دەوڵەت بە گەلەکەی بڵێت، ئەمەش بەو مانایەی لەبری ئەوەی مێژووی دەوڵەت بەرهەمی هیوا و خواستی هاونیشتمانی بێت، بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە و خواست و هیوای ئەوان مێژووی ئەو دەوڵەتە دروست بکات، کەچی لە سەرەتای دروستکردنی دەوڵەتی عێراق و پاشانیش لکاندنی پارچەیەکی کوردستان بەو دەوڵەتەوە، مێژووی دەوڵەتی عێراق بۆتە دیکۆمێنتێکی سەپێندراو و هەموو ئامرازێکی سەرکوتکاری بەکار هاتووە بۆ ئەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی ئەم دەوڵەتە بەزۆر دروستکراوە لەناو ئەو دیکۆمێنتەدا قسە بکەن کە بۆتە چوارچێوەیەك بۆ ناسنامە و مێژووی دەوڵەتی عێراق. بەڵام لەبەر ئەوەی هەر لە سەرەتاوە و لە دامەزراندنی ئەو دەوڵەتەوە کە ئێستا پێی دەڵێین، خواست و ئاواتی پێکهاتەکانی لەبەرچاو نەگیراوە و بێدەنگییان بەسەر سەپێنراوە و لاڵ کراون، ئەوا کاتێك مێژووی عێراق دەخوێنینەوە و هەوڵدەدەین لەسەر بنەمای گوتارە مێژووییەکەی ئێستا و ئایندەی ئەو وڵاتە بخوێنینەوە، ئەوا دەبینین ئەم گوتارە رووکەشە لە نهێنی و کۆمەڵێك شتی شاراوە سەرچاوەی گرتووە کە ئامانجی سەرەتا و کۆتایی دروستکەرانی ئەو دەوڵەتەیە و ئەو دەوڵەتانەشی بۆ مەبەستی خۆیان دەوڵەتی عێراقیان بەو شێوەیە دروستکردووە، هەرگیز ئەو نهێنی و ئامانجە شاراوانە نادرکێنن، یان بە دیوێکی دیکەدا گوتاری مێژوویی دەوڵەتی عێراق بە جۆرێك دروستکراوە کە خۆی ببێتە رێگری سەرەکی بۆ ئەوەی ئەو نهێنی و ئامانجە شاراوانە ئاشکرا نەکرێن و مێژووە



کۆنەکە کۆتایی بێت و مێژوویەکی نوێ دەست پێبکاتەوە.

لێرەوە ئەگەر مێژووی دەوڵەتی عێراق بەسەر دوو قۆناخدا دابەش بکەین، ئەمەش واتە قۆناخی یەکەم لە ساڵی (١٩٢٠-٢٠٠٣ ) مێژووی عێراق لە بەرگە کۆنەکەیدا کە تەنیا یەك پێکهاتە کە ئەویش (سوننەی عەرەبە) بە زەبری ئاگر و ئاسن حوکمڕانی کردووە و پێکهاتەکانی دیکەی عێراقی سەرکوت کردووە، ئەوا لەناو بەرگە کۆنەکەی مێژووی عێراقدا نەك هەر تەنیا (کورد و عەرەبی شیعە) لاڵ کرابوون، بەڵکو خودی (عەرەبی سوننە)ش، لەناو ئەو مێژووەدا هەر لاڵ بووە، ئەوانەی درێژەیان بە حوکمڕانیی (عەرەبی سوننە) دابوو، هەمان ئەو دەوڵەتانە بوون کە بۆ ئامانجی نهێنی و شاراوەی خۆیان عێراقیان وەك دەوڵەت دروست کردبوو، ئامانجیشیان لە هاوکاری و پشتگیری بۆ هەموو ئەو حکومەتانەی لە ماوەی ( ١٩٢٠-٢٠٠٣) لە عێراقدا بوونیان هەبووە، تەنیا هەر ئەوە بووە کە ئەو دیکۆمێنتە بپارێزن کە بۆتە گوتاری مێژووی دەوڵەتی عێراق و نهێنی و ئامانجە شاراوەکانیان ئاشکرا نەبن.

قۆناخی دووەم کە لە ساڵی ٢٠٠٣وە دەست پێدەکات و هەتا ئێستاش بەردەوامە، ناوی لێنرا قۆناخی (عێراقێکی نوێ)، ئەمەش واتە دەستپێکردنەوەی مێژووی دەوڵەتی عێراق لە بەرگێکی نوێدا، بەڵام دیسان ئەم بەرگە نوێیەش پابەندکرابوو بە هەمان پێوانە و پێوەری بەرگە کۆنەکەی مێژووی عێراقەوە، راشکاوانەتر دەشێت سیستمێکی تازە بۆ بەڕێوەبردنی عێراق دروست بکرێت، بەڵام هەرگیز ناکرێت دەستکاری ئەو گوتارە مێژووییەی دەوڵەتی عێراق بکرێت کە بۆتە ئەو دیکۆمێنتەی یەکپارچەیی عێراق پێناسە دەکات. بۆ دروومانی ئەم بەرگە نوێیەش بۆ دەوڵەتی عێراق و

**لەناو هەردوو پێکهاتەی عەرەبی سوننە و شیعەدا، پەرتەوازەیی سیاسی گەیشتۆتە ئەوەی کە فرەکوێخایی زۆر بێت و هیچ لایەک کاغەزی ئەوی دیکە نەخوێنێتەوە، ئەمە وادەکات کە لایەنی کوردستانی بیر لە نێوماڵی کوردستان بکاتەوە و هەوڵبدات هەر چۆنێک بۆی دەکرێت رێگە نەدات ئەو پەرتەوازەییەی نێوماڵی شیعە و سوننە لە کوردستانیشدا رەنگ بداتەوە**

**بەپێی ئەو مەزەندانەی لەسەر ئایندەی پرۆسەی عێراق (نێوان شیعە و سوننە) دەکرێت، زۆر زەحمەتە کێشە و ئاڵۆزی ناوخۆی لایەنەکانی شیعە و شیعە، هەروەها سوننە و سوننە، بە ئاسانی چارەسەر بکرێن، نە پێشبینی ئەوەش دەکرێت، کۆی پێکهاتەی عەرەبی شیعە و سوننە لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی سیاسی رێکبخرێنەوە**

**ئەگەر پێشتر سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بۆ ئەوەی لایەنی کوردستانی نەبێت بە بەشێک لە کێشەی عەرەبی سوننە و شیعە، هەنگاوێک لە پرۆسەی سیاسی دەهاتە دواوە و چاوەڕێی دەکرد، ئێستا دەبێت چەند هەنگاوێک بێتە دواوە و چاوەڕێی ئەوە بکات و بزانێت، ئاڵۆزی و ناکۆکییەکانی نێوان لایەنەکانی شیعە و شیعە، هەروەها لایەنەکانی سوننە و سوننە لە ناوخۆیاندا بە کوێ دەگات و دوای ئەویش ناکۆکی و کێشەکانی نێوان شیعە و سوننە بە کوێ دەگات**

**لایەنی کوردستانی بە شێوەیەکی راستەوخۆ بەشێک نییە لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراق، بەڵکو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا دەبێتە بەشێک لە پرۆسەکە**

مێژووەکەی، ماوەی نزیکەی ١٢ ساڵ (١٩٩١-٢٠٠٣) پێوەی سەرقاڵبوون، سەرەنجامیش تەنیا جیاوازیی نێوان بەرگە کۆنەکە و بەرگە نوێیەکەی دەوڵەتی عێراق ئەوەندە بوو، کە لە چوارچێوەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥دا، چارەسەری لاڵبوونی پێکهاتەکان بکرێت و لە چوارچێوەی ئەو دەستوورە ئەوەی خواست و ویستی خۆیانە بە ئاشکرا و بە دەنگی بەرز بیڵێن. بەڵام سنووری ئەم گوتنەش بە ئاشکرا و بەدەنگی بەرز دیاریکرابوو، ئەمەش بەو مانایەی پێکهاتەکانی عێراق تا ئەو ئاستە ئازادن کە بە ئاشکرا و بە دەنگی بەرز خواست و هیواکانی خۆیان بڵێن، کە ئەو چوارچێوەیە نەبەزێنن کە نهێنی و ئامانجە شاراوەکانی دروستکەرانی دەوڵەتی عێراق، یان نەخشەی سایکس-پیکۆی شاردۆتەوە. هەروەك چۆن کاردانەوە عێراقی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکانمان لە بەرامبەر ریفراندۆمی خەڵکی کوردستان بینی کە چۆن دژی ریفراندۆمەکە راوەستان و هەوڵیاندا ئەو دەنگەی بە ئاشکرا لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا دەیەوێت هیوا و خواستەکانی خۆی دەربڕێت، هەر ئەو چوارچێوە دەستوورییەیان کردەوە بە ئامراز بۆ ئەوەی دەنگەکە کپ بکەنەوە و نەتەوەیەك لاڵ بکەنەوە و، دیسان بوونەوە بە هاوپەیمان و هاوکاری ئەو دەسەڵاتەی کە رێگە نادات مێژووی عێراق لە بەرگە نوێیەکەیدا بخوێندرێتەوە.

کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت، لەماوەی ١٥ ساڵی رابردوو ئەوەی هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە (عێراقی نوێ)ی ناو دەبرد، ئەمەش بەو مانایەی مێژووی عێراق بەرگێکی نوێی کراوەتەبەر و بەرگە کۆنەکەی فڕێ داوە، بەڵام دەرکەوت هەر بەرگە کۆنەکەیە و بەرگی مێژووی عێراق نوێ ناکرێتەوە. بە مانایەکی دیکە هەموو سیستەمەکانی جیهان هەر لە (کۆمەڵەی گەلان و نەتەوە یەکگرتووەکانی سەردەمی شەڕی سارد و دوای رووخانی دیواری بەرلینیش) هەر یەك تێڕوانیان بەرامبەر عێراق هەیە، ئەوجا ئەگەر هەر پێکهاتەیەك ببێتە ئەو ئامرازەی کە نهێنی و ئامانجە شاراوەکانی پشت دروستکردنی دەوڵەتی عێراق بپارێزێت، ئەوا ئەو پێکهاتەیە (کورد بێت، یان عەرەبی سوننە، یان عەرەبی شیعە) ئەوا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبنە هاوپەیمانی و پشتگیری لێ دەکەن.

لەوانەیە خوێنەری ئەم دێڕانە ئەو پرسیارەی لا دروست بێت، ئەگەر کوردیش وەك پێکهاتەیەك حوکمرانی عێراق بکات، ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی لێ دەکات؟ دیارە پێش ئەوەی پەنا بۆ نموونەی هاوشێوەی عێراق بەرین، بێگومان مێژووی ١٥ ساڵی دوای رووخانی رژێمی بەعس بە تەواوەتی وەڵامی ئەم پرسیارە بە (بەڵێ) دەداتەوەو هەموو شاهیدی ئەو حاڵەتەن ئەگەر هەوڵ و هاوکاریی کوردستان نەبوایە، نە دەستووری عێراق بەو شێوەیە دادەڕێژدرا، نە حکومەتەکانی عێراقیش پێکدەهاتن، بۆیە لەو ماوەیەدا چەندین جار وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و بەریتانیا و نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان سەردانی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستانیان دەکرد بۆ ئەوەی ببنە ناوبژیوان لە نێوان شیعە و سوننەدا و بتوانن حکومەتەکانی عێراق پێکبهێنرێن، ئەوکات هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە رۆڵی کوردیان دەگوت: (شا دروستکەر – King maker) ئەمەش واتە بە بێ کورد، عێراق کۆتایی هاتووە و حوکمرانی و دەوڵەتداری تێدا ئەنجام نادرێت، ئەوجا ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ نموونەیەکی دیکەی هاوشێوەی عێراق و هێندەی عێراقیش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پاراستنی یەکپارچەیی خاکەکەی لا مەبەست بوو، دیارە ئەو دەوڵەتەش (یوگسلافیای) پێشووە، ئاشکراشە بە درێژایی ساڵانی شەڕی سارد لە جۆزیف بروز تیتۆ کە کەسێکی بە رەچەڵەك کرواتی و کەمینە بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی هۆکارێك بوو بۆ هێشتنەوەی یوگسلافیا بە یەکگرتوویی پشتگیری لێ دەکرا، بەڵام دوای رووخانی دیواری بەرلین و کۆتاییهاتنی رژێمی دیکتاتۆری تیتۆ و بە حیساب بەرگێکی نوێ بۆ مێژووی یوگسلافیا دروست دەکەن، دیارە بە هاوشێوەی عێراق، لە یوگسلافیای دوای ساڵی ١٩٨٩ دەسەڵات گەڕایەوە بۆ سربەکان کە زۆرینە بوون و سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ بووە سەرۆك وڵات و لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشەوە هەتا ئەو کاتەی وڵاتی کرد بە گۆمی خوێن، پشتگیری

لێ کرا، بەڵام کە بۆیان دەرکەوت چیدیکە یەکپارچەیی یوگسلافیا ناپارێزرێت، ئەوکاتە ناچار بوون (دەوڵەت و مێژووی یوگسلافیا) کۆتایی پێبهێنن، دیارە عێراقیش هەمان چارەنووسی یوگسلافیای پێشووی دەبێت، بەڵام بێویژدانیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەو ئاستەیە هەتا وڵاتەکە خەڵتانی خوێن نەکەن، بیر لە ڕێگەچارەی دروست و خواست و هیوا و ئاواتەکانی پێکهاتە جیاوازەکانی دەوڵەتی عێراق و هاوشێوەی دەوڵەتی عێراق ناکەنەوە.

## ● ئەو پەیامە بێدەنگەی ئاستی بەشداریی هەڵبژاردنەکانی عێراق پێی گوتین

لەگەڵ ئەوەی بەپێی ئامارەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، ڕێژەی بەشداریی هاووڵاتیانی عەرەبی (شیعە و سوننە) لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق لە نێوان ٢٥- ٣٠ ٪ بووە و لە هەندێك شوێن ڕێژەکە بۆ کەمتر لە ٢٠٪ دابەزیوە، بەڵام ئەوەی ئاکامی هەڵبژاردنەکان پێمان دەڵێت، ئەوەیە کە هەر دەنگدەرێکی عێراق ئەوجا (کورد، یان شیعە، یان سوننە) بووبێت، لەسەر بنەمای ناسنامەی نەتەوەیی و مەزهەبی دەنگی داوە، نەك لەسەر بنەمای ناسنامەی عێراقیبوون، هەر بۆیە وێڕای ئەوەی حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ جارێکی دیکە بە تەواوەتی عێراقی خستەوە ناو بەرگە کۆنەکەی مێژوو و بە بەکارهێنانی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و هێزی سەربازی لە ٥١٪ی خاکی کوردستانی عێراقی داگیرکردەوە، دوای ئەوەش خۆی وەك پاڵەوانی پاراستنی یەکپارچەیی عێراق و پاڵەوانی شەڕی دژی داعش لەسەر شانۆی سیاسەتی عێراقی و نێودەوڵەتی نمایشکرد و پشتگیرییەکی گەورەی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بۆ دروست بوو، هەموو ئەمانەشی کرد بە کەرەستەی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی عێراق هەڵبژاردن بباتەوە، بەڵام لیستەکەی حەیدەر عەبادی لە کۆی ٣٢٨ کورسی پەرلەمان، تەنیا ٤٣ کورسی هێناوە و لە پلەی سێیەمدایە و چانسیشی بۆ بوونەوە بە سەرۆك وەزیران هێشتا نەك هەر ڕوون نییە، بەڵکو یەکلابوونەوەشی ئەگەر کارێکی ئەستەم نەبێت، ئاسانیش نابێت. لەسەر ئاستی کوردستانیش لەگەڵ ئەوەی جۆرێك لە ناسەقامگیری و پەرتەوازەیی سیاسی لەناو حزبە سیاسییەکانی کوردستانیشدا بوونی هەیە و، حەیدەر عەبادی هەوڵیدا سوود لە بۆشایی ئەو پەرتەوازییە سیاسییە وەربگرێت و لە سەر ئاستی هەموو پارێزگاکانی کوردستان لیستی دروستکرد و نووسینگەی هەڵبژاردنی کردەوە، بەڵام گەلی کوردستان بە جیاوازیی پارت و بۆچوونی سیاسییانەوە، بەهیچ شێوەیەك دەنگیان بە لیستەکەی عەبادی نەدا، ئەمەش مانای ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی بەشێك لە حزبە سیاسییەکان بۆ دژایەتیکردنی یەکتری لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە خۆیان وەك دژی ریفراندۆم و دۆستی عەبادی پیشاندا، بەڵام خەڵکی کوردستان بە تێکڕا و بە هاوشێوەی ریفراندۆمەکەی ٢٥ی ئەیلوولی ساڵی ڕابردوو، عێراقیبوون و عەبادییان ڕەتکردەوە.

دیارە لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی عێراق هەموو چاودێران و تەنانەت چاودێرانی نێودەوڵەتیش پێیان وابوو ئەم هەڵبژاردنە دەتوانێت سنووری مەزهەبی و نەتەوەیی تێپەڕێنێت، بەڵام ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەریخست کە هیچ پێکهاتەیەکی عێراق خۆی بە عێراقی نازانێت و لە چوارچێوەی مەزهەب و نەتەوەکەی خۆی بیردەکاتەوەو بڕیار دەدات، تەنانەت لیستەکەی موقتەدا سەدریش (سائیرون) کە لەگەڵ حزبی شیوعی عێراق هاوپەیمانی کردبوو و لە پێکهاتەکانی (کورد و عەرەبی سوننە)ش پاڵێوراوی هەبوو، دیسان ئەم لیستەش نەیتوانی سنووری مەزهەبی و نەتەوەیی تێپەڕێنێت و بەشی زۆری ئەوانەی دەنگیان بە لیستی سەدر داوە، عەرەبی شیعەن و ئەو ١٥ کورسییەشی لە بەغدا هێناویەتی، بەشی هەرە زۆری دەنگی هاووڵاتیانی شاری نەسر و شیعەکانی کەڕادەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو دیکۆمێنتەی کراوە بە مێژووی دەوڵەتی عێراق بۆ ئەوەی عێراقییەکان لەچوارچێوەی ئەو دیکۆمێنتە و بەپێی ئەو نەخشەیەی دیکۆمێنتەکە دیاری کردووە، بێنە قسە، ئەوا خودی دیکۆمێنتەکە عێراقییەکانی لاڵ کردووە و لە زمانی خستوون، هەر بۆیە کاتێك گوێ لە گوتاری مێژووی عێراق و گوتارە سیاسییەکانی ناو ئەو گوتارە

**ئەگەر ئەمریکایەک کە ئەو کات زیاتر لە ١٤٠ هەزار سەربازی لەناو عێراقدا هەبوو و تەواوی پرۆسەی ئاسایش و سەربازی عێراق لە بەردەستی هێزەکانی ئەمریکادا و لەناو هەموو وەزارەتێکی عێراقدا راوێژکارێکی هەبووبێت و نەیتوانیبێت شیعە و سوننە بگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی بە عێراقێکی فیدراڵی و دیموکراتی رازییان بکات، ئەوا هەر هەوڵێکی لایەنی کوردستانی بەو ئاراستەیە لە هەوڵەکانی ئەمریکا سەرکەوتووتر نابێت**

**لەو دیوی حەمرینەوە عەرەبی سوننە دەیەوێت ئیمارەتێکی ئیسلامی رابگەیەنێت و لە پارێزگاکانی باشووریش عەرەبی شیعە خوازیاری ئەوە بێت ویلایەتی فەقیهی دووبارە بکاتەوە، ئەوە هیچ پەیوەندیەکی بە کوردستانەوە نییە و ئەوانە وەک نەتەوە مافی خۆیانە چ جۆرە حوکمڕانییەک هەڵدەبژێرن و دەیانەوێت چۆن ژیانی خۆیان رێکبخەنەوە**

**لە ئێستاشدا تەنیا سیاسەتێک کە هەرێمی کوردستان بیەوێت مامەڵەی لەگەڵ پرۆسەی سیاسیی عێراقدا پێ بکات، تەنیا دەستووری عێراقە، کە دەستوورەکەش لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بە هاوشێوەی سیاسەتەکان بێجگە لەچەند دەقێکی نووسراو هیچ مانایەکی نەماوە**

میژوویـیه دەگریـن، دەبینیـن هەمـوو کات گوێمـان لـە دەنگێـك دەبێـت کـە دەنگـی راسـتەقینەی پێکهاتـە جیاوازەکانـی عێـراق بێدەنـگ دەکات، هـەر بـۆ نموونـە کاتێـك هەمـوو حکومەتـە یـەك لە دوایەکەکانـی عێراق لـە سـەرەتای بیسـتەکانی سـەدەی رابـردووە هەتـا سـاڵی ٢٠٠٣ کـە عـەرەبی سـوننە تێیـدا حوکمـڕان بـووە و هەوڵیـداوە عـەرەبی شـیعە سـەرکوت بـکات، لـە بەرامبـەردا ئینتمـای عـەرەبی شـیعە هێنـدەی بـۆ وڵاتێکـی دیکـە بـووە، هێنـدە بـۆ عێـراق نەبـووە، ئەمـەش بـە ئاشـکرا لـە شـەڕی عێراق ئێران هەسـتی پێدەکرا، کـە سـەربازە عەرەبەکانـی شـیعەی عێـراق لـە کاتـی شـەڕدا خۆیـان تەسـلیمی سـوپای ئێـران دەکـرد و وەك سـوپای خۆیـان سـەیریان دەکـرد، لـە بەرامبەریشـدا کاتێـك بـە دیـل دەگیـران، راسـتەوخۆ ئـازاد دەکـران و هـەروەك چـۆن لـە سـەربازە دیلەکانـی شـیعەی عێراق لـە هەشـتاکانی سـەدەی رابـردوو فەیلەقـی بـەدر بـۆ رووخانـی حکومەتـی عێـراق پێکهێنـرا، کوردیـش کـە هەمـوو کات لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە ئەوجـا سـوننە حوکمـڕان بوبێـت، یـان شـیعە، هـەر سـەرکوتکراوە، لەبـەر ئـەوەی دەوڵەتێکـی کـوردی نەبـووە، پشـتی پـێ ببەسـتێ، هەمـوو کات خەباتـی کـردووە بـۆ ئـەوەی عێـراق ببێتـە ئـەو دەوڵەتـەی کـە بتوانێـت پێکـەوە ژیـان دروسـت بـکات، بـەڵام هەمـوو کات بیرکردنـەوەی دەسـەڵاتدارانی شـیعە و سـوننە لـەو کاتـەدا وەڵامـی کوردسـتانیان داوەتـەوە کـە لـەو پـەڕی لاوازیـدا بـوون و کـە بەهێـز بوونـەوە، بـە ئاگـر و ئاسـن وەڵامـی خواسـتەکانی کوردیـان داوەتـەوە.

لایەنێکـی دیکـە کـە دیسـان لـە پەیامـە بێدەنگەکـەی ئاسـتی بەشـداری و ئاکامـی هەڵبژاردنەکانـی ئەمجـارەی پەرلەمانـی عێـراق گوێبیسـتی دەبیـن، ئەوەیە کە عێراق بە ئەقڵییەتی سیاسـەتی شیعەگەرایی سیاسـەتمەدارانی شـیعەی عێـراق بەڕێـوە ناچێـت، هەروەهـا ئـەو دەسـتوورەش جێبەجـێ ناکرێـت کـە بـە حیسـاب لـە سـەرووی ٨٠٪ی عێراقییـەکان دەنگیـان پـێ داوە، لەمـەش زیاتـر ئەوەیە لەناو لایەنـە سیاسـییەکانی شـیعەی عێراقـدا، لایەنێکـی سیاسـیی وا دروسـت نابێـت کە بتوانێت کۆنتڕۆڵی هەمـوو شیعە بکات و بە هاوپەیمانـی لەگـەڵ هـەردوو پێکهاتـەی (کـورد و عـەرەبی سـوننە) لەسـەر بنەمـای هاوبەشـی و پێکەوەسـازان و هاوسـەنگی، عێـراق رێـك بخەنـەوە و بەرگێکـی تـازە بـە بـەری مێـژووی عێراقـدا بکـەن، لـە بەرامبـەردا جارێکـی دیکـە عـەرەبی سـوننەی عێـراق نابنـەوە ئـەو ئەسـپەی کـە هێـزە گـەورە نێودەوڵەتییـەکان بـۆ پاراسـتنی یەکپارچەیـی عێـراق بـە ئاگـر و ئاسـن گرەویـان لەسـەر بکـەن، بەشـێکی زۆری عـەرەبی سـوننەی عێراق کـە لـە پەرتەوازەیـی خۆیانـدا جارێـك دوای قاعیـدە و جارێکـی دیکـە دوای داعـش کەوتـن، ئاماژەیـە بـۆ ئـەوەی کـە ڕۆڵـی عـەرەبی سـوننە لـە عێراقـدا بـۆ ڕێکخسـتنەوەی سـنووردارە، بـەڵام بـۆ تێکدانـی حوکمڕانـی لـە عـەرەبی شـیعە کاریگـەرە، عـەرەبی شـیعەش ئـەو توانایەیـان نابێـت جڵەوگیـری عـەرەبی سـوننەی عێـراق بکـەن، ئـەم حاڵەتـەش ئـەو گێـژاوەی دروسـتکردووە کـە ئێسـتا لـە پرۆسـەی سیاسـیی عێراقـدا دەیبینیـن. لەنـاو ئـەم گێـژاوەی پرۆسـەی سیاسـیدا، لەوانەیـە بتوانرێـت بـە کاریگـەری دەسـتی دەرەکـی، هاوپەیمانییـەك لەنێـوان لایەنەکانـی شـیعە وەك گەورەتریـن فراکسـیۆن لەنـاو پەرلەمانـی عێـراق دروسـت بکرێـت و پاشـانیش لەنێـوان ئـەم فراکسـیۆنە و لایەنـی کـورد و سـوننەش هاوپەیمانـی گـرێ بدرێـت بـۆ ئـەوەی حکومەتـی داهاتـووی عێـراق پێکبهێنرێتـەوە، بـەڵام ئەمـە هـەر بەنـاو حکومـەت دەبێـت و نـە کێشـەکانی پـێ چارەسـەر دەکرێـت و نـە دەشـتوانێت هیـچ شـتێك لـە بـاری گوزەرانـی عێراقییـەکان بگـۆڕێـت، هـەر بۆیـە لەوانەیـە ئـەو بـەراوردە لـە جێگـەی خۆیـدا بێـت کـە بڵێیـن: ئێسـتای عێـراق لـە یوگسـلافیای سـەردەمی سلۆبۆدان میلۆسـۆڤیچ دەچێـت، دیـارە یوگسـلافیای سـەردەمی تیتـۆ، دەسـەڵاتێکی دیکتاتـۆری بـە هاوشـێوەی سـەردەمی سـەدام حوسـێن لـە عێراقـدا رایگرتبـوو، بـەڵام کاتێـك تیتـۆ نەمـا و سلۆبۆدان میلۆسـۆڤیچ بـە رێگـەی سـندوقەکانی دەنگـدان بـووە سـەرۆك کۆمـاری یۆگسـلافیا، کۆتایـی بـەو بێدەنگییـە هـات کـە چەندیـن دەیـە بـوو دیکتاتۆریـەت کپـی کردبـۆوە، سـەرەنجامیش یوگسـلافیا وەك مێـژوو و وەك دەوڵـەت کۆتایـی هـات، ئاماژەکان بـەو ئاراسـتەیەن کـە عێراقیـش بـە هەمـان شـێوە و لەیـەك کاتـدا وەك مێـژوو و وەك دەوڵـەت کۆتایـی دێـت و لـە سـەر نەخشـەی سیاسـی جیهـان دەسـڕێتەوە.

**لایەنە کوردستانییەکان بەگشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی، دەبێت لەم قۆناخەدا راشکاوانە دان بەو راستییانەدا بنێن، کە دووبارە بونیادنانەوەی عێراق لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵی و فرەیی و پەرلەمانی و دیموکراتیدا، کاری کورد نییە و بە کوردیش ئەو ئامانجە نایەتەدی، بەڵکو تەنیا پاراستنی ماف و جوگرافیای کوردستانی عێراق ئەرکی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە**

**سەرکردایەتی سیاسیی هەرێمی کوردستان چەند ساڵێکە گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە هیچ سیاسەتێک لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا کارناکات، هەر بۆیە لەماوەی ساڵانی (٢٠١٢-٢٠١٧) بە هەموو جیهانی راگەیاند، بێجگە لە خۆقوتارکردن لەو گێژاوە هیچ رێگە چارەیەکی دیکە لەبەردەم پەیوەندیەکانی هەرێم و بەغدا نەماوە**

**سیاسەتەکانی هەرێمی کوردستانیش، ئەوجا چ بەشداریی راستەوخۆ بووبێت بۆ ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی لە هەموو عێراقدا، یان سیاسەتێک بووبێت بۆ بەڕێوەبردنی تەنگژە و کێشەکانی هەرێم لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، بەڵام دیسان هەموو سیاسەتەکانی هەرێمی کوردستانیش لەناو گێژاوی سێ گۆشەی بەرمۆدای پرۆسەی سیاسی عێراقدا هەڵلووشراوە و شکستی هێناوە**

## • کوردستان لەناو سێ گۆشەی بەرمۆدای پرۆسەی سیاسیی عێراقدا

بەکارهێنانی چەمکی (سێ گۆشەی بەرمودا) بۆ پرۆسەی سیاسیی ئیستای عێراق بۆ ئەو مەبەستەیە کە بڵێین: (پرۆسەی سیاسیی عێراق نەمردووە)، بەڵکو بۆتە کوژەری هەموو سیاسەتێك کە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخی سیاسیی ئێستای عێراق دەگیرێتەبەر، ئەمەش نەك تەنیا لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق، بەڵکو لەسەر ئاستی ئیقلمی و نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکانیش.

لەماوەی ١٣ ساڵی هەر چوار ئیدارەی (جۆرج دەبلیو بوش و باراك ئۆباما) لە هەر ئیدارەیەکدا ساسەتێك هەبووە بە ناوی «سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا»، هەروەها کاتێك کۆمارییەکان لە دەسەڵاتدا بوون، دیموکراتەکانیش سیاسەتێکیان بە ناوی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا هەبوو، کە ناویان نابوو (پلانی B)، بەڵام ئاکامی پیادەکردنی ئەو چوار سیاسەتە لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا ئەوە بوو کە لە حوزەیرانی ٢٠١٤ داعش موسڵی داگیرکردو خەلافەتی ئیسلامی راگەیاند، لەو کاتەوە هەتا ئێستا سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق بریتییە لە سیاسەتی دیفاکتۆ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ شەڕی داعش، لەگەڵ ئەوەی لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٦وە چەند پرۆپۆزەڵێك بۆ سیاسەتی داهاتووی ئەمریکا لە عێراقدا ئامادە کراوە، بەڵام هێشتا ئەو پرۆپۆزەڵانە نەبوونەتە سیاسەتی فەرمیی ئەمریکا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرۆسەی سیاسیی عێراقدا.

دیارە دەوڵەتانی دەوربەری عێراقیش هەر یەکەیان بە قەوارەی نفووز و بەرژەوەندییەکانیان سیاسەتێکیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەیە و هەندێك چاودێر ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە دەوڵەتانی دراوسێی عێراق هەوڵدەدەن دەستێوەردان لە وردەکارییەکانی ناو پرۆسە سیاسییەکەش بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو سیاسەتەی ئامانجیانە یەك بگرێتەوە، بەڵام چۆن پرۆسەی سیاسیی عێراق هەموو سیاسەتەکانی ئەمریکای هەڵلووشی و شکستی پێهێنا و لە ئێستاشدا ئیدارەی ترەمپ سیاسەتێکی فەرمی و پەسەندکراوی بە هاوشێوەی ئیدارەکانی پێش خۆی بەرامبەر عێراق رانەگەیاندووە و ئەوەی هەیە تەنیا مامەڵەکردنە لەگەڵ واقیعی رۆژانەی عێراقدا و شتێکی نەگۆڕ بوونی نییە، لەسەر ئاستی ئەو سیاسەتانەشی کە دەوڵەتانی دراوسێی عێراق بۆ پرۆسەی سیاسیی عێراق دایانڕشتووە، شکستیان پێ هێناوە، ئەم شکست پێهێنانە بەرەنجامی ئەوە نییە کە سیاسەت دروستکەرانی عێراق بەو ئاستە لێهاتوو و دەوڵەتمەدارن کە رێگە نەدەن دەست لە پرۆسەی سیاسیی عێراق وەربدرێت، نەخێر، مەسەلەکە پێچەوانەی هەموو مەزندە سیاسییەکانە و خودی پرۆسە سیاسییەکەیە کە بۆتە گێژاوێکی هاوشێوەی سێ گۆشەی بەرمۆدا و هەر شتێك بکەوێتە ناویەوە هەڵیدەلووشێت و بوونی نامێنێت، ئەمەش وایکردووە نە دەتوانرێت سیاسەتێك بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرۆسەی سیاسیی عێراق دابڕێژدرێت، نەخودی پرۆسە سیاسییەکەش بەو جۆرەیە کە بتوانێت وڵات بەڕێوە بەرێت.

لە ئەدەبیاتی سیاسیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بۆ پێناسەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، مانای پرۆسەکە تەنیا بریتییە لە رێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی لە نێوان عەرەبی شیعە و سوننەدا، پاش ئەوەی ئەم پرۆسەیە رێکدەخرێتەوە لەچوارچێوەی پرۆسەیەکی سیاسیی گشتگیردا، پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق دیاری دەکرێتەوە، ئەوجا ئەم پەیوەندییە شێوازی بەشداریی لایەنە کوردستانییەکان بێت لە پرۆسەی حوکمڕانیی عێراقدا، یاخود شێوازی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بێت.

دیارە هەرێمی کوردستانیش، وەك هەموو لایەنە پەیوەندیدارە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان، ئەویش سیاسەتێکی خۆی هەبووە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ پرۆسەی سیاسیی عێراق و بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتەدا، بەڵام بێگومان سیاسەتەکانی هەرێمی کوردستانیش، ئەوجا چ بەشداریی راستەوخۆ بوویێت بۆ رێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی لە هەموو عێراقدا، یان سیاسەتێك بوویێت بۆ بەڕێوەبردنی تەنگژە و کێشەکانی هەرێم لەناو پرۆسەی سیاسیی

■

**لە ئەدەبیاتی سیاسیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بۆ پێناسەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، مانای پرۆسەکە تەنیا بریتییە لە رێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی لە نێوان عەرەبی شیعە و سوننەدا، پاش ئەوەی ئەم پرۆسەیە رێکدەخرێتەوە لەچوارچێوەی پرۆسەیەکی سیاسیی گشتگیردا، پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق دیاری دەکرێتەوە**

■

**خودی پرۆسە سیاسییەکە بۆتە گێژاوێکی هاوشێوەی سێ گۆشەی بەرمۆدا و هەر شتێک بکەوێتە ناویەوە هەڵیدەلووشێت و بوونی نامێنێت، ئەمەش وایکردووە نە دەتوانرێت سیاسەتێک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرۆسەی سیاسیی عێراق دابڕێژدرێت، نەخودی پرۆسە سیاسییەکەش بەو جۆرەیە کە بتوانێت وڵات بەڕێوە بەرێت**

■

**لەناو لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراقدا، لایەنێکی سیاسیی وا دروست نابێت کە بتوانێت کۆنترۆڵی هەموو شیعە بکات و بە هاوپەیمانی لەگەڵ هەردوو پێکهاتەی (کورد و عەرەبی سوننە) لەسەر بنەمای هاوبەشی و پێکەوەسازان و هاوسەنگی، عێراق رێک بخەنەوە و بەرگێکی تازە بە بەری مێژووی عێراقدا بکەن**

**لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی عێراق هەموو چاودێران و تەنانەت چاودێرانی نێودەوڵەتیش پێیان وابوو ئەم هەڵبژاردنە دەتوانێت سنووری مەزهەبی و نەتەوەیی تێپەڕێنێت، بەڵام ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەریخست کە هیچ پێکهاتەیەکی عێراق خۆی بە عێراقی نازانێت و لە چوارچێوەی مەزهەب و نەتەوەکەی خۆی بیردەکاتەوەو بڕیار دەدات**

**لەگەڵ ئەوەی بەشێک لە حزبە سیاسییەکان بۆ دژایەتیکردنی یەکتری لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە خۆیان وەک دژی ریفراندۆم و دۆستی عەبادی پیشاندا، بەڵام خەڵکی کوردستان بە تێکڕا و بە هاوشێوەی ریفراندۆمەکەی ٢٥ی ئەیلوولی ساڵی رابردوو، عێراقیبوون و عەبادییان رەتکردەوە**

**ئەوەی ئاکامی هەڵبژاردنەکان پێمان دەڵێت، ئەوەیە کە هەر دەنگدەرێکی عێراق ئەوجا (کورد، یان شیعە، یان سوننە) بوویێت، لەسەر بنەمای ناسنامەی نەتەوەیی و مەزهەبی دەنگی داوە، نەک لەسەر بنەمای ناسنامەی عێراقیبوون**

عێراقدا، بەڵام دیسان هەموو سیاسەتەکانی هەرێمی کوردستانیش لەناو گێژاوی سێ گۆشەی بەرمۆدای پرۆسەی سیاسی عێراقدا هەڵلووشراوە و شکستی هێناوە و لە ئێستاشدا تەنیا سیاسەتێك کە هەرێمی کوردستان بیەوێت مامەڵەی لەگەڵ پرۆسەی سیاسیی عێراقدا پێ بکات، تەنیا دەستووری عێراقە، کە دەستوورەکەش لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بە هاوشێوەی سیاسەتەکان بێجگە لەچەند دەقێکی نووسراو هیچ مانایەکی نەماوە.

سەرکردایەتی سیاسیی هەرێمی کوردستان چەند ساڵێکە گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە هیچ سیاسەتێك لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا کارناکات، هەر بۆیە لەماوەی ساڵانی (٢٠١٢-٢٠١٧) بە هەموو جیهانی راگەیاند، بێجگە لە خۆقوتارکردن لەو گێژاوە هیچ رێگە چارەیەکی دیکە لەبەردەم پەیوەندیەکانی هەرێم و بەغدا نەماوە، دیارە لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا بە گشتی و لە دوای هاتنی داعش لە (٢٠١٤-٢٠١٧) جۆرە تێگەیشتن و وەڵامدانەوەیەکی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە کوردستان دروست ببوو، کە چیدیکە کوردستان بەشێك نەبێت لە پرۆسەی سیاسیی عێراق، ئەم وەڵامدانەوەیەش لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و پەیوەندیی هێزی پێشمەرگە بە سیستمی بەرگریی عێراقەوە تەواو رەنگدانەوەی هەبوو و رەزامەندیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشی لەسەر هەبووە، دیارە لەسەر ئەم بنەمایە ساڵی پار حزب و لایەنەکانی کوردستان (بێجگە لە گۆڕان و کۆمەڵ) بڕیاریان دا کە لە ٢٥ی ئەیلوولی ساڵی پار ریفراندۆم ئەنجام بدرێت، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی غەدری لە کوردستان و خەڵکی کوردستان کرد و جارێکی دیکە کوردستانی خستەوە ناو سێ گۆشەی بەرمۆدای پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا و ئەمجارەیان ئەگەر قارەمانیەتی پێشمەرگە داستانەکانی پردێ و سحیلا و مەخموور و تەلسقۆفی تۆمار نەکردایە، ئەوا سێ گۆشەی بەرمۆدای پرۆسەی سیاسیی عێراق هەموو کوردستانی هەڵدەلووشی و کوردستانی دەسڕییەوە.

بەهەرحاڵ ئێستا جارێکی دیکە کوردستان کەوتۆتەوە ناو ئەو سێ گۆشەیەی بەرمۆدای پرۆسەی سیاسیی عێراق و سەرکردایەتی سیاسیی کوردستانیش بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەزموونی ٧٠ ساڵی لەگەڵ کۆی پرۆسەی سیاسیی عێراق هەیە و ماوەی ٧٠ ساڵە بەردەوام، یان شەڕی چەکداری، یان سیاسی لە پێناوی بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان کردووە، بۆیە ئەمجارەش ئەرکی قورس دەکەوێتە سەرشانی پارتی بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی ئەوتۆ لەگەڵ پرۆسەی سیاسیی عێراق بکات کە رێگە نەدات شکستەکانی رابردوو دووبارە ببێتەوە.

لایەنە کوردستانییەکان بەگشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی، دەبێت لەم قۆناخەدا راشکاوانە دان بەو راستییانەدا بنێن، کە دووبارە بونیادنانەوەی عێراق لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵی و فرەیی و پەرلەمانی و دیموکراتیدا، کاری کورد نییە و بە کوردیش ئەو ئامانجە نایەتەدی، بەڵکو تەنیا پاراستنی ماف و جوگرافیای کوردستانی عێراق ئەرکی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە، ئەوجا لەو دیوی حەمرینەوە عەرەبی سوننە دەیەوێت ئیمارەتێکی ئیسلامی رابگەیەنێت و لە پارێزگاکانی باشووریش عەرەبی شیعە خوازیاری ئەوە بێت ویلایەتی فەقیهی دووبارە بکاتەوە، ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بە کوردستانەوە نییە و ئەوانە وەك نەتەوە مافی خۆیانە چ جۆرە حوکمڕانییەك هەڵدەبژێرن و دەیانەوێت چۆن ژیانی خۆیان رێکبخەنەوە. دیارە لەسەر ئەم پرسەش لە ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧، ئەوکات ئیدارەی کۆمارییەکان دەیانویست لەسەر بنەمای هەرێمی کوردستان و دروستکردنی چەند هەرێمێکی دیکە بۆ پارێزگاکانی شیعە و سوننە عێراق بونیاد بنێننەوە و ئەمەشیان ناو لێنابوو: (پلانی A)، لەبەرامبەردا دیموکراتەکان بەرنامەیەکی دیکەیان هەبوو بە ناوی دابەشکردنی نەرم (Soft Parti-tion) واتە عێراق بکرێتە سێ هەرێمی فیدراڵی بۆ (کورد و شیعە و سوننە) ئەمەشیان ناو لێنابوو (پلانی B)، لەبەرامبەر ئەم دوو پلانەی (کۆماری و دیموکراتەکان)، ئەمیتا ئیتزایۆنی بیرمەندی گەورەی ئەمریکی (پلانی Z)ی

راگەیاند، ئەم پلانە بە مانای کۆتاپێلان بوو بۆ ئەمریکا لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا و تیایدا بە راشکاوانە رایگەیاندبوو، هیچ پێویست ناکات لە واشنتۆنەوە نەخشەی رێگە بۆ رێکخستنەوەی عێراق دابڕێژن، لێگەڕێن عەرەبی سوننە و شیعە خۆیان چۆنیان پێ خۆشە با بەوجۆرە خۆیان رێکبخەنەوە.

ئەمە پەندێکی بەسوودە بۆ لایەنە کوردستانییەکانیش کە خۆیان نەکەنە داکۆکیکاری سەرسەخت لە پرۆسەی فیدراڵی و دیموکراتیی عێراقدا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر ئەمریکایەك کە ئەو کات زیاتر لە ١٤٠ هەزار سەربازی لەناو عێراقدا هەبوو و تەواوی پرۆسەی ئاسایش و سەربازی عێراق لە بەردەستی هێزەکانی ئەمریکادا و لەناو هەموو وەزارەتێکی عێراقدا راوێژکارێکی هەبووبێت و نەیتوانیبێت شیعە و سوننە بگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی بە عێراقێکی فیدراڵی و دیموکراتی رازییان بکات، ئەوا هەر هەوڵێکی لایەنی کوردستانی بەو ئاراستەیە لە هەوڵەکانی ئەمریکا سەرکەوتوتر نابێت.

لایەنێکی دیکە کە گرنگە ئەویش راشکاوانە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، ئەوەیە کە لایەنی کوردستانی بە شێوەیەکی راستەوخۆ بەشێك نییە لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراق، بەڵکو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا دەبێتە بەشێك لە پرۆسەکە، سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لە ماوەی ساڵانی شەڕی ناوخۆی نێوان عەرەبی سوننە و شیعە، هاوسەنگییەکی باشی راگرتبوو، راستەوخۆ نەدەبووە بەشێك لەو پرۆسە سیاسییە ئاڵۆزەی نێوان شیعە و سوننە، چاوەڕێی دەکرد، عەرەبی شیعە و سوننە خۆیان لەسەر بنەمایەك رێکبکەون، پاشان لایەنی کوردستانی خۆی تێکەڵاوی پرۆسەکە بکات، لە ئێستادا پرۆسەکە لەو کاتە زۆر ئاڵۆزترە، پرسەکە تەنیا ناکۆکییەکانی نێوان عەرەبی شیعە و سوننە نییە، بەڵکو ناکۆکی و ئاڵۆزییەکان لەنێوان خودی لایەنە شیعیەکانیش هەیە، هەر بۆ نموونە هەتا ئێستاش لیستەکەی سەدر ڤیتۆی لەسەر لیستەکەی مالیکی هەیە، لایەنەکانی حەشدی شەعبی لەناو لیستەکەی هادی عامریدا ڤیتۆیان لەسەر لیستەکەی حەیدەر عەبادی هەیە، لەناو سوننەش بە هەمان شێوە، ئەوجا لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە لەنێوان کۆی پێکهاتەی عەرەبی سوننە لەگەڵ کۆی پێکهاتەی عەرەبی شیعە کۆمەڵێك کێشەی ئاڵۆز و گەورە هەن و چارەسەرکردنیان ئاسان نییە، هەر بۆیە ئەگەر پێشتر سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بۆ ئەوەی لایەنی کوردستانی نەبێت بە بەشێك لە کێشەی عەرەبی سوننە و شیعە، هەنگاوێك لە پرۆسەی سیاسی دەهاتە دواوە و چاوەڕێی دەکرد، ئێستا دەبێت چەند هەنگاوێك بێتە دواوە و چاوەڕێی ئەوە بکات و بزانێت، ئاڵۆزی و ناکۆکییەکانی نێوان لایەنەکانی شیعە و شیعە، هەروەها لایەنەکانی سوننە و سوننە لە ناوخۆیاندا بە کوێ دەگات و دوای ئەویش ناکۆکی و کێشەکانی نێوان شیعە و سوننە بە کوێ دەگات.

بەپێی ئەو مەزەندانەی لەسەر ئایندەی پرۆسەی عێراق (نێوان شیعە و سوننە) دەکرێت، زۆر زەحمەتە کێشە و ئاڵۆزی ناوخۆی لایەنەکانی شیعە و شیعە، هەروەها سوننە و سوننە، بە ئاسانی چارەسەر بکرێن، نە پێشبینی ئەوەش دەکرێت، کۆی پێکهاتەی عەرەبی شیعە و سوننە لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی سیاسی رێکبخرێنەوە، هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەم رەشبینییە ئەوەیە کە لەناو هەردوو پێکهاتەی عەرەبی سوننە و شیعەدا، پەرتەوازەیی سیاسی گەیشتۆتە ئەوەی کە فرەکوێخایی زۆر بێت و هیچ لایەك کاغەزی ئەوی دیکە نەخوێنێتەوە، ئەمە وادەکات کە لایەنی کوردستانی بیر لە نێوماڵی کوردستان بکاتەوە و هەوڵبدات هەر چۆنێك بۆی دەکرێت رێگە نەدات ئەو پەرتەوازەییەی نێوماڵی شیعە و سوننە لە کوردستانیشدا رەنگ بداتەوە، راستە ئێستا جۆرێك لە پەرتەوازەیی سیاسی لە نێوماڵی کوردستاندا هەیە، بەڵام نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە لە نێوماڵی عەرەبی شیعە و سوننەدا هەیە، لە کوردستان پارتی و یەکێتی دەتوانن بە ئاسانی ئەو پەرتەوازەییە سیاسییە چارەسەر بکەن، بەڵام لەناو سوننە و شیعە دوو هێزی بەو شێوەیە نین کە بتوانن بارودۆخەکە راست بکەنەوە.

**کاتێک گوێ لە گوتاری مێژووی عێراق و گوتارە سیاسییەکانی ناو ئەو گوتارە مێژووییە دەگرین، دەبینین هەموو کات گوێمان لە دەنگێک دەبێت کە دەنگی راستەقینەی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بێدەنگ دەکات**

**ئەگەر هەوڵ و هاوکاریی کوردستان نەبوایە، نە دەستووری عێراق بەو شێوەیە دادەڕێژرا، نە حکومەتەکانی عێراقیش پێکدەهاتن، بۆیە لەو ماوەیەدا چەندین جار وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و بەریتانیا و نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان سەردانی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستانیان دەکرد بۆ ئەوەی ببنە ناوبژیوان لە نێوان شیعە و سوننەدا و بتوانن حکومەتەکانی عێراق پێکبهێنرێن**

**لە سەرەتای دروستکردنی دەوڵەتی عێراق و پاشانیش لکاندنی پارچەیەکی کوردستان بەو دەوڵەتەوە، مێژووی دەوڵەتی عێراق بۆتە دیکۆمێنتێکی سەپێندراو و هەموو ئامرازێکی سەرکوتکاری بەکار هاتووە بۆ ئەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی ئەم دەوڵەتە بەزۆر دروستکراوە لەناو ئەو دیکۆمێنتەدا قسە بکەن کە بۆتە چوارچێوەیەک بۆ ناسنامە و مێژووی دەوڵەتی عێراق**

# بەرنامەی کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان

کوردستان لەماوەی کابینەی یەکەم بۆ هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە چەندین گۆڕانکاریی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و دەروونیی جیاوازدا تێپەڕی کردووە.

ئەگەر چاوپێخشاندنێکی خێرا بە وێستەگەکاندا بکەین، دەبینین کە لە ماوەی ئەو ٢٦ساڵەی تەمەنی ئەزموونی حوکمڕانیدا زۆر رووداوی گرنگ بە دیوە ئەرێنی و نەرێنییەکەیەوە روویان داوە.

شەڕی ناوخۆ و دابەشبوونی حکومەتی هەرێم بە سەر دوو زۆن، دەستپێکردنی قۆناغی ئاشتی و یەکگرتنەوەی حکومەتەکانی هەولێر و سلێمانی، رووخانی حکومەتی بەعس و گەڕانەوە بۆ بەغدا و دروستبوونی سیستمێکی سیاسیی فیدراڵی لە عێراق، بەشداریکردنی کارای کوردستان لە حکومەتی نوێی عێراق و بوونی کەسێکی کورد بە سەرۆکی کۆماری ئەو وڵاتە، تێکچوونی پەیوەندیی بەغدا و هەولێر، پەرەسەندنی کارەساتی تیرۆریستی لە عێراق کە کوردستانیشی گرتەوە، برەوسەندنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی هەرێم لەگەڵ جیهان و کردنەوەی نوێنەرایەتیی زۆر وڵات و رێکخراوی جیهانی لە هەرێم، پەیدابوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە کوردستان، هاتنی ئاوارە و پەنابەرانی کورد و عەرەب بۆ هەرێم، هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان و سەرکەوتنی پێشمەرگە لەو شەڕەدا، پەرەسەندنی ململانێ ناوخۆییەکان و پەککەوتنی پەرلەمانی کوردستان، ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان بە رێبەرایەتی سەرۆك بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، تاوانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و هێرشی حەشد و سوپای عێراق بۆسەر کوردستان و لەدەستدانی بەشێکی زۆری خاکی کوردستان، دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان لەگەڵ بەغدا و هێوربوونەوەی بەشێکی دۆخەکە، نموونەی ئەو رووداوە سیاسییە دیارانەن کە لەو ماوەیە روویان داوە.

لە رووی ئابوورییشەوە لەو ماوەیەدا کوردستان چەندین قۆناغی هەڵکشان و داکشانی بینیوە، لە هەرە دیارەکانی (وێڕای ئابلۆقەی ئابووریی گشتی لە سەر عێراق، حکومەتی بەعس دامەزراوە ئیدارییەکانی خۆی لە هەرێم کشاندەوە و ئابلۆقەیەکی تری ئابووری خستە سەر کوردستان، بەشداریی رێکخراوە نێودەڵەتییەکان لە ئاوەدانکردنەوەی بەشێك لە گوندە وێران بووەکانی کوردستان، دەستپێکردنی جووڵەی بازرگانی لەگەڵ هەردوو وڵاتی تورکیا و ئێران، داهاتی گومرگی سەرچاوەیەکی سەرەکیی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم بوون. دەرچوونی بڕیاری نەوت بەرامبەر بە خۆراك و پشکی کوردستان لەو بڕیارە، بووژانەوەی سەکتەری کشتوکاڵی، گەشەسەندنی شارەکان و فراوانبوونیان، پێدانی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق، بووژانەوەی دۆخی ژیانی هاووڵاتیانی کوردستان، بەرزبوونەوەی رێژەی دامەزراندن، سەرهەڵدانی دیاردەی گەندەڵی، دەستپێکردنی پرۆسەی سەرمایەگوزاری لە هەرێمی کوردستان و هاتنی کۆمپانیای بیانی، دەستپێکردنی پرۆسەی دەرهێنانی نەوت لە کوردستان و سیاسەتی سەربەخۆیی ئابووری، بڕینی بودجەی کوردستان لەلایەن بەغدا، پاشەکەوتکردنی مووچەی هاووڵاتیان، دابەزینی ئاستی ژیانی هاووڵاتیان، بەرزبوونەوەی رێژەی بێکاری لە کوردستان، داخستنی فڕۆکەخانە و دەروازە بازرگانییەکان لەگەڵ ئێران، لە ئێستادا جێگیر بوونی دۆخی دابەشکردنی مووچە لەلایەن حکومەتی هەرێم و باشتربوونی دۆخی ژیانی مووچەخۆران.

بە لەبەرچاوگرتنی کۆی ئەو گۆڕانە سیاسی و ئابوورییەی کە لە ماوەی ئەو ٢٧ساڵەدا لە هەرێمی کوردستان روویان داوە، دۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی لە رووی رەفتاری تاك و بەها و پەیوەندی و کێشە و دیاردە کۆمەڵایەتیەکان، مافەکانی مرۆڤ و پێکدادانی نێوان نەوەکان، کاریگەری تەکنۆلۆژیا و سۆشیال میدیا، دۆخی هەژاری، تاوان و جۆرەکانی، پرسی پەروەردەکردن، نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان، دیاردەی ژنکوشتن و هەڵوەشانەوەی خێزان و.. هتد، گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا هاتووە .

ئاماری دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، کۆمەڵگەی کوردستان بە کۆمەڵگایەکی گەنج هەژمار دەکات. مەزەندە دەکرێ کە رێژەیەکی بەرزی ئەو گەنجانە لە دوای ساڵی

**بەناوی بازاڕی ئازادەوە رۆژانە رێژەیەک خۆراک و کەلوپەل و دەرمانی ناتەندروست هاوردەی کوردستان دەکرێ، ئەمەش کاریگەری لەسەر دۆخی تەندروستی و بەرزبوونەوەی رێژەی هەندێک نەخۆشی دروست کردووە**

**خوێندن بە زمانی بیانی و برەوسەندنی قوتابخانەی نێودەوڵەتی زیاتر لە دە ساڵە وێڕای دیوە ئەرێنییەکەی، هۆکاری بەرهەمهێنانی دوو نەوەی جیاوازە لەناو یەک چوارچێوەی جوگرافیادا**

**برەوسەندنی دیاردەی چەکداربوونی هاووڵاتیان لەماوەی شەڕی داعشدا هۆکارێکی سەرەکییە لە بەرزبوونەوەی رێژەی تاوان و کوشتن**

گوڵان




## د.چنار سەعد عەبدوڵڵا

**ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی**


١٩٩١ لە دایکبووبن، واتا بە نەوەی دوای راپەڕین هەژمار دەکرێن. ئەو نەوە تازانە هەڵگری ویست و بۆچوون و بەهاو نەریتی تازەن کە جیایان دەکاتەوە لەوانەی پێش خۆیان. ئەمە وێڕای کاریگەریی بەهێزی تەکنۆلۆژیا و سۆشیال میدیا لەسەر بیرو هەست و رەفتاریان. نەوەی دوێنێ نەوەیەکی گۆشەگیر و قەتیس ماو لە جوگرافیایەکی بەرتەسك، کەچی نەوەکانی تازە بەبێ هەبوونی هیچ سانسۆرێك بە هەموو کونج و کەلەبەرێکی جیهان دەگەن.

نەوەی تازە لەگەڵ خۆی بەها و سلوکی تازەی داهێناوە، ئەگەر لەپێشوودا خێزان ئامانج بوو، تاکەکان بۆ ئەو قەوارەیە دەژیان، لە ئێستادا تاك ئامانجە و خێزان بۆ خۆشگوزەرانی تاکە، نەك بەپێچەوانەوە، بۆیە دەبینین دیاردەی لێکجیابوونەوە و هەڵوەشانەوەی خێزان ڕێژەکەی چۆن لە هەڵکشانە. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان سنووردار بوون و بەهۆی سەرقاڵی و ستایلی ژیان ئەو گەرموگوڕییەی جارانی نەماوە. قەیرانی ئابووری و بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری و بێکاری یەکێکە لە هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی ڕێژەی خۆکوشتن لە ناو ژن و پیاواندا . برەوسەندنی دیاردەی چەکداربوونی هاووڵاتیان لەماوەی شەڕی داعشدا هۆکارێکی سەرەکییە لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان و کوشتن، خوێندن بە زمانی بیانی و برەوسەندنی قوتابخانەی نێودەوڵەتی زیاتر لە دە ساڵە وێڕای دیوە ئەرێنییەکەی، هۆکاری بەرهەمهێنانی دوو نەوەی جیاوازە لەناو یەك چوارچێوەی جوگرافیادا، بەشێکیان لە جیهانێکی پێشکەوتووی خۆشگوزەران دەژین و ئاشنان بە زمان و فەرهەنگی ڕۆژئاوایی و تەنانەت بوونەتە بەشێك لەو کۆمەڵگەیانە، کەچی بەشەکەی تر لە ژیانێکی مامناوەند، یا ئاست نزم دەژی و ئاشنا نییە بە جیهانی بەشەکەی تر، ئەمەش لە داهاتوویەکی نزیکدا جۆرێك لە بەریەککەوتن دروست دەکات. بەناوی بازاڕی ئازادەوە ڕۆژانە ڕێژەیەك خۆراك و کەلوپەل و دەرمانی ناتەندروست هاوردەی کوردستان دەکرێ، ئەمەش کاریگەری لەسەر دۆخی تەندروستی و بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەندێك نەخۆشی دروست کردووە. قسەکردن لەسەر پرسەکانی وەك مافی ئافرەتان و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ هەمووان بابەتی جددی گفتوگۆکردنن لەناوەندە جیاوازەکاندا. سیمای ژیانی کۆمەڵایەتی کوردستان لە نێوان کۆمەڵگەیەکی نەریتی و خێڵەکی بوون و کۆمەڵگەیەکی شارستانیدا ماوەتەوە، تەنانەت لە هەندێ حاڵەتدا هیچیان نییە. کەواتە پرۆگرامی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەو دۆخانە دەبێ چی بێت؟

بڕیار وایە لە ٣٠ی ئەیلوولدا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدرێ و حکومەتێکی تازە دەست بە کارەکانی خۆی بکات. هەموو ئەو هێز و قەوارە سیاسییانەی کە خۆیان بۆ ئەو پرۆسەیە ئامادە کردووە، بەتایبەتی ئەو پارتە بەهێزانەی کە بە مسۆگەری براوەی هەڵبژاردن دەبن و بەشداری لە پێکهێنانی کابینەی تازە دەکەن، پێویستە لە پرۆگرامی کاری حکومەتی داهاتوودا ئەو چەند پرسە گرنگە لە ئەولەوییەتی کاری خۆیان دابنێن:

- ڕەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجان.
- بایەخدانی زیاتر بە سەکتەری پەروەردەو پێگەیاندن و کەمکردنەوەی جیاوازی لەنێوان کەرتی گشتی و پرایڤێت.
- بایەخدان بە باشکردنی سەکتەری تەندروستی و بیمەی تەندروستی بۆ هاووڵاتیان.
- هێنانە کایەی سیستمی بیمەی کۆمەڵایەتی.
- هەبوونی پڕۆگرامێکی تایبەت بە کەمکردنەوەی دیاردەو تاوانەکانی وەك: (کوشتنی ژن، توندوتیژی خێزانی، خۆکوشتن، دیاردەی چەکداری، بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، باندی لەشفرۆشی).
- بەردەوامبوون لە پرۆسەی چاکسازی بە جۆرێك گشت سەکتەرەکان بگرێتەوە .
- برەودان بە سەکتەرەکانی خزمەتگوزاری وەك (کارەبا و ئاو و ئاوەڕو).

بەو مانایەی کە لەپێناو فەراهەمکردنی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و پێشکەوتوو پێویستە پرسە مرۆییەکان و ئەوەی پەیوەستە بە خۆشگوزەرانیی تاکی کوردستان لە ئەولەوییاتی کارنامەی کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بێ، نەك پرسێکی تر.

**قەیرانی ئابووری و بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری و بێکاری یەکێکە لە هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی ڕێژەی خۆکوشتن لە ناو ژن و پیاواندا**

**ئەگەر لە پێشوودا خێزان ئامانج بوو، تاکەکان بۆ ئەو قەوارەیە دەژیان، لە ئێستادا تاك ئامانجە و خێزان بۆ خۆشگوزەرانی تاکە، نەك بەپێچەوانەوە، بۆیە دەبینین دیاردەی لێکجیابوونەوە و هەڵوەشانەوەی خێزان ڕێژەکەی چۆن لە هەڵکشانە**

**نەوەی دوێنێ نەوەیەکی گۆشەگیر و قەتیس ماو لە جوگرافیایەکی بەرتەسک، کەچی نەوەکانی تازە بەبێ هەبوونی هیچ سانسۆرێک بە هەموو کونج و کەلەبەرێکی جیهان دەگەن**



دکتۆر ئەردەڵان نورەدین
ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# پارتی چاوەڕێی ئەوەیە لە هەژمارکردنەوەی دەنگەکاندا بە دەست ژمارەی کورسییەکانی زیاد بکات

ڕۆژی ٢١ی حوزەیرانی ٢٠١٨ بۆ گەلی کوردستان و پێشمەرگە گرنگ بوو، دوای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان توانی لە دادگای فیدراڵی تانەکەی سەربکەوێت کە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو بڕیارەی پەرلەمانی عێراق دابووی کە دەنگی پێشمەرگەی لە هەبژاردنەکانی عێراقدا هەڵوەشاندبووەوە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسەو کاریگەریی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی لە هەژمارکردنەوەی دەنگەکان بەشێوەی دەستی، گۆڤاری گوڵان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ دکتۆر ئەردەڵان نورەدین لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی ڕێکخست و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

*** گەڕانەوەی دەنگی پێشمەرگەی کوردستان تاچەند بۆ گەلی کوردستان گرنگە؟**

- هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشێکی گرنگی خەڵکی کوردستانە و ناکرێت دەنگەکانیان بەم شێوازە بفەوتێت، لەکاتێکدا بەپێی دەستوور هەموو هاووڵاتیەکی عێراق لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگەکەی هەژمار دەکرێت، مادام کەموکوڕییەك نییە لەو کەسەی دەنگەکەی داوە. لێرەدا هیچ کەموکوڕییە لە دەنگدانی تاکەکانی پێشمەرگە نییە، بۆیە ئێمە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان پێداگریمان کرد لەسەر ئەوەی دەبێت دەنگی پێشمەرگە بگەڕێتەوە و خۆشبەختانە بڕیارەکەی دادگای ئیتیحادی لە بەرژەوەندیی پێشمەرگە بوو، کە دەنگەکانیان بە دەست هەژمار دەکرێتەوە، ئەگەر هاتوو هەژمارکردنەوەی دەنگەکان دەستی پێکرد.

*** چ لایەنێکی سیاسی لە کوردستاندا بەشداربوون لە هەڵوەشانەوەی دەنگەکانی پێشمەرگە؟ ئایا ئەمە شکاندنی شکۆ و پێگەی کورد نییە لە عێراقدا؟**

- ئەو حزب و لایەنانەی کوردستان کە بەشداربوون لەو دانیشتنە تایبەتەی پەرلەمانی عێراق بۆ ئەوەی دەنگەکانی پێشمەرگە لە هەڵبژاردنەکاندا هەڵبوەشێتەوە، دیارن و بە داخەوە هەندێکیان بە شانازییەوە باسی ئەو کارەیان دەکەن کە بەشدار بوون لە هەڵوەشانەوەی دەنگی پێشمەرگە. ئێمە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان و بەپێی ئەو زانیارییانەی هەمان بوو، بەشداریمان نەکردو یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش لەو کۆبوونەوەیە بەشداری نەکرد.

*** تاچەند نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراق کاریان لەسەر گەڕانەوەی دەنگی کوردانی ئێزیدی کردووە، لەکاتێکدا لە دەشتی نەینەوا و پارێزگای موسڵ دەنگێکی زۆری کوردانی ئێزیدی هەژمار نەکراون؟**

- وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان نەك تەنیا دەنگی کوردانی ئێزیدی، بەڵکو نامانەوێت دەنگی یەك کورد بفەوتێت، بە هەمانشێوە نامانەوێت دەنگی عەرەبیش بفەوتێت. هەموو هاووڵاتییەك لە عێراقدا مافی خۆیەتی بەشدار بێت لە هەڵبژاردنەکاندا و دەنگی خۆی بدات، بۆیە ئێمە لەگەڵ گەڕانەوەی دەنگی هەموو هاووڵاتییەکین لەسەرووشیانەوە برایان و خوشکانی کوردانی ئێزیدی کە تووشی چەندین کێشە و دەردەسەری بوون.

*** پارتی دیموکراتی کوردستان پێش بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بێ منەت بوو لە هەژمارکردنەوەی دەنگەکان، ئایا ئەم بێ منەتییەی پارتی لە چییەوە هاتووە؟**

- پارتی دیموکراتی کوردستان نەك تەنیا متمانەی بە دەنگەکانی خۆی هەیە، بەڵکو پێمانوایە چەندین کەموکوڕی هەیە لە هەژمارکردنی ئەلکترۆنی بۆ دەنگەکانمان و پێمانوایە دەنگەکانی ئێمە زیاترە لەوەی کە هەژمارکراوە، بەتایبەتی لە پارێزگای سلێمانی، لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە پێویستە بۆ چارەسەرێك بگەڕێین بۆ ئەوەی کێشەکان نەمێنن و متمانە لەنێوان حزب و لایەنە سیاسییەکان دروست بێت، بۆ ئەوەی دەنگەکان دەنگی راستەقینەی هەموو لایەنە سیاسییەکان بن.

*** بەڵام هەژمارکردنەوەی دەنگەکان بە دەست پرۆسەی سیاسی لە عێراق دوادەخات و رەنگە نائارامی و توندوتیژی لێ بکەوێتەوە و دامەزراندنی حکومەتی نوێی عێراق دوا بکەوێت؟**

- ئێمەش لەبەر ئەم هۆکارە بوو کە پێمانوابوو ئەگەر هەندێك کەموکوڕی هەبێت، با ئەم خەلەلانە نەبێتە هۆی رێگری لە بەردەم دەست بەکار بوونی پەرلەمانی عێراق و دامەزراندنی حکومەتی نوێ بە زووترین کات، بەڵام بە داخەوە رێڕەوەکان بەم شێوازە نارۆن و بەرەو ئەوە دەڕۆن دەنگەکان بژمێردرێنەوە و بڕیاری دادگای فیدراڵیش هەر لەسەر ئەو بابەتە بوو. لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە هیچ گلەیی و رەخنەمان نییە لە هەژمارکردنەوەی دەنگەکان بە دەست، بگرە بەرگریش لەوە دەکەین کە دووبارە دەنگەکان هەژمار بکرێنەوە، بە مەرجێك ئەم پرۆسەیە بە زووترین کات ئەنجام بدرێت و متمانە لە نێوان لایەنە سیاسییەکان دروست بێت .

*** مشتومڕی زۆر کرا لە سەر درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان، ئایا تاچەند دەستوورییە و ئایا لە کاتی درێژنەکردنەوەی تەمەنی**

**ئەو حزب و لایەنانەی کوردستان کە بەشداربوون لەو دانیشتنە تایبەتەی پەرلەمانی عێراق بۆ ئەوەی دەنگەکانی پێشمەرگە لە هەڵبژاردنەکاندا هەڵبوەشێتەوە، دیارن و بە داخەوە هەندێکیان بە شانازییەوە باسی ئەو کارەیان دەکەن**

**پێویستە بۆ چارەسەرێک بگەڕێین بۆ ئەوەی کێشەکان نەمێنێت و متمانە لەنێوان حزب و لایەنە سیاسییەکان دروست بێت، بۆ ئەوەی دەنگەکان دەنگی راستەقینەی هەموو لایەنە سیاسییەکان بێت**

**پەرلەمان بۆشایی یاسایی دروست نابێت، لە کاتێکدا پرۆسەی سیاسی بەم نزیکانە یەکلا نابێتەوە تاوەکو پەرلەمان دەست بەکار بێت و حکومەتی نوێی عێراق دامەزرێت؟**

- وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ درێژکردنەوەی پەرلەمان تا ئەمڕۆ بەشداری دانیشتنەکە نەبووین، هاوکاریش نابین بۆ درێژکردنەوەی ماوەی تەمەنی پەرلەمان، بەڵکو لەگەڵ ئەوەداین بە زووترین کات دەنگەکان هەژمار بکرێنەوە و دەنگە راستەقینەکان ئاشکرا بکرێت و پەرلەمانی نوێی عێراق دەست بەکار بێت. لەلایەکی ترەوە درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان سەرپێچییەکی دەستوورییە و بڕیارەکەی پێشووی دادگاش ئەوەی دەستنیشان کردووە کە نابێت تەمەنی پەرلەمان لە ٤ ساڵ زیاتر بێت.

**پارتی دیموکراتی کوردستان نەک تەنیا متمانەی بە دەنگەکانی خۆی هەیە، بەڵکو پێمانوایە چەندین کەموکوڕی هەیە لە هەژمارکردنی ئەلەکترۆنی بۆ دەنگەکانمان و پێمانوایە دەنگەکانی ئێمە زیاترە لەوەی کە هەژمارکراوە**

*** هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کە حکومەتی نوێی عێراق ئەگەرچی کورد و سوننەی تێدا دەبێت، بەڵام بە زۆرینە لیستە گەورەکانی شیعە تێیدا باڵادەست دەبن، پرسیار ئەوەیە لە حاڵەتی دامەزراندنی حکومەتێکی تائیفی تاچەند کورد لەو حکومەتەدا بە شێوەیەکی هاوبەشی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت؟**

- هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەیە حکومەتی داهاتووی عێراق حکومەتێکی تائیفی نەبێت و حکومەتێکی زۆرینەش نەبێت، بەڵکو حکومەتێکی ئیئتیلافی بێت و هەموو لایەنەکانی تێدا بێت، راستە لەسەرەتادا هەندێك ئاراستە دەرکەوت بەوەی حکومەتێکی زۆرینەی شیعە دەبێت، بەڵام دواتر گەیشتنە ئەو باوەڕەی بەمشێوازە ناگەنە ئەو ئاستە، بۆیە ئێستا بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچن کە هەموو لایەنەکان لە حکومەتی تازەدا بەشدار بن، هەرچۆنێك بێت پرۆسەکە دواخراوە بە هۆی کێشەی یەکلاکردنەوەی دەنگەکان و ئەو تۆمەتانەی خراونەتە پاڵ کۆمسیۆن، بۆیە تا ئێستا هاوپەیمانێتییەکان بۆ دامەزراندنی حکومەتی نوێی عێراق دیار نییە.

**هەموو هاووڵاتییەک لە عێراقدا مافی خۆیەتی بەشدار بێت لە هەڵبژاردنەکاندا و دەنگی خۆی بدات، بۆیە ئێمە لەگەڵ گەڕانەوەی دەنگی هەموو هاووڵاتییەکین لەسەرووشیانەوە برایان و خوشکانی کوردانی ئێزیدی کە تووشی چەندین کێشە و دەردەسەری بوون**

*** تاچەند متمانەتان بەوە هەیە پەرلەمانی عێراق بە دەردی خولی پێشوو نابرێت و پەرلەمانێکی زۆرینەی شیعە دژی کورد ئاراستە ناکرێت؟**

-لە سەرەتای دەستبەکاربوونی ئێمە لە پەرلەمانی عێراق لەسەرەتای ٢٠١٤ دوچاری چەندین کێشەی گەورە بووین، پێش دەستبەکاربوونی ئێمەش بڕیاری مالیکی بە بڕینی بەشە بودجەی کوردستان و بودجەی پێشمەرگە دەرچووبوو، پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغداش رووی لە خراپی کردبوو، بەڵام دوای ئەو بڕیارانەی لە هەرێمی کوردستان دەرچوو، سەبارەت بە ریفراندۆم و سەربەخۆیی، وایکرد بەغدا بێتەوە سەرهێڵ و دووبارە بەغدا ناچار بوو پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ببەستێتەوە. ئومێد دەخوازم ئەم خولەی داهاتووی پەرلەمانی عێراقدا خولێکی ئارام بێت و هەڤاڵانم لە کەشێکی ئارام و هێمندا کار بکەن و پەیوەندیەکانیان لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکان بەهێز و پتەو بێت، ئێمەش ئەگەر داوای یارمەتییان کرد، ئامادەی هەموو هاوکاری و پاڵپشتییەکی ئەوانین.

*** ئەگەر گۆڕانکاری لە دەنگەکان رووی دا، تاچەند ئەمە کاریگەری لە سەر پرۆسەی سیاسی و دامەزراندنی حکومەتێکی ئیتلافی دەبێت؟ ئایا ئەمە دەبێتە هۆکاری سەقامگیریی پرۆسەکە؟**

- ئەمە بەندە بە ئاستی گۆڕانکارییەکانەوە، ئایا ئاستی گۆڕانکارییەکە چەندە و ئایا تا چەند لایەنە سیاسییەکان ئامادەی قبووڵکردنیانن. چونکە ئەگەر گۆڕانکارییەکە لە ئاستێکی ماقووڵدا بوو، ئەوا هەموو لایەنە سیاسییەکان قبووڵی دەکەن و ئەگەر لەو ئاستەش دەرچوو، ئەوا بێگومان کێشە دروست دەبێت، ئەو کاتەش پێویستە متمانە بگەڕێتەوە بۆ نێو لایەنە سیاسییەکان و پێویستە لە رێی پەیوەندییەکانیانەوە ئەو دۆخە ئارام بکەنەوە.

*** لەم خولەی پەرلەمانیشدا نەتوانرا کار لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور بکرێت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، ئایا هیچ ئومێدێك بەوە هەیە لە سایەی پەرلەمان و حکومەتێکی زۆرینەی عەرەبی شیعە و سوننە ئەم دۆسیّیە وەکو هاوبەشێکی سەرەکیی کورد لە عێراقدا چارەسەر بکرێت؟**

- تا ئێستا بەو شێوازە کار بۆ چارەسەرکردنی نەکراوە، چونکە کێشەی دیکە هاتنەپێشەوە کە



پێویستیان بە چارەسەری بەپەلە هەبوو، بۆ نموونە کێشەی بودجە و هێزەکانی پێشمەرگە و مەشق پێکردنیان و پڕ چەککردنیان، هەروەها چەندین کێشەی دیکە دروست بوون لە نێوان هەرێم و بەغدا، کە بوونەهۆی ئەوەی تا رادەیەك چاوپۆشییەك لە ماددەی ١٤٠ و ناوچە دابڕێنراوەکان بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەبیر نەکراوە و هەر هەوڵی بۆ دراوە و بە بەردەوامی کارمان لەسەر کردووە، بەڵام نەمانتوانی بەغدا بەوە رازی بکەین کە بە زووترین کات سەرژمێری بکات و ماددەی ١٤٠ جێبەجێی بکات، ئەمانە کەموکوڕییەکانن و هۆکارەکەش بۆ دروستبوونی کێشەی نوێ و رۆژانەی نێوان هەرێم و بەغدا دەگەڕێتەوە کە وای کردووە ئەو کێشە کۆنانە تا رادەیەك فەرامۆش بکرێن، بۆ ئەوەی لە کاتێکی گونجاوتر دووبارە قسەیان لەبارەوە بکرێتەوە.

*** بەڵام لە ئێستادا پارتی دیموکراتی کوردستان لە چوونە ناو هەر هاوپەیمانییەك پرسی کەرکووك و ماددەی ١٤٠ی لە ریزبەندی ئامانجەکانیدا داناوە، ئایا دەکرێت جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە بکرێتە پێشمەرجی هەر هاوپەیمانێتییەك کە کورد تێیدا بەشدار دەبێت؟**

- بێگومان هەر کاتێك حکومەت دروست دەبێت، بەرنامەی خۆی دەبێت و ئێمە دەبێت هەوڵی ئەوە بدەین ئەو بابەتانەی گرنگن بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان، لە پێشەوەی هەموویان جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ لە ماوەیەکی دیاریکراودا، ببنە خاڵێکی بەرنامەی حکومەتی داهاتوو و بگرە بیکەینە مەرجی هاوپەیمانێتی لەگەڵ هەر لایەنێکی سیاسی، کە دەبێت بۆ ئەم مەبەستە کورد یەکدەنگ و یەك داواکار بێت. بە پێچەوانەوە ئەم پرسانە زیاتر دوا دەخرێن.

**درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان سەرپێچییەکی دەستوورییە و بڕیارەکەی پێشووی دادگاش ئەوەی دەستنیشان کردووە کە نابێت تەمەنی پەرلەمان لە ٤ ساڵ زیاتر بێت**

# فەلسەفەی ململانێی نێوان موسڵمان و ئیسلامی

جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئەم دوو زاراوەیە (موسڵمان و ئیسلامی) و ئەم دوو جیهانەدا هەیە، یەکەم شت دەست بە چەمك و تێگەیشتنییان دەکەین، یەکەمیان (موسڵمان) زاراوەیەکی راستە و قورئانی پیرۆز بەکاریهێناوە (هو سماکم المسلمین من قبل)، واتا خوا بە موسڵمان ناوی بردووین، هیچ زاراوەیەکی دیکە شوێنی ناگرێتەوە، بەڵام زاراوەی (ئیسلامی) زاراوەیەکە لە کۆنەوە بەکارهاتووە بۆ واتایەکی دیاریکراو، ئێستاش بۆ مانایەکی زۆر جیاواز بەکارهاتووە، بەکارهێنانە کۆنەکە یەکەم جار ئەبولحەسەن ئەشعەری (لە ٣٢٤ی کۆچی مردووە) بەکاریهێناوە لە کتێبەکەیدا (مقالات الإسلاميين واختلاف المصلين) و ئەلجوەینی (لە ٤٨٤ی کۆچی مردووە) دواتریش شەهرستانی (٥٤٨ی کۆچی) مەبەست لە بەکارهێنانی زاراوەی (ئیسلامی) ئەو زانایەیە کە داکۆکی لە بیروباوەڕی ئیسلام دەکات دژی شێواندنی سەرپێچیکاران، زاراوەیەکی زانستی و فەلسەفی و فیکری و ئیبستمۆلۆجییە، بە تەواوی لەگەڵ بەکارهێنانەکەی ئیسلامییەکانی سەردەمی نوێ جیاوازە، ئیسلامی لەم سەردەمەدا مەبەست ئەو پیاوەیە کە سەر بە گرووپێکی ئیسلامیی سیاسییە، کەواتە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان بەکارهێنانی کۆن و نوێدا هەیە، ئەوەی ئێستا کە بەکاردێت چەوتی و تێگەیشتنی هەڵەی راستیی زاراوەکەیە، چونکە ئیسلامییەکانی پێشوو زانا و فەیلەسوف بوونە کتێبی فیکرییان دەنووسی بۆ داکۆکیکردن لە بیروباوەڕی ئیسلامی، ئیسلامییانی سەردەم زاناو بیرمەندو فەیلەسوف نین، رەنگە هەندێك وابن، بەڵام زۆربەیان لە کۆتاییدا وازیان لە ئیسلامێتیی خۆیان هێناوە (وەك رێکخراوی ئایینی و سیاسی) مەبەستیان دانان و نووسینی کتێب نییە بۆ داکۆکی لە ئیسلام، بەڵکو ئەمەیان بۆ داکۆکییە لەو گرووپەی کە ئینتیمایان بۆی هەیە، هەروەها داکۆکی لە بیرو فەلسەفەی ئەو رێکخراوە، کە تەنیا خۆیان بە خاوەن راستی دەزانن و دەبێ هەموو موسڵمانان لەژێر ئاڵای ئەوان کاربکەن، هەروەها جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەو دوو زاراوەیەو ئەو دوو جیهانەدا، جیهانی موسڵمان سرووشتییە، نە ریا و نە توندوتیژی و نە پەڕگیری تێدا نییە، چونکە موسڵمان بڕوای وایە کە ئایین پەیوەندییەکە لەنێوان خۆی و خواکەی، دەستوەرناداتە کاروباری کەسانی دیکە، بەڵام جیهانی ئیسلامییەکان درووستکراوە و توندڕەوی و پەڕگیری و ریای تێدایە، ئیسلامی پێیوایە کە ئایین پەیوەندییە لەنێوان خۆی و خەڵك، چونکە خەلیفەی خوایەو لەسەر زەوی نوێنەری خوایەو موحاسەبەی کەسانی دیکە دەکات، ماف بەخۆی دەدات ئەمە بکات، بەمەش کۆمەڵگە دەبێتە کۆمەڵگەیەکی سەرلێشێواو و دووبەرەکی بڵاودەبێتەوە و رق و کینە بەرامبەر ئایین پەیدادەکات، ئەو راستییەشمان بینی کاتێك ئیسلامییەکان دەسەڵاتیان لە هەندێ وڵاتانی موسڵمان گرتە دەست.

جیهانی ئیسلامی سیاسی Political Islam جیهانێکی ئایدیۆلۆجییە و شێوازێکی دیاریکراو بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنێت و هیچ شتێکی دیکە قبووڵ ناکات، ئەوەی دیکە بە بیدعە دادەنێت، بۆیە توندڕەوانی ئیسلامی سیاسی پەنا بۆ توندوتیژی و تیرۆر دەبەن بۆ سەپاندنی ئایدیۆلۆجییەتەکەیان بەسەر کۆمەڵ و ئایین و ئایینزاکانی دیکە، پێشیان وایە کە پێغەمبەر (د خ) کاتێ وەفاتی کرد، پەیامەکی بەجێهێشتووە بۆ ئەوەی بیگەیەنن، ئەوان لەمەدا خۆیان لە خەڵکی دیکە بە چاکتر دەزانن، بەگومانیشەوە دەڕواننە ئەوانەی لە دەرەوەی ئەوان پەیامەکە دەگەیەنن، بۆ نموونە تیرۆرکردنی وەزیری ئەوقافی میسر محەمەد زەهەبی کە ئەو زاناو بیرمەندێکی گەورە بوو لەلایەن توندڕەوانی ئیسلامی سیاسی کوژرا، چونکە پەیامەکەی لە دەرەوەی گرووپی تەکفیریی و هیجرەی شوکری مستەفا دەگەیاند.

**کاتی هاتووە ئیسلامی سیاسی بۆخۆی هەڵوەشاندنەوەو شکستی خۆی رابگەیەنێت، یان وەک حزبێکی مەدەنی و دیموکراسی کاربکات دوور لە چوارچێوەی ئایینی یان بێتە نێو حزبە سەرەکی و گرنگەکانی گۆڕەپانەکە، بەتایبەتی ئەوانەی پلانی ستراتیژییان هەیە بۆ سەربەخۆیی کوردستان**

د.عەرەفات کەرەم ستونی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی



جیهانی ئیسلامی سیاسی چەند کەسێکی فرە پسپۆڕ دەگرێتەخۆی، دینداری بەتەنیا کۆی نەکردوونەتەوە، بەڵکو سیاسەت و بەرژەوەندییەکان، راستە خاڵی هاوبەشیان هەیە کە مەسەلەی دیندارییە، بەڵام لەو گرنگتر کۆبوونەوەیانە لە گۆشەنیگایەکی تەسکەوە، ئەو جیهانە پزیشك و ئەندازیارو پارێزەرو ئەفسەر و جووتیارو خەڵکی دیکەشی تێدایە کە لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆجییەتێکی دیاریکراوی ئاینیی سیاسیدا کاردەکەن، تەنانەت سەرکردەکانی ئیسلامی سیاسی دەرچووی شەریعە نین لەوانە.

١- حەسەن بەننا دامەزرێنەری گرووپی ئیخوان موسلمینی میسر دەرچووی کۆلیجی زانستە.

٢- ئوسامە بن لادن دامەزرێنەری قاعیدە لە ئەفغانستان دەرچووی کارگێڕی و ئابوورییە.

٣- ئەیمەن زەواهیری سەرکردەی ئێستای قاعیدە دەرچووی کۆلیجی پزیشکییە.

٤- قەلبەدین حیکمەتیار سەرۆکی حزبی ئیسلامی لە ئەفغانسان دەرچووی کۆلیجی ئەندازیارییە.

٥- ئەبو مسعەب زەرقاوی سەرکردەی قاعیدە لە میسۆپۆتامیا بێ بڕوانامەیە.

٦- نەجمەدین ئەربەکان دەرچووی کۆلیجی ئەندازیارییە.

٧- شوکری مستەفا سەرکردەی گرووپی هیجرەو تەکفیری میسر دەرچووی کۆلیجی کشتوکاڵە.

٨- عەبدولسەلام فەرەج کۆلیجی ئەندازیاری.

٩- عەبدولقادر عەبدولعەزیز کۆلیجی پزیشکی.

١٠- عەنتەر زەوابری پینەدۆزە.

١١- ئەبو ئەعلا مەودودی رۆژنامەنووسە لە پاکستان.

١٢- د. ساڵح سەرییە دەرچووی کۆلیجی زانستە.

١٣- عەبدولقادر حەشانی دەرچووی کۆلیجی پترۆکیمیاویاتە.

١٤- خالد مشعەل دەرچووی بەشی فیزیای کۆلیجی زانستە.

بۆیە ناتوانین لەم جیهاندا بیرمەندێك، یان زانایەك بدۆزینەوە چونکە بیرمەندو فەیلەسوف و زانا ناتوانن لەم جیهانە کۆت و بەندکراوە بە ئایدیۆلۆجییەتێکی دیاریکراودا بژین، بیرمەند و زاناو فەیلەسوفی موسڵمان کەس تەحەکومی پێوە ناکات و خۆی خاوەنی خۆیەتی، بەڵام ئەوانی ئیسلامی – ئەگەر هەشبن کەمن- ئازادیی رادەربڕین و رەخنەگرتنیان نییە، بەندەیەکی زەلیلەو ئەو کتێبانەی دەیانخوێنێتەوە کەمن، ئەگەر هێڵی رەخنەگرتنی بەزاند، یان بە دەرچوو لە گرووپی موسڵمانان واتا ئیسلامییەکان تۆمەتبار بکرێت، ئەوکات هەموو بژاردەیەك کراوە دەبێت، کە توندترینیان کوشتنە، یان دەبێ پاکانەی خۆی لەو گرووپە رابگەیەنێت تا بە سەلامەتی و ئازادی بژییێت، لە راستیدا ئەوەی چوارچێوەکانی حزبی و ئایدیۆلۆجی لە دەستکەوتنی راستی و بیرکردنەوە ببەزێنێت، ناتوانێت لە زیندانی جیهانی ئیسلامی سیاسیدا بمێنێتەوە، بۆیە زۆر زاناو فەیلەسوف بڕیاریان دا لێی دەربچن و بچنە نێو جیهانێکی فراوانترەوە، کە دواتر بوونە بلیمەت لە فیکرو زانست و فەلسەفە، ئەم جیهانە رۆژ بەرۆژ دەپووکێتەوەو کزدەبێت، چونکە چەند جیهانی فیکرو فەلسەفەو عەقڵ و مێژوو فراوانتر بێت، ئەوەندە جیهانی ئیسلامی سیاسی بەرتەسك دەبێتەوە، چونکە جیهانێکی دروستکراوە بۆ چەند توێژێکی دیاریکراو، با بزانین چەند گرووپی ئیسلامی لە گرووپی ئیخوان موسلمین جیابوونەتەوە کە بە گرووپی دایك ناسراوە، ئەمەش بە واتای کە ئەم جیهانە پەرشوبڵاوەو قابیلی لێکترازانە، ئەو جیهانەش خەڵکێکی دیاریکراو بۆ مەرامی سیاسی دروستیانکردووە، نەك بۆ چاکسازیی ئایینی و فیکری، ئیسلامی سیاسی ئەو چاکسازییانەی ناوێت، بەڵکو لە دیدی ئایدیۆلۆجیی خۆیەوە دەیەوێت، چونکە ئەم جۆرە چاکسازییانە مەرام و ئامانجی ئیسلامی سیاسی ناپێکن، بەڵکو هەڕەشەیە

**ئەوەی لە چوارچێوەی ئیسلامی سیاسی بژێیت و کاربکات، رووبەڕووی پەرگیری و توندڕۆیی دەبێتەوە، زۆر گەنجمان بینی سەر بە گرووپێکی دیاریکراوی ئیسلامی بوون لە کوردستان پەیوەندییان بە رێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە کرد**

بۆ بوونیان، پێمابوو کە گرووپە ئیسلامییەکان وەکو یەك نین، هەیانە توندڕەو و هەشیانە میانڕەو، بەڵام خاڵی هاوبەشیان ئایدیۆلۆجییە، هەر گرووپێکی دیاریکراوی ئیسلامی ئایدیۆلۆجییە و بۆ کۆمەڵگە دەستنادات، چونکە بە مۆرکێکی دیاریکراوی ئایینییە، ڕەنگە بۆ کۆمەڵگەیەکی یەك ئایین بشێت، بەڵام بۆ کۆمەڵگەیەکی فرە نەتەوەو ئایین و ئایینزا کارەساتەو هەڕەشەیە بۆ ئاشتیی کۆمەڵایەتی، بۆیە پێویستە یاسایەك لە پەرلەمانی ئەو وڵاتە بە تایبەتی لە عێراق و کوردستان دەربچێت بە قەدەغەکردنی دامەزراندنی هەر گرووپ، یان حزبێکی سیاسی لەسەر بنەمای ئایینی، تاکو کۆمەڵگە بەهۆی ئەو گرووپانەوە لێك نەترازێت.

جیهانی ئیسلامی سیاسی پێناسەی ئیسلام بەوە دەکات کە ئایین و دەوڵەتە، یەکەم کەس کە ئەم بیدعەیەی داهێنا حەسەن بەننا بوو، ئەمەش پێناسەیەکی سیاسییە بۆ ئیسلام، کە هیچ بنەمایەکی نییە و، پێناسەیەکە بە گوێرەی بەڵگەکانی قورئان و فەرموودەو قسەی زانایانی پێشانی موسڵمان ڕەتکراوەتەوە، بەتایبەتیش ئیبن عوقەیل حەنبەلی و ئیبن قەییم جۆزیەو توفی و شاتبی، بەڵام جیهانی موسڵمان پێی وایە کە ئیسلام ئایین و دنیایە، واتا مرۆڤ پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ خوای خۆی دەبەستێت ئەمەیە ئایین، پەیوەندییەکی باش لەگەڵ خەڵك ئەمەیە دنیا، بەهێزیی پەیوەندی لەگەڵ خوا واتا دڵسۆزی و ڕاستگۆیی، پەیوەندیی باش لەگەڵ خەڵك واتا مامەڵەی چاك و ڕەوشتی بەرزی دوور لە دووبەرەکی، بەم شێوەیە جیهانی ئایین و دنیا تەواودەبێت، بۆیە ماوەردی کتێبەکەی بە ئەدەبی دنیاو ئایین ناوناوە، قسەکردن لەسەر دەوڵەت بەشێکی ئاسانە لە دنیا، بەڵام نابێت گەورە بکرێت وەك ئەوەی ئیسلامییەکان دەیکەن، دوای هەرەسهێنانی دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی ١٩٢٤ هەندێ کەس لە میسر هەوڵیان دا ئەزموونی خەلافەتی عوسمانی لە تورکیاوە بگوێزنەوە میسر، کتێب و نامەو وتارەکانیان پڕ بوو لە قسەکردن دەربارەی دەوڵەتی ئیسلامی و خەلافەتی باش و حوکمڕانیی ڕەها، سێ ئاراستە بەرامبەر ڕووخانی دەوڵەتی ئیسلامی پەیدابوون:

ئاراستەی یەکەم: ڕەتکردنەوەی ئەزموونی خەلافەتی عوسمانی، چونکە شکستخواردوو بووە، ناکرێ بۆ میسر بگوازرێتەوە، دادوەر عەلی عەبدولڕەزاق خاوەنی کتێبی (الإسلام وأصول الحكم) بەتوندی پشتگیری لەم ئاراستەیە کرد، کە بە هۆی ئەم کتێبەوە لە ئەزهەر دەرکرا.

ئاراستەی دووەم: پشتگیریی ڕەها، لەوانە شێخی ئیسلام لە دەوڵەتی عوسمانی مستەفا سەبری کە لە تورکیاوە رایکرد بۆ میسر، کتێبێکی دانا بە ناوی (النكير على من أنكر النعمه من الدين والخلافه والأمه) تێیدا ئەم ئەزموونەی بۆ میسر گواستەوە، هەروەها محەمەد ڕەشید ڕەزا و قوتابییەکەی محەمەد عەبدە کە کتێبێکی دەربارەی خەلافەت دانا، حەسەن بەننای دامەزرێنەری ئیخوان موسلمین بە توندی پشتگیریکرد، هەروەها زۆر گرووپی دیکەی ئیسلامی پەیدا بوون، داوایان دەکرد خەلافەتی ئیسلامی بگەڕێتەوە، تا ئەو کاتەی بە فەرمی ئەبوبەکر بەغدادی سەرکردەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە موسڵ ڕایگەیاند.

سێیەم: پەرەپێدانی خیلافەت و تازەکرنەوە، واتا گۆڕینی بۆ کۆنگرەی ئیسلامی کە پێشنیارێکە عەبدولڕەزاق سەنهوری پێشکەشی کرد، بەڵام جەمالەدین ئەفغانی داوای دامەزراندنی زانکۆی ئیسلامی کرد.

تائێستا ئەم هەر سێ ئاراستەیە بەردەوامن و لایەنگرو پەیڕەوکاریان هەیە، لەسەر ئەم بنەمایەش حەسەن بەننا گرووپەکەی ڕێکخست بۆ زیندووکردنەوەی خیلافەتی ئیسلامی، بەڵام نەیتوانی ئەزموونە دەرەکییەکان کە زۆر ئاڵۆزن بگوێزێتەوە، بۆیە ئەو هەوڵانە سەریان نەگرت و بوونە دروشمی بەتاڵ، لە کام شوێنی جیهانی ئیسلامیدا ئیسلامییەکان توانیویانە سەرکردایەتیی وڵاتێکی دیاریکراو بکەن، کاتێکیش سەرکەوتبن ئەوا سەرشێواوبوونە نەك لەبەر کەمیی ئەزموون، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە زۆر بواردا پسپۆڕی گەورەیان هەیە، بەڵام بەرنامەی حوکمڕانییان بۆ حوکم ناشێت و بەرنامەیەکی تەسکی ئایدیۆلۆجییە، ئاسانیشە کە لە هەر هەڵبژاردنێکدا سەربکەون چونکە دروشمە ئاینییەکانیان بازرگانییەکی پڕ قازانجەو خەڵکی ساویلکەی پێ هەڵدەخەڵەتێنن، ئیسلامییەکان خەمیان تەنیا دەسەڵاتەو دواتریش ئایدیۆلۆجییەکەیانە، لێرەدا دەبێت بپرسین ئایا لە میسر کاتێ ئیخوان موسلمین سەرکەوتن، محەمەد مورسی چی کرد کاتێ بووە سەرۆك کۆمار؟ چۆن فەرمانی ئایدیۆلۆجی لە نووسینگەی دەعوەو ئیرشادی پێدەگەیشت تاکو بە تەواوی جێبەجێیان بکات بۆ بەرژەوەندیی حزب نەك گەل؟ ئیسلامی سیاسیی سوننە شکستی هێنا هاوکات ئیسلامی سیاسیی شیعەش بە هەمان شێوە، لە عێراق ئیسلامی سیاسیی شیعە قوربانیی زۆری داوە، بەتایبەتیش حزبی دەعوە، بەڵام کاتێ دەسەڵاتی وەرگرت دوای ڕووخانی بەعس لە ٢٠٠٣ بە دروستی دەستیان پێکردو ڕێزیان لە دەستووری هەمیشەیی و پرۆسەی دیموکراسی دەستاودەستکردنی دەسەڵات

**ئیسلامی سیاسی و سەربەخۆیی کوردستان دژیەکن و یەکدی ناگرنەوە، نەک لەبەر ئەوەی بڕوایان پێی نییە، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەو ئایدیۆلۆجییەتەی پێیانە و بڕوایان پێیەتی فیکرەی سەربەخۆیی ڕەتدەکاتەوە چونکە نەتەوەی ئیسلامی یان جیهانی ئیسلامی لێک دەترازێنێت کە بەردەوام لە وتارو کتێب و دروشمەکانیاندا باسی دەکەن**

**هیچ پرۆژەیەکی ئایدیۆلۆجی لەگەڵ ژینگەی فرە ئایینی و ئایینزایی وەک ژینگەی کوردستان ناگونجێت، لەم ماوەیەدا ئیسلامی سیاسی بەرەو نەمان چووە، ئەگەر ئەوانە لەنێوان خۆیاندا نەتوانن یەکبگرن، چۆن دەتوانن گەلی کوردستان یەکبخەن بۆ ئامانجێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ نموونە وەک سەربەخۆیی؟**

**ئیسلامی سیاسی لە میسر و کەنداو و ئەفغانستان و تورکیا و ئێران و مالیزیا و ئەندەنوسیا و کۆسۆڤۆ و نەیجیریا و سودان و سۆماڵ و عێراق و جەزائیر و فەلەستین و لە هەموو دەوڵەتێکی موسڵمان شکستی هێناوە، ئایا ماقووڵە لە کوردستان سەرکەوتن بەدەستبهێنێت؟**

گرت، بەڵام ئایدیۆلۆجییەتی ئایینی لە پەیڕەوکارانی قبووڵ نەکرد بەم شێوەیە حوکم بکەن، ئیدی دەستووریان پێشێلکردو دامەزراوەکانیان بە ئایدیۆلۆجیا کرد، میلیشیای تایفی و قین لەدڵ پەیدابوون، دروشمگەلی قێزەونی تایفەگەری هاتنەئاراوە کە بۆنی شەڕی ناوخۆیان لێدەهات، تا وای لێهات هاووڵاتی شیعەی عێراق نەك سوننە گەڕانەوەی سەدام حوسێنی بە هیوا دەخواست، لە ئێستادا ئیسلامی سیاسیی شیعە شکستی هێنا لە بەدەستهێنانی دەنگی پێویست بۆ پێکهێنانی گەورەترین کوتلە لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٨ی پەرلەمان، پازدە ساڵی حوکمڕانیی ئیسلامی سیاسیی شیعیی دەعواتخواز (حزبی دەعوە) قەناعەتمان پێدەکات کە سەردەمی ئایدیۆلۆجییەکان بەسەرچووە، دەبێ نەمێنن، تاکو خەڵك لە ئازادی و ئاشتی پێکەوەژیان و سەقامگیری و خۆشگوزەرانیدا بژین.

ئەدی دەربارەی ئیسلامی سیاسیی کوردستان لەوانە بزووتنەوەی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی؟ ئایا تائێستا هەر سوورن لەسەر ئەوەی کە پرۆژەکەیان خزمەت بە خەڵکی کوردستان و سەربەخۆیی کوردستان دەکات؟ پێموایە ئیسلامی سیاسی لە میسر و کەنداو و ئەفغانستان و تورکیا و ئێران و مالیزیا و ئەندەنوسیا و کۆسۆڤۆ و نەیجیریا و سودان و سۆماڵ و عێراق و جەزائیر و فەلەستین و لە هەموو دەوڵەتێکی موسڵمان شکستی هێناوە، ئایا ماقوولە لە کوردستان سەرکەوتن بەدەستبهێنێت؟ هیچ پرۆژەیەکی ئایدیۆلۆجی لەگەڵ ژینگەی فرە ئایینی و ئایینزایی وەك ژینگەی کوردستان ناگونجێت، لەم ماوەیەدا ئیسلامی سیاسی بەرەو نەمان چووە، ئەگەر ئەوانە لەنێوان خۆیاندا نەتوانن یەکبگرن، چۆن دەتوانن گەلی کوردستان یەکبخەن بۆ ئامانجێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ نموونە وەك سەربەخۆیی؟ پێموایە کە ئیسلامی سیاسی و سەربەخۆیی کوردستان دژیەکن و یەکدی ناگرنەوە، نەك لەبەر ئەوەی بڕوایان پێی نییە، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەو ئایدیۆلۆجییەتەی پێیانە و بڕوایان پێیەتی فیکرەی سەربەخۆیی ڕەتدەکاتەوە چونکە نەتەوەی ئیسلامی یان جیهانی ئیسلامی لێك دەترازێنێت کە بەردەوام لە وتارو کتێب و دروشمەکانیاندا باسی دەکەن، هەموومان لەبیرمانە کە وتاربێژی تاران چی دەربارەی سەربەخۆیی کوردستان گوتووە، ئەدی ئەگەر سەربەخۆیی کوردستان ڕابگەیەنرێت، ڕەنگە جیهادو گردبوونەوەی گشتییان لە دژی ڕابگەیاندایە، ئەو ئایدیۆلۆجییەتە ئایینییانە هەڕەشەن بۆ ئاشتی کۆمەڵگە و پێکەوەژیان، بەتایبەتیش لە کوردستان، کەس نەڵێت ئیسلامی سیاسی ئەم فیکرە توندڕۆیانەیان نییە، بەڵێ ڕەنگە ئەمە ڕاست بێت، بەڵام ئەوەی لە چوارچێوەی ئیسلامی سیاسی بژییێت و کاربکات، ڕووبەڕووی پەڕگیری و توندڕۆیی دەبێتەوە، زۆر گەنجمان بینی سەر بە گرووپێکی دیاریکراوی ئیسلامی بوون لە کوردستان پەیوەندییان بە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە کرد، بۆیە پێویستە دەرك بە مەترسیی ئەم ئایدیۆلۆجییەتە ئایینییانە بکەین کە لە دەرەوە هاتوون و نامۆن بە کۆمەڵگەی شارستانیی کوردستان، بۆیە کاتی هاتووە ئیسلامی سیاسی بۆخۆی هەڵوەشاندنەوەو شکستی خۆی ڕابگەیەنێت، یان وەك حزبێکی مەدەنی و دیموکراسی کاربکات دوور لە چوارچێوەی ئایینی یان بێتە نێو حزبە سەرەکی و گرنگەکانی گۆڕەپانەکە، بەتایبەتی ئەوانەی پلانی ستراتیژییان هەیە بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە ئایندەدا، بەڵام ئەم بژاردەیە قورسە، چونکە ئەوانە پێیانوایە کە کارکردن لە چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆجی کە خۆیان دایانمەزراندووە زۆر قازانجترە، پەنابردن بۆ ئەو بژاردنە خۆکوشتنە بۆ سەرکردەکانیان نەك بۆ ئەندامەکانیان، بەڵام هەر لەسەر ئایدیۆلۆجییەتە ئایینییەکانیان دەمێننەوە مادام ژیانی خۆشیان بۆ دەستەبەردەکات، مەبەستم لێرەدا ئەوەیە کە ئێمە دەوڵەت نین، ئەگەر دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووینایە بوونی ئیسلامی سیاسی ئاسان بوو، بەڵام ئێستا لە قۆناخی کارکردنداین بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆی نیشتمانی، ئێمە بۆ سەربەخۆیی هەنگاوێکی گرنگمان بە گشتپرسی هەڵێنا، چاکترە کە گوتاری سیاسیمان یەکبخەین، بیکەینە گوتارێکی یەکگرتووی نیشتمانی، هەموو گوتارەکانی دیکە بەلاوە بنێین، چ ئیسلامی بن، یان شیوعی، یان عەلمانی و.. تاد، ئەمەش لەپێناو کارکردنی جددی بۆ سەربەخۆیی، کاتێك سەربەخۆیی ڕادەگەیەنین و دەوڵەتی نیشتمانی و مەدەنی و دیموکراسیی خۆمان پێکدەهێنین، ئەو کاتە دەکرێ گوتارەکان هەمەجۆر بن، چونکە دەگەینە قۆناغی سەقامگیری، چەند گوتارەکان هەمەجۆر بن کاریگەرییان بۆسەر سەقامگیریی وڵات نابێت، بەڵام بە مەرجێك ئەم گوتارانە پابەندبن بە مەدەنییەت و دیموکراسی و میانڕەوەی و هەڕەشە نەبن بۆ بەرژەوەندیی ئاسایشی نیشتمانی، بەڵام لەم قۆناخەدا پێموایە کە فرەگوتاری دەبێتە لەمپەر لەبەردەم پێشڕەویمان بەرەو سەربەخۆیی، چونکە ئینتیمای ئەو کەسەی خەباتدەکات لەپێناو سەربەخۆیی بەهێزترە لە ئینتیمای ئەوەی کە بەدیهێناوە.

---

* سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

**دروشمە ئایینییەکانیان بازرگانییەکی پڕ قازانجەو خەڵکی ساویلکەی پێ هەڵدەخەڵەتێنن، ئیسلامییەکان خەمیان تەنیا دەسەڵاتەو دواتریش ئایدیۆلۆجییەکەیانە**

**جیهانی موسڵمان سرووشتییە، نە ریا و نە توندوتیژی و نە پەڕگیری تێدا نییە، چونکە موسڵمان بڕوای وایە کە ئایین پەیوەندییەکە لەنێوان خۆی و خواکەی، دەستوەرنادات ە کاروباری کەسانی دیکە، بەڵام جیهانی ئیسلامییەکان دروستکراوە و توندڕەوی و پەڕگیری و ریای تێدایە**

**جیهانی ئیسلامی سیاسی پێناسەی ئیسلام بەوە دەکات کە ئایین و دەوڵەتە، یەکەم کەس کە ئەم بیدعەیەی داهێنا حەسەن بەننا بوو، ئەمەش پێناسەیەکی سیاسییە بۆ ئیسلام، کە هیچ بنەمایەکی نییە و، پێناسەیەکە بە گوێرەی بەڵگەکانی قورئان و فەرموودەو قسەی زانایانی پێشانی موسڵمان ڕەتکراوەتەوە**

دیمانەی تایبەت



**جیراڵد فێرشتەین**

**باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە یەمەن بۆ گوڵان:**

# ستراتیژیەتە سەربازییەکەی ترەمپ هاندەرە راستەقینەکانی توندڕۆیی ریشەکێش ناکات

**جێراڵد فێرشتەین بەڕێوەبەری پرۆگرامی «کاروباری کەنداو و پەیوەندییەکانی حکومەت»ـە لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆ ماوەی ٤١ ساڵ کاری دیپلۆماسی کردووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و لە ساڵی ٢٠١٠وە تاوەکو ٢٠١٣ باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە یەمەن. هەروەها لە نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کاری کردووە و ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە داڕشتن و پەرەپێدانی سیاسەتەکانی بەرپەرچدانەوەی تیرۆریزمدا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد کە پەیوەست بوون بە بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست ئەم ناوچەیە و کاردانەوە و بژارەکانی ئێران لە ئاست بڕیارەکەی ئەمریکا بۆ کشانەوە لە ڕێککەوتنەکە ئەتۆمییەکەوە و پەرەسەندن و پێشهاتەکانی وڵاتی یەمەن و چەند پرسێکی پەیوەندیداری دیکە، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەڕوانیت؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە پرسیارێکی گەورەیە. من پێموایە لە بنەڕەتدا سیاسەتی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا تەوەربەندە لەسەر سێ مەسەلە: یەکەمیان بریتییە لە شەڕی دژ بە توندڕەوە توندوتیژەکان، بەتایبەتی داعش لە عێراق و سووریا، هەروەها ئەلقاعیدە لە نیمچە دورگەی عەرەبی و شوێنەکانی دیکە، پرسی دووەم پەیوەست بە بایەخدانێکی بەهێزی ـ ئەم ئیدارەیە- بە ڕووبەڕووبوونەوە و تەحەداکردنی ئێران لە سووریا، هەروەها لە شەڕی یەمەن، بە هەمان شێوە پرسەکانی پەیوەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران و پرۆگرامی مووشەکە بالیستییەکان و پشتیوانی ئێران بۆ گرووپە توندڕەوەکان لە ناوچەکەدا، خاڵی سێیەم بریتییە بە پشتیوانییەکی بەهێز بۆ ئیسرائیل، ئەویش لە پەیوەندی بە فەلەستییەکان و بەهێزکردنی توانای ئەمنی و سەربازیی ئیسرائیلەوە. کەواتە ئەمانە سێ پایەی سەرەکیی سیاسەتی ئیدارەی ترەمپن کە بە گوڕوتینەوە پیادەی دەکات.

*** باشە تا ئێستا دەرئەنجامی ئەم سیاسەتانە چی بووە، ئایا لە گرتنبەری ئەم سیاسەتەدا سەرکەوتوو بووە؟**

- ئەوی بەدی دەکەین، بوونی دەرئەنجامێکی تێکەڵە. لە پەیوەندی بە بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوە توندوتیژەکانەوە، ئەوا کەم تا زۆر هەمان سیاسەتی ئیدارەی ئۆبامایان گرتۆتەبەر، چونکە دەسەڵاتی داعشیان بەسەر ئەو خاکانەی ژێر دەستی لەناو بردووە، بەڵام لە غیابی ستراتیژیەتی سیاسیدا نەیانتوانیوە هۆکارە بنەڕەتی و ریشەییەکانی توندڕەوی چارەسەر بکەن، بەو پێیە ئەگەرێکی زۆر هەیە کە گرووپی توندڕەوی هاوشێوەی داعش، یان خودی داعش سەرهەڵبداتەوە. لە پەیوەندی بە ئێرانەوە، ئەوا بە هەمان شێوە دەرئەنجامێکی تێکەڵ بەدەست هاتووە، چونکە ڕاستە گوتارێکی توند هەیە لە دژی ئێران، بەڵام لە ڕاستیدا ئێران لە هیچ پێگەیەکی خۆی لە ناوچەکەدا (یەمەن، سووریا، یان هەر شوێنێکی دیکە بێت) پاشەکشەی نەکردووە. بە هەمان شێوە بڕیارەکەی بۆ کشانەوە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی لەگەڵ ئێراندا

**ئەمە ساتەوەختێکی دژوارە کە پێناچێت بارودۆخەکە بە ئاراستەیەکی ئیجابیدا بڕوات، بەڵام هەر دەبێت ئومێدی ئەوە بکەین کە گۆڕانکارییەک ڕوویدات و دۆخەکە بە ئاراستەیەکی باشدا بڕوات**

**ئەورووپییەکان هاوڕان لەگەڵ چەند بەشێکی بنەڕەتی لە هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران، وەک ئەوەی پەیوەستە بە پرۆگرامەکانی پەیوەندیدار بە مووشەکە بالیستییەکان، هەروەها بە هەڵوێست و هەڵسوکەوتی ئێران لە ناوچەکە و لە سووریا و شوێنەکانی دیکە**

بۆتەهۆی دروستبوونی دابەشبوون لە نێوان ئەمریکا و هاوبەشەکانیدا و دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین ئایا ئەمە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئێران دەبێت. ئەوەی پەیوەندیدار بێت بە پرۆسەی ئاشتییەوە- لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا- ئەوا دەبێت چاوەڕێی ئەو پێشنیارە بکەین کە بڕیارە جارید کۆشنەر ئاشکرای بکات و لە هەفتەکانی داهاتوودا بیخاتەڕوو. بەڵام پێموایە پشتیوانیی بەهێزی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل بۆتەهۆی ئەوەی ئەمریکا توانایەکی سنوورداری هەبێت بۆ کاریگەربوون لەسەر پرۆسەی ئاشتی.

*** ئێوە ئاماژەتان بۆ ئەوە کرد کە لە غیابی ستراتیژیەتی سیاسیدا هەوڵەکانی تێکشکاندن و بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوە توندوتیژەکان نابێتەهۆی لەناوبردنی هۆکارە ریشەییەکانی سەرهەڵدان و درێژەکێشانی توندڕەوی، ئایا ئەو چارسەرە سیاسییە لە چیدا بەرجەستە دەبێت؟**

- ئەوەی لە ئەزموونەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەوە دەرکەوتووە ئەوەیە کاتێك ئەم ڕێکخراو و گرووپانە هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی خاك و دامەزراندنی جۆرێك لە دەسەڵات دەدەن تێیدا، ئەوا دەکرێت و دەتوانرێت تێکبشکێندرێن، کە ئێمە ئەم حاڵەتەمان لە عێراق و هەروەها لە سووریاشدا بەدی کرد. کەواتە ئەگەر کار لەسەر ئەوە نەکەن کە ئومێد بە ئایندە لای خەڵکی دروست بکەن و ئەگەر دۆخێك نەخوڵقێنن خەڵکی تێیدا گەشبین بێت و ئەگەر وەبەرهێنان لە بنیادنانی دامەزراوەی بەهێزدا نەکەن و سەقامگیری سیاسی و ئابووری نەخوڵقێنن، ئەوا هەڕەشەی گەڕانەوەی گرووپە توندڕەوەکان لە ئارادا دەمێنێت. ئێمە دووبارەبوونەوەی ئەم حاڵەتەمان لە مێژوودا بەدی کردووە. کەواتە پێموایە ستراتیژیەتەکەی ترەمپ کە قورساییەکی زۆری خستۆتەسەر ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان نابێتەهۆی لە ناوبردنی هۆکارە ڕاستەقینەکانی سەرهەڵدانی توندڕەوی، بەو پێیە لە مەودای دووردا سەرکەوتوو نابێت.

*** کەواتە ستراتیژیەتی ڕاگەیاندنی سەرکەوتن و جێهێشتنی ناوچەکە سیاسەتێکی شکستخورادووەو دەرئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە؟**

- بەڵێ، من هاوڕام لەگەڵ ئەمەدا.

*** باستان لەوە کرد ئیدارەی ترەمپ دەیەوێت فشارەکانی لەسەر ئێران زیاتر بکات و لە هەمان کاتدا پشتیوانییەکی بەهێزی ئیسرائیلیش دەکات، کەواتە پێتوایە ئەمریکا توانیویەتی دۆست و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا دڵنیا بکاتەوە و لە هەمان کاتدا وەك پێویست بەرەنگاری نەیارەکانی لەم ناوچەیەدا دەبێتەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە سیاسەت و هەڵوێستەکانی ئیدارەی ترەمپ نەك هەر لە ئیسرائیلدا بەڵکو لە ناوچەی کەنداویش پێشوازی و پشتیوانی لێدەکرێت. بۆ نموونە تێڕوانینی ڕیاز و ئەبو زەبی ئەوەیە کە ئیدارەی ترەمپ پشتیوانییان لێدەکات و ئەوانیش هەڵوێست و سیاسەتە هاوبەشەکانیان لە ئاست ئێراندا بەرز دەنرخێنن. کەواتە لە ڕوانگەی نەك هەر تەنیا ئیسرائیل، بەڵکو هەندێ لە وڵاتانی کەنداو- مەرج نییە هەموویان بن- پێشوازی لە سیاسەتی ترەمپ دەکەن و باوەڕیان وایە پەیوەندییەکانی ئەمریکا بە ناوچەکەوە پەیوەندییەکی بەهێزە لەم ساتەوەختەدا.

*** کەواتە باوەڕتوایە ئەم سیاسەت و هەڵوێستانەی ئیدارەی ئەمریکا لە ئاست ناوچەکەدا دەبێتەهۆی ئەوەی وڵاتانی نەیار بە ئێرانیش بوێری بە خۆیان بدەن و هەنگاوی توندتر لە ئاست ئێراندا بگرنەبەر؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەم سیاسەتەی ئەمریکا ئەو هەستە لای ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو دروست دەکات کە ئەمریکا پشتیوانییەکی بەهێزیان لێدەکات، بەڵام ئایا ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی بوێری بەخۆیان بدەن کە ڕێکاری توندتر لە ئاستدا ئێراندا بگرنەبەر، ئەوا من نازانم، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو پێیان باشە خۆیان لە شەڕێکی کراوە لەگەڵ ئێراندا لابدەن. هەرچۆنێك بێت ئەوان دڵنیاکراونەتەوە بەهۆی ئەو پشتیوانییە بەهێزەی لە ئەمریکاوە بەدەستی دەهێنن.

*** پێتوایە هەڵوێست و سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست دۆست و نەیارەکانی لە ناوچەکەدا ئاست و ڕێژەی ناسەقامگیری و نادڵنیایی لەم ناوچەیەدا زیاتر دەکات، یاخود لە کۆتاییدا دەبێتەهۆی ئەوەی ئێران سازش بکات و بە**

**داواکارییەکانی ئەمریکا رازی بێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە، بێگومان ئەمە ئەو مشتومڕەیە کە ئیدارەی ئەمریکا دەیکات، چونکە بە دڵنیاییەوە کەسانێك هەن لە ئەمریکا کە پێیانوایە زیادکردنی فشارەکان لەسەر ئێران دەبێتەهۆی ئەوەی ئەو وڵاتە چارەسەری نیگەرانییەکان بکات، کەواتە ئەمە- بە چاوپۆشین لەوەی راست یان ناڕاست- ئاماژەیەکی باشمان پێدەدات لەبارەی سیاسەتی ئیدارەی ترەمپەوە. هەرچەندە بۆچوونی شەخسی من ئەوەیە کە ئێران سازش ناکات، چونکە ئەمە خەسڵەتی رژێمی ئێران و خەڵکی ئێران نییە، لەبەر ئەوە پێموایە لەسەر هەڵوێستەکانی خۆیان سوور دەبن، ئەگەرچی کەسانێکی دیکە هەن و بۆچوونی جیاوازیان لەم رووەوە هەیە.

*** ئەی پێتوایە ئەمریکا کار بۆ گۆڕینی رژێمی ئێران دەکات، بەتایبەتی دوای ئەوەی مایك پۆمپیۆ بووە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و جۆن پۆڵتۆنیش بووە راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئیدارەکەی ترەمپ، کە هەردووکیان بە ئاشکرا دژ بە ئێرانن؟**

- ئاشکرایە کەسانێك کە پێشتر پشتیوانییان لە گۆڕینی رژێمی ئێران دەکرد، ئێستا کاربەدەستن لە ئیدارەکەی ترەمپدا، وەك جۆن پۆڵتۆن، بەڵام بۆچوونێکی دیکە هەیە کە پێیوایە ئەمە ئامانجێك نییە لە هزری دۆناڵد ترەمپدا. هەرچۆنێك بێت من پێموایە ئەمە بەندە بەوەی دۆناڵد ترەمپ گوێ لە کێ دەگرێت، هەروەها لەو باوەڕەدا نیم کە بتوانرێت ئامانجی گۆڕینی رژێمی ئێران بەدی بهێنرێت.

*** باشە پێتوایە کاردانەوەکانی ئێران، یان بژارەکانی ئێران چی دەبن لە ئاست زیادبوونی فشارەکانی ئەمریکا لەسەر ئەو وڵاتە؟**

- بە بۆچونی من ئەگەری ئەوە هەیە ئێران لەسەر هەڵوێستەکانی خۆی سوور بێت و چاوەڕوان بێت، چونکە کاردانەوەی وڵاتانی دیکەش کاریگەرییان لەسەر ئێران دەبێت، ئیدی وڵاتانی ئەورووپا بێت، یان وڵاتی چین و رووسیا و هاوبەشەکانی دیکە، وەك هیندستان و کۆریای باشوور، چونکە ئەگەر ئەو وڵاتانە بەردەوام بن لەسەر رەخساندنی دەرفەتی ئابووری بۆ ئێران، لە بواری نەوت و وەبەرهێناندا، ئەوا ئێرانیش بەردەوام دەبێت لەسەر پابەندبوونەکانی بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە و هەوڵی گۆشەگیرکردنی ئەمریکا دەدات. بەڵام ئەگەر وڵاتانی دیکەش لە ئێران بکشێنەوە و هاوهەڵوێست بن لەگەڵ ئەمریکا، یاخود بەلای کەمەوە بە ئاشکرا تەحەددای ئەمریکا نەکەن، ئەوا لەو کاتەدا ئێران هەڵسوکەوتێکی توندتر دەنوێنێت، ئیدی دەستپێکردنەوەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی بێت یان کردار و رێکاری دیکە. کەواتە لەم ساتەوەختەدا هیچ کەسێك نازانێت چی روودەدات. چونکە سزا فیعلییەکانی ئێران لە کۆتایی ئەمساڵدا بەسەر ئێراندا دەسەپێندرێنەوە و تا ئەو کاتە نازانین ئایا باقی جیهان کاردانەوەیان چۆن دەبێت.

*** باشە ئەگەر وڵاتانی ئەورووپا پێداگرییان کرد لەسەر مانەوە لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا، ئایا ئەمە نابێتەهۆی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپادا؟**

- بێگومان ئەمە گرفتی دروست کردووە لە نێوان ئەمریکا و هاوبەشە ئەورووپییەکانیدا، بەڵام روون نییە ئەم بڕیارە چ کاریگەرییەکی لێدەکەوێتەوە لەم رووەوە. بەڵام دەبێت ئەوەمان لە یاد بێت کە ئەورووپییەکان هاوڕان لەگەڵ چەند بەشێکی بنەڕەتی لە هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران، وەك ئەوەی پەیوەستە بە پرۆگرامەکانی پەیوەندیدار بە مووشەکە بالیستییەکان، هەروەها بە هەڵوێست و هەڵسوکەوتی ئێران لە ناوچەکە و لە سووریا و شوێنەکانی دیکە، مەبەستم ئەوەیە ئەمانە چەند پرسێکن کە ئەورووپییەکانیش نیگەرانن لەبارەیانەوە. واتە هەر چەندە بە بڕیارەکەی ئەمریکا بۆ کشانەوە لە رێککەوتنە ئەتۆمیەکە خۆشحاڵ نەبوون، بەڵام هاوڕا بوون لەگەڵ زۆرێك لەو مەسەلانەی ئەمریکا ورووژاندنی لەبارەی ئێرانەوە و لە راستیدا گفتوگۆیان لەبارەی هەندێ لەم مەسەلانەوە دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە وەك پرسیارێکی باش دەمێنێتەوە کە ئایا ئەورووپا لەسەر ئەم پرسە لە ئەمریکا دادەبڕێت.

*** باشە با پرسیار لە بابەتێکی دیکە بکەین و بۆچوونی ئێوە بزانین لەسەر ئەو قەیران و**

**ئەگەر وڵاتانی دیکەش لە ئێران بکشێنەوە و هاوهەڵوێست بن لەگەڵ ئەمریکا، یاخود بەلای کەمەوە بە ئاشکرا تەحەددای ئەمریکا نەکەن، ئەوا لەو کاتەدا ئێران هەڵسوکەوتێکی توندتر دەنوێنێت، ئیدی دەستپێکردنەوەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی بێت یان کردار و رێکاری دیکە**

**کەسانێك کە پێشتر پشتیوانییان لە گۆڕینی رژێمی ئێران دەکرد، ئێستا کاربەدەستن لە ئیدارەکەی ترەمپدا، وەك جۆن پۆڵتۆن، بەڵام بۆچوونێکی دیکە هەیە کە پێیوایە ئەمە ئامانجێك نییە لە هزری دۆناڵد ترەمپدا**

**تەنگژەیەی لە نێوان وڵاتانی کەنداودا هەیە، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە فشارخستنەسەر وڵاتی قەتەرەوە، ئایا ئەم فشارانە ئامانجەکانی خۆیان بەدەست هێنا، یاخود شکست بووە چارەنووسیان؟**

- ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکەین، ئەوەیە کە ئەو فشارانە ئامانجەکانی خۆیان بەدەست نەهێناوە، ئەگەرچی هەندێ لە داواکارییەکانی سعودیە و ئیمارات و میسر و بەحرەین لە قەتەر کە داوایان کرد پشتیوانییەکانی بۆ توندڕەوە توندوتیژیەکان یان ئەوەی ئەوان پێیان دەڵێن تیرۆریست رابگرێت، بووە هۆی ئەوەی کە قەتەر هەندێ رێکار بگرێتەبەر لە پەیوەندی بە پرسی دەستەبەرکردنی دارایی و بڕینی هەندێ لە هاوکارییەکانی بۆ هەندێ لە گرووپەکانی نێو سووریا، کەواتە ئەمانە سەرکەوتوو بوون، دواتر قەتەر رێککەوتنێکی لەگەڵ ئەمریکا واژوو کردووە، کە رەنگە ئەم رێککەوتنەی نەکردایە، ئەگەر لەژێر فشاری وڵاتانی دیکەدا نەبووایە. بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەو وڵاتانە ١٣ داواکارییان لە قەتەر کرد، قەتەریش زۆربەیان رەتکردەوە و هیچ کارێکی لەبارەیانەوە نەکرد. کەواتە هەوڵەکانی گۆشەگیرکردنی قەتەر شکستیان هێنا. بە شێوەیەکی گشتی بایکۆتەکەی دژ بە قەتەر ئامانجە خوازراوەکانی بەدەست نەهێنا.

**سیاسەت و هەڵوێستەکانی ئیدارەی ترەمپ نەک هەر لە ئیسرائیلدا بەڵکو لە ناوچەی کەنداویش پێشوازی و پشتیوانی لێدەکرێت. بۆ نموونە تێڕوانینی ریاز و ئەبو زەبی ئەوەیە کە ئیدارەی ترەمپ پشتیوانیان لێدەکات و ئەوانیش هەڵوێست و سیاسەتە هاوبەشەکانیان لە ئاست ئێراندا بەرز دەنرخێنن**


*** ئایا دەتوانین لە ئێستادا بڵێین کە ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو لە رووی واقیعییەوە بوونی نەماوە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەم ئەنجومەنە بە دەست گرفتی قووڵەوە دەناڵێنێت.

*** بە حوکمی ئەوەی ئێوە پێشتر باڵیۆزی ئەمریکا بوون لە وڵاتی یەمەن، ئایا پێتوایە دۆخی ئەو وڵاتە بە چ ئاقارێکدا دەڕوات، بەتایبەتی لە دوای پەرەسەندن و پێشهاتەکانی حودەیدەوە؟**

- ئەوەی لە دۆخی ئەو وڵاتەدا بەدی دەکرێت، ئەوەیە بۆ ماوەی دوو ساڵە دۆخی سەربازی و رەوشی سیاسیی وڵاتەکە بە بنبەست گەیشتووە، ئێستاش هاوپەیمانەکان و حکومەتەکەی هادی باوەڕیان وایە بە گرتنی بەندەری حودەیدە دەتوانن فشار لەسەر حوسییەکان بکەن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر مێزی گفتوگۆ. هەروەها پێدەچێت نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بۆ یەمەن چاوەڕوانی ئەوە بکات، ئایا ئەمە سەرکەوتوو دەبێت، یان نا، دیار نییە. هەروەها ئەو گوزارشتی لە گەشبینی خۆی کرد کە ئەم دۆخە بەکار بهێنێت بۆ بەردەوامیدان بە گفتوگۆکان. کەواتە هاوپەیمانەکانی سەرکێشییەکیان کردووە کە پێیانوابوو دەتوانن داینامیکیەتی ناوخۆیی یەمەن بگۆڕن و دەرفەتێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بە شێوەیەکی سیاسییانە بڕەخسێنن. لە ئێستاشدا زووە بۆ ئەوەی بڵێین ئەمە سەرکەوتوو دەبێت یان نا.

**ئەگەر کار لەسەر ئەوە نەکەن کە ئومێد بە ئاینده لای خەڵکی دروست بکەن و ئەگەر دۆخێک نەخوڵقێنن خەڵکی تێیدا گەشبین بێت و ئەگەر وەبەرهێنان لە بنیادنانی دامەزراوەی بەهێزدا نەکەن و سەقامگیری سیاسی و ئابووری نەخوڵقێنن، ئەوا هەڕەشەی گەڕانەوەی گرووپە توندڕەوەکان لە ئارادا دەمێنێت**





*** لـە کۆتاییـدا دەمانەوێـت بزانیـن ئێـوە گەشـبینن بـە بەرەوپێشـچوونی بارودۆخەکـە، یـان هیوایەکەتان نەماوە بـە باشتربوونی هەلومەرجەکە و رەشـبینن؟**

- لـە راسـتیدا ئەمـە سـاتەوەختێکی دژوارە کـە پێناچێـت بارودۆخەکـە بـە ئاراسـتەیەکی ئیجابیـدا بـڕوات، بـەڵام هـەر دەبێـت ئومێـدی ئـەوە بکەیـن کـە گۆڕانکارییـەك رووبـدات و دۆخەکـە بـە ئاراسـتەیەکی باشـدا بـڕوات. بـۆ نموونـە ئێمـە ئاماژەمـان بـە وڵاتـی یەمـەن کـرد، خـۆ ئەگـەر بێـت و کێشـەی ئـەو وڵاتـە چارەسـەر بکرێـت، یـان شـەڕەکە رابوەسـتێت، ئـەوا ئەمـە هـاوکار و یارمەتیـدەر دەبێـت بـۆ کەمکردنـەوەی بارگـرژی لـە ناوچەکـە و بـۆ بەرەوپێشـبردنی رەوشـی ئەمنیـی ئـەم ناوچەیـە، هەروەهـا ئەگـەر توانـرا لەگـەڵ ئێرانـدا هەنـدێ پـرس و کێشـە چارەسـەر بکرێـن، وەك پرسـی پڕۆگرامـی مووشـەکی بالیسـتیی ئێـران، ئـەوا ئەمـەش بـە هەمـان شـێوە یارمەتیـدەر دەبێـت بـۆ خاوکردنـەوە و کەمکردنـەوەی گرژییـەکان لـە ناوچەکـەدا. کەواتـە ئێسـتا سـاتەوەختێکی دژوار باڵـی بەسـەر ناوچەکـەدا کێشـاوە و زەحمەتـە بتوانیـن گەشـبین بیـن، لەگـەڵ ئەوەشـدا کەسـێکی دیپلۆماتـکار دەبێـت هەمیشـە لـە ئەگـەرە ئیجابییـەکان بڕوانێـت و کار بـە ئاراسـتەی دروسـتکردنی دەرفەتـدا بـکات.

**راستە گوتارێکی توند هەیە لە دژی ئێران، بەڵام لە راستیدا ئێران لە هیچ پێگەیەکی خۆی لە ناوچەکەدا (یەمەن، سووریا، یان هەر شوێنێکی دیکە بێت) پاشەکشەی نەکردووە**

دیمانەی تایبەت



**مارک کاتز**

**تایبەتمەندی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:**

# ئەگەر دەستێوەردانی ڕووسیا نەبوایە بەشار ئەسەد لە دەسەڵاتدا نەدەما

**مارك کاتز پرۆفیسۆری حکومەت و سیاسەتە لە زانکۆی جۆرج مەیسۆن. پێش وانەوتنەوە لەم زانکۆیە، توێژەر بووە لە ئامۆژگای بروکینگز، هەروەها شرۆڤەکاری کاروباری سۆڤیەت بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا. لە ئێستادا توێژەری چەند بوارێکی گرنگە، لە نێویاندا، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، سیاسەتی دەرەوەی رووسیا، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە میانەی دیمانەیەکدا گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد کە پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەرەسەندن و پێشهاتەکانی و سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ لە ئاستی ئەم ناوچەیە و ئەگەرەکانی ئایندە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** زۆر باس لەوە دەکرێت کە ئیدارەی ئێستای ئەمریکا سیاسەتێکی روونی لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نییە، تێڕوانینی ئێوە چییە و ئایا چۆن وەسفی سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا دەکەن؟**

- ئاشکرایە کە ئیدارەی ئەمریکا پشتیوانی لە ئیسرائیل و سعودیە و ئیمارات دەکات و دژ بە ئێرانە، هەروەها پێدەچێت پەیوەندییەکی ئاڵۆزی هەبێت لەگەڵ تورکیادا- بە سەرۆکایەتی ئەردۆغان-، ئەوەی پەیوەست بێت بە کوردەوە، ئەوا سیاسەتێکی ناجێگیری هەبووە لە ئاست کوردا، چونکە سوپای ئەمریکا دەیەوێت کار لەگەڵ کورددا بکات، هەروەها پێدەچێت ئیدارەی ئەمریکاش حەز بەوە بکات کار لەگەڵ کورددا بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت کار لەگەڵ هەندێ لایەنی دیکەدا بکات، وەك تورکیا.

*** کەواتە لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشوودا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ئەمریکا کارێکی کردووە کە دۆستەکانی لێی رازی بن و لە بەرەنگاربوونەوەی نەیارەکانی لەم ناوچەیەدا سەرکەوتوو بووە، بەڵام بۆچی بەرامبەر بە کورد سیاسەتی دڵنیاکەرەوەی نەبووە؟**

- من لەو باوەڕەدا نیم سیاسەتەکانی ئەمریکا بوویێتە مایەی دڵنیاکردنەوەی کورد، ئەمە لە کاتێکدا کورد هاوپەیمانێکی بەسوودی بووە. هەروەها دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە هاوبەشەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا خوازیاری سەربەخۆیی کورد نین، لەبەر ئەوە پێموایە ئەمریکا دەیەوێت خۆی بە دوور بگرێت لە بڕیاری هەڵبژاردن لە نێوان کورد و نەیارەکانی دیکەدا.

*** وەك کەسێکی شارەزای بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم ئایا پێتوایە شەڕی دژ بە داعش چۆن بەڕێوە دەچێت، بەتایبەتی کە لە ئێستادا ئەم رێکخراوە تیرۆریستییە لە عێراقدا دەستی بە جموجوڵ کردۆتەوە؟**

- ئێوە خاڵێکی باشتان ورووژاند، چونکە ئاشکرایە کە داعش درێژەی بە چالاکییەکانی داوەو هێشتا زۆر چالاکە، واتە روون نییە ئایا بە تەواوەتی تێکشکێندراوە، یان نا، ئەگەر ئەمەش حاڵەتەکە بێت، ئەوا پێموایە ئەمریکا دەیەوێت کار لەگەڵ کورددا بکات، بە رەچاوکردنی ئەو راستییەی کە کورد هێزێکی کارا بوون لە شەڕی دژ بە داعشدا. کەواتە دەبێت ئەوەمان لە بیر بێت کە گریمانەی ئەوە دەکرا کە داعش تێکشێندراوە، بەڵام دەبینین ئەمە حاڵەتەکە نییە.

*** ئایا پێتوایە ئەمریکا وەك هاوپەیمانێکی کاتی و تاکتیکی مامەڵەی لەگەڵ کورددا کردووە؟**

- من پێموانییە مەسەلەکە بەو شێوەیە بێت، چونکە سوپای ئەمریکا پێی خۆشە کار لەگەڵ کورددا بکات، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کە واشنتۆن نیگەران دەبێت لەبارەی ئەگەری کاردانەوەی ئەردۆغانەوە، بۆ نموونە ئەگەر هاتوو تووڕە بوو و بڕیاری کشانەوەی دا لە رێکخراوی ناتۆ. واتە هەوڵ دەدات رێگری لە کارێکی لەم چەشنە بکات، هەرچەندە من پێموایە دەکرێت سیاسەتێك بگیرێتەبەر کە بەهۆیەوە جۆرێك لە چارەسەر لە نێوان تورکیا و کورددا بدۆزێتەوە، بەڵام لە ئێستادا پیادەکردنی ئەم سیاسەتە بەدی ناکەین.

**هاوبەشەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا خوازیاری سەربەخۆیی کورد نین، لەبەر ئەوە پێموایە ئەمریکا دەیەوێت خۆی بە دوور بگرێت لە بڕیاری هەڵبژاردن لە نێوان کورد و نەیارەکانی دیکەدا**

**لەو باوەڕەدا نیم سیاسەتەکانی ئەمریکا بوویێتە مایەی دڵنیاکردنەوەی کورد، ئەمە لە کاتێکدا کورد هاوپەیمانێکی بەسوودی ئەمریکا بووە**

*** هەر لەبارەی شەڕی دژ بە تیرۆریستانەوە، پێتانوایە بردنەوەی ئەم شەڕە گرتنەبەری هەوڵی درێژخایەنی لەخۆدەگرێت بۆ بنیادنانی نەتەوە و پەرەپێدانی دیموکراسی لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا؟**

- لە راستیدا ئەگەر پرسی بنیادنانی نەتەوە و پەرەپێدانی دیموکراسییش پێکهاتە و توخمێکی گرنگی ستراتیژیەتی سەرکەوتووی دژ بە تیرۆریستان بێت ئەوا دڵنیا نیم ئایا ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بە راستی بایەخ بەم پرسە دەدات. دواتر بیروبۆچوونی جیاواز هەیە لەبارەی دیموکراسی و نەتەوەوە. ئەگەر دیموکراسی لە وڵاتێکدا، یان کۆمەڵگەیەکدا پیادە بکرێت کە بزوتنەوەیەکی جوداخوازی تێدا بێت، ئەوا دیموکراسی بە مانای جیابوونەوە دێت، کە ئێمەش دەزانین چەندین کاراکتەر هەن نایانەوێت ئەم دەرئەنجامە ببینن. کەواتە لەم رووەوە دیموکراسی ئەم کێشەیە چارەسەر ناکات، بەڵکو ئاڵۆزتری دەکات.

*** باشە با بگەڕێینەوە سەر سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست ئێراندا کە ئێمە دەزانین ئەم ئیدارەیە سیاسەتێکی جیاوازی لە ئاست ئێراندا گرتۆتەبەر و تەنانەت بڕیاری کشانەوەی دا لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی لەگەڵ ئێراندا، تێڕوانین و خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم پەرەسەندنانە چییە؟**

- من بڕیاری کشانەوە لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە بە بڕیارێکی زۆر خراپ دەزانم، بەلای کەمەوە لەبەر ئەوەی ئێران پابەند بوو بەم رێککەوتنەوە و پاڵنەری ئەوەی هەبوو لەگەڵ رۆژئاوا و لایەنەکانی دیکەدا کار بکات، ئێستاش کە ئیدارەی ئەمریکا ئەم بڕیارەی داوە، ئەوا سنوورێك نییە بۆ ئەو کارانەی کە ئێران دەتوانێت ئەنجامی بدات. لەبەر ئەوە ناکرێت تەنیا بۆ هەڵوەشاندنەوەی کارەکانی ئیدارەی پێشوو-ئیدارەی ئۆباما- کار لەسەر پێچەوانەکردنەوەی بڕیارەکانی بکرێت.

*** باشە پێتوایە دەکرێت ئەم رێککەوتنە-رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا- بە بێ ئەمریکا بەردەوام بێت؟**

- لە راستیدا ئەمە سەخت و دژوار دەبێت، چونکە ئەمریکا فشاری لەسەر هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانی دروست کردووە بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ ئێراندا نەکەن.

*** باسی فشارەکانی ئەمریکات کرد لەسەر وڵاتانی رۆژئاوا لە پەیوەندی بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە، ئایا پێتوانییە ئەم هەڵوێستە دەبێتەهۆی دروستبوونی کێشە و ناکۆکی لە نێوان ئەمریکا و ئەورووپادا؟**

- ئێمە دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە لەم رووەوە بێزاری هەیە لە نێو وڵاتانی ئەورووپادا، کە ئاماژە بەوە دەکەن ئەوە ئەمریکایە لەم رێککەوتنە کشاوەتەوە، نەك ئێران، کەواتە ناخۆشحاڵییەکی زۆر هەیە لەم رووەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا رایەڵێکی ئابووریی زۆر هەیە لە نێوان ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپادا. هەرچۆنێك بێت ئەوەی دۆناڵد ترەمپ کردی بووە هۆی دروستبوونی بێ متمانەییەکی زۆر، کە ئەمەش بە هیچ شێوەیەك هاوکار و یارمەتیدەر نابێت بۆ ئەمریکا.

*** باشە پێتوایە ئامانجی کۆتایی ئیدارەی ئەمریکا بۆ ئێران چی بێت؟**

- کەسانی سەرسەختی نێو ئیدارەی ئەمریکا تێڕوانینی قورسیان بۆ ئێران هەیە، هەروەك چۆن پێشتریش ئەو تێڕوانینە هەبوو کە پێیانوابوو بە گۆڕینی رژێمی عێراق رژێمێکی باشتر دەسەڵات دەگرێتەدەست، بەڵام دواتر ئەمە پشێوییەی بەدوادا هات، بۆیە پێموایە ئەم کارە لەگەڵ ئێراندا سەختتر دەبێت، لەبەر ئەوە باوەڕم وانییە ئەمە سیاسەتێکی عاقڵانە بێت.

*** با پرسیار لە بارەی بارودۆخی سووریاوە بکەین، ئێوە کەسێکی تایبەتمەندن لە سیاسەتی دەرەوەی رووسیا، ئایا پێتانوایە رووسیا توانیویەتی ئامانجەکانی لە سووریا بەدی بهێنێت، بەتایبەتی لە ئێستادا کە رژێمی ئەسەد نەك هەر ترسی رووخانی لەسەر نییە، بەڵکو سەرقاڵی کۆنترۆڵکردنەوەی خاکی وڵاتەکەشیەتی؟**

- لە راستیدا دەتوانین بڵێین مۆسکۆ سەرکەوتوو بووە لەم رووەوە، چونکە چەند هێزێکی کەم توانیویانە ئامانجەکانیان لە سووریا بەدی بهێنن، ئەگەرچی بۆ ئەم سەرکەوتنەش رووسیا پشتی بە ئێران و حزبوڵا بەست. کەواتە ئەگەر دەستێوەردانی رووسیا نەبوایە، ئەوا رژێمی ئەسەد نەیدەتوانی بەم شێوەیە لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە و دەست بداتە کۆنترۆڵکردنەوەی خاکی سووریا.

**ئەوەی مایەی نیگەرانییە ئەگەری هەڵگیرسانی دۆخەکەیە لە نێوان ئێران و ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی سوننەدا، بە هەمان شێوە هەڵگیرسانی ناکۆکیی تورکیا و کوردە، واتە چەند ئەگەرێک هەن کە دەکرێت ببنە مایەی کێشە و دۆخێک بخوڵقێنن کە بەرپابوونی شەڕی لێبکەوێتەوە**

**ئیسرائیل و ئێران سوورن لەسەر رووبەڕووبوونەوەی یەکتری و من دڵنیا نیم ئایا رووسیا دەتوانێت چ کارێک بکات بۆ راگرتنی، راستە رووسیا دەتوانێت لەگەڵ هەردوولا قسە بکات، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە بتوانێت قەناعەتیان پێبکات بۆ ئەوەی بگەنە رێککەوتن و ئاشتەوایی**

**کەسانی سەرسەختی نێو ئیدارەی ئەمریکا تێڕوانینی قورسیان بۆ ئێران هەیە، هەروەک چۆن پێشتریش ئەو تێڕوانینە هەبوو کە پێیانوابوو بە گۆڕینی رژێمی عێراق رژێمێکی باشتر دەسەڵات دەگرێتەدەست، بەڵام دواتر ئەمە پشێوییەی بەدوادا هات**



*** باشە ئایندەی سووریا چۆن دەبینیت؟**

- من پێموانییە سووریا لە ئایندەدا ببێتە وڵاتێکی زۆر گەشەکردوو، هەروەها پێموانییە ئەسەد و رووسیاش بایەخ بەم مەسەلە بدەن، بەڵکو ئەوەی ئەوان مەبەستیانە ئەوەیە بتوانن کۆنترۆڵی سووریا بکەن. خۆ ئەگەر لە ئێستاشدا وا دەربکەوێت کە ناکۆکی نێوخۆی نێوان ئەسەد و لایەنە سوننەکان کۆتایی هاتبێت، ئەوا پرسی ناکۆکیی نێودەوڵەتی لە ئارادایە، واتە پرسی ئەوەی ئایا ناکۆکی نێوان تورکیا و کورد لە سووریادا بەردەوام دەبێت و ئایا ناکۆکی نێوان ئیسرائیل و ئێران لەو وڵاتەدا درێژە دەکێشێت؟

*** ئاماژەت بە ناکۆکیی نێوان ئیسرائیل و ئێران کرد، ئایا پێتوایە ئەگەری پێکدادان و هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا — لە سەر خاکی سووریا- ئەگەرێکی راستەقینە و بەهێز بێت؟**

- پێموایە ئەوە ئەگەرێکی بەهێز و راستەقینەیە، چونکە ئیسرائیل و ئێران سوورن لەسەر رووبەڕووبوونەوەی یەکتری و من دڵنیا نیم ئایا رووسیا دەتوانێت چ کارێك بکات بۆ راگرتنی، راستە رووسیا دەتوانێت لەگەڵ هەردوولا قسە بکات، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە بتوانێت قەناعەتیان پێبکات بۆ ئەوەی بگەنە رێککەوتن و ئاشتەوایی. کەواتە ئەمە دۆخێکە کە زۆر زەحمەتە بۆ رووسیا کە بتوانێت کۆنترۆڵی بکات.

*** بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت هیچ چارەسەرێکی سیاسی لە سووریادا بە بێ رووسیا ئەنجام بدرێت؟**

- ئەوە راستە، چونکە ئەگەر چارەسەرێك و رێککەوتنێك بێتەئاراوە، ئەوا دەبێت رووسیا رۆڵی هەبێت تێیدا، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئەمە بەس نییە، مەبەستم ئەوەیە رووسیا دەتوانێت رێگری لە هەر چارەسەرێك بکات کە خواستی لەسەر نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا ناتوانێت رێککەوتنێکیش بسەپێنێت کە خۆی خواستی لەسەریەتی.

*** دوایین پرسیارمان لەبارەی پێشبینیەکانتەوەیە بۆ ئایندەی ئەم ناوچەیە، ئایا ئێوە گەشبینن، یان پێتان وایە ئومێدێك نەماوە بۆ باشتربوونی بارودۆخەکە؟**

- ئەوەی مایەی نیگەرانییە ئەگەری هەڵکشانی دۆخەکەیە لە نێوان ئێران و ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی سوننەدا، بە هەمان شێوە هەڵکشانی ناکۆکیی تورکیا و کوردە، واتە چەند ئەگەرێك هەن کە دەکرێت ببنە مایەی کێشە و دۆخێك بخولقێنن کە بەرپابوونی شەڕی لێبکەوێتەوە.

**داعش درێژەی بە چالاکییەکانی داوەو هێشتا زۆر چالاکە، بۆیە روون نییە ئایا بە تەواوەتی تێکشکێندراوە، یان نا، ئەگەر ئەمەش حاڵەتەکە بێت، ئەوا ئەمریکا دەیەوێت کار لەگەڵ کورددا بکات، بە رەچاوکردنی ئەو راستییەی کە کورد هێزێکی کارا بوون لە شەڕی دژ بە داعشدا**



### لیوای مافپەروەر عەبدولخالق تەڵعەت
### بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بۆ گوڵان:

# دیاردەی چەکداری و لێبووردنی گشتی هۆکاری سەرەکیی زۆربوونی تاوانی کوشتنە

# لەمانگی ٤ تا ٦ ی ئەمساڵ
# لە ٤١ تاوان ٦١ تۆمەتبار دەسگیر کراون

**لەگەڵ راگەیاندراوەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی کوردستان بۆ ریگەگرتن لەو گێرەشێوێنانەی لەهەوڵی ئەوەدا بوون باری ئەمنی ناو شاری هەولێر تێکبدەن و تاوان ئەنجام بدەن، راستەوخۆ سەرجەم دەزگا ئەمنییەکانی هەولێر هەڵمەتێکی فراوانیان بۆ دەسگیرکردنی ئەو کەسانەی چەکیان هەڵگرتووە دەست پێکرد؛ بۆ قسەکردن لەسەر ئەنجامی ئەم هەڵمەتە و چۆنیەتی دووبارە رێکخستنەوەی کاری لیژنەی ئەمنی لە هەولێری پایتەخت چەند پرسیارێکمان ئاراستەی لیوای مافپەروەر عەبدولخالق تەڵعەت بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر کرد.**

*** دیاردەی چەکداری و ئەنجامدانی تاوانی کوشتن و حاڵەتی دوژمنکاریی لەناو شاری هەولێر رووی لە کەمی کردبوو؛ بەڵام لە ماوەی رابردوودا ئەم دیاردەیە سەریهەڵداوەتەوە؛ ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- بارودۆخی هەولێر بە شێوەیەکی گشتی ئارامە، چونکە ئێوە بینیتان لە میانەی مانگی رەمەزان و دواتر رۆژانی جەژن، هەروەها لە کاتی هەڵبژاردنەکانیش کێشەیەکی ئەوتۆ دروست نەبوو، هەولێر شارێکی ئارام بووە. بەڵام هەندێ مەسەلە پێویستیان بە دووبارە رێکخستنەوە هەیە، وەك مەسەلەی چەك، چونکە ئێمە دەزانین لە کاتی سەرهەڵدانی شەڕی داعش ژمارەیەکی زۆری چەك هاتووەتە ناو شار، چونکە کۆمەڵێ کەس کە خۆبەخشیان پێ دەوترا، چەکیان هەڵگرت، هەروەها بەرپرسی سەربازی هەیە کە خزم و کەسی خۆی لەگەڵدایە، بە بێ ئەوەی ناویان تۆمار کرابێت و پێشمەرگە بن و مووچەشیان هەبێت، بەڵام لە بەرەکانی جەنگ بوون. ئەمە بووە هۆی ئەوەی بەرنامەی پێشووی ئێمە بۆ بنبڕکردنی چەك وەك پێویست بەرەوپێش نەچێت. چونکە ئێمە وەك پۆلیس ناتوانین تەواوی رێکارە یاساییەکان لە بەرامبەر ئەو کەسانە بگرینەبەر، ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکان. هۆکارێکی دیکە دەرکردنی بڕیاری لێخۆشبوونی گشتییە کە بۆ ماوەی ٨ مانگە کە بەردەوام دەبێت تا ٢٠ی ئاب، ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی کەسانێك هەبن بیر لەوە بکەنەوە کە ئەو کێشانەی هەیانە یەکلایی بکەنەوە. ئەوە بوو تەنیا لە ماوەی یەك مانگدا ٥٦٠ کەس بە هۆی لێبووردنی گشتی ئازادکران کە هەموویان بکوژ و دز بوون. ئەمە لە کاتێکدا ئێمە پێشتر هەوڵی زۆرمان داوە بۆ دەستگیرکردنی ئەو کەسانە و گرتنەبەری رێکار لەگەڵیاندا تاوەکو حوکمیان بەسەردا دراوە، کە لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە خاڵێکی خراپی نێو لێبووردنە گشتییەکە بکەم کە دەڵێت، هەر کاتێك سوڵح کرا، ئەوا کەسەکە بەر لێبووردنی گشتی دەکەوێت، ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی ئەو کەسانە ئەمە بە دەرفەت

**لە کاتی سەرهەڵدانی شەڕی داعش ژمارەیەکی زۆری چەك هاتووەتە ناو شار، چونکە کۆمەڵێ کەس کە خۆبەخشیان پێ دەوترا، چەکیان هەڵگرت**

**ئێستا پڕۆژەی ئەوە هەیە تاوەکو (٥٠٠٠) کامێرا لە ناو شار دابنرێت لە هەموو شوێنەکان و هەمووشی بە سەنتەرێکی مەرکەزییەوە ببەسترێتەوە**

**زۆر کەس هەن لە هەولێر کە کار و پیشەیان بۆتە ئەنجامدانی سوڵح، بە چەشنێك وای لێهاتووە کە دیوەخانەکان بوونەتە بەدیلی دادگا**

**پێویستە کۆنترۆڵی دیاردەی چەکداری لەناو ماڵەکانیشدا بکرێت، چونکە چەندین جار لەنێوان دوو دراوسێ، یاخود لەناو یەک خێزاندا کێشە هەبووە، لەبەر بوونی چەك کێشەکە گەورە بووەتە و چەك بەکار هاتووە**

بزانن بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆیان بکەنەوە، چونکە سوڵحەکە حازرە و ئازادکردنەکەش حازرە، بەو پێیە ئێستا تۆ دەتوانیت کەسێك بکوژیت، دواتر دەتوانیت سوڵح بکەیت و ئازاد بیت، کەواتە ئەمە بڕیارێکی نادروست و خراپە. دواتر ئەگەر لێبووردنی گشتیش دەردەکرێت، ئەوا با هەندێ تاوانی دیاریکراو نەگرێتەوە، ئێستا راستە لەم لێبووردنی گشتییەدا نایگرێتەوە، بەڵام بڕگەیەك هەیە دەڵێت ئەوەی سوڵح بکات و لایەنی دووەم بێت تەنازول بکات، ئەوا ئێمە ئازادی دەکەین. ئەمەش هاوکار دەبێت بۆ بەردەوامبوونی تاوانەکان، لەبەر ئەوە پێموانییە لێبووردنی گشتی خزمەت بگەیەنێت.

*** باشە چ هەنگاو و رێککارێکتان گرتۆتەبەر بۆ کۆنترۆڵکردن و کەمکردنەوەی دیاردەی هەڵگرتنی چەکی نایاسایی؟**

- ئێمە لە لیژنەی ئەمنیی پارێزگا بڕیارمان داوە کە هەموو ئەو کەسانەی چەکیان هەڵگرتووە، دەستگیریان بکەین و چەکەکانیان لێ وەربگرین، ئێمە هەڵمەتەکەمان دەست پێکردووە و خەڵکێکی زۆریش دەستگیر کراون و دەست بەسەر چەکەکانیشاندا دەگرین و بە هیچ شێوەیەکیش ئەو چەکانەی نادەینەوە دەست هیچ کەسێك، ئەمە تایبەت بەو کەسانەی مۆڵەتیان نییە، ئەوانەی مۆڵەتیشیان هەیە، ئەوا جارێکی دیکە پێداچوونەوە دەکەین و لەوە دەکۆڵینەوە چۆن ئەو مۆڵەتەی وەرگرتووە و ئایا شایستەیە، یان شایستە نییە، هەر کەسێکیش شایستە نەبێت، مۆڵەتەکەی لێ وەردەگیرێتەوە. هەروەها ئێمە بەردەوام دەبین لە هەڵمەتەکەمان و سەقفێکی زەمەنیشی بۆ دیاری نەکراوە، بەڵکو بۆ ماوەیەکی نادیار ئەو هەڵمەتە بەردەوام دەبێت کە دەستمان پێکردووە.

*** باشە بێجگە لەو هۆکارانەی ئاماژەت پێکرد، هۆکاری دیکە چی هەن کە بوونەهۆی ئەوەی دۆخێك بخوڵقێنێت کە ئەم کێشانە دروست بێت؟**

- من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە دروستبوونی چەندین کێشەی یەك لە دوای یەك هۆکار و رێگرێك بوون لەبەردەم نەهێشتنی ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی یەکجاری، بۆ نموونە ئێمە لە ساڵی ٢٠١٣ کاری زۆر باشمان کردووە و لە سەروبەندی ئەوەدا بووین کە ئەم دیاردەیە کۆتایی پێبهێنین، بەڵام ئەوە بوو ساڵی ٢٠١٤ شەڕی داعشمان بەسەردا سەپێنرا، ئەوە بوو شارەکان پڕ بووە لە چەکدار، وای لێهات کەسێکی هاووڵاتی کە نە پێشمەرگە بوو، نە پۆلیس چەکی هەڵگرت و وتی من بەرگری لە وڵاتەکەم دەکەم و ئێمەش ناتوانین لەو کاتانە رێگری لێ بکەین، واتە ئەگەر هاووڵاتییەك چەکی پێ بوویێت و بڵێت من لە بەرەی جەنگ گەڕاومەتەوە و بەرگری لە نیشتمانەکەم دەکەم، تۆ ناتوانیت رێگری لێبکەیت. هەروەها من پێموایە تاوەکو نەتوانین تەواوی چەکەکان لە خەڵك دابماڵین، ئەوا ناتوانین بە ئاسانی ئەو کێشانەی ئێستا چارەسەر بکەین.

*** لەهەموو دنیادا کاتێك لە شارێکدا دیاردەیەکی نامۆ، یاخود تاوانێکی گەورە روودەدات، گەڕان و پشکنین ئەنجام دەدرێت بۆ گەڕەك، یاخود ناوچەیەکی دیاریکراو لە شاردا، یاخود لەناو هەموو شارەکەدا، ئایا بۆچی ئەم هەڵمەتە فراوان ناکەن؟**

- منیش لەگەڵ ئەوەدام پێویستە کۆنترۆڵی دیاردەی چەکداری لەناو ماڵەکانیشدا بکرێت، چونکە چەندین جار لەنێوان دوو دراوسێ، یاخود لەناو یەك خێزاندا کێشە هەبووە، لەبەر بوونی چەك کێشەکە گەورە بووەتە و چەك بەکار هاتووە. ماوەیەك لەمەوبەر لەنێوان دوو دراوسێدا لە هەولێر لەسەر کێشەیەکی بچووك بە شەڕهاتن یەکێکیان مامۆستا بوو، لەماڵەوە چەکی هەبوو، تەقەی لە دراوسێکەیان کرد کە بووە هۆی بریندار بوونی لایەنی دووەم. بەڵام بڕیاری گەڕان و پشکنین بە دوای چەك لەناو ماڵەکاندا جیاوازە لە مەسەلەی هەڵگرتنی چەك. دواتر دەبێت ئێمە بزانین ئێمە ١٢٠ هەزار کەسمان هەیە کە چەکدارن بە شێوەیەکی یاسایی.

*** سوڵحی کۆمەڵایەتی کە لە سەرەتای قسەکاندا ئاماژەت پێکرد، هۆکارێکە بۆ زیادبوونی دیاردەی کوشتن و تاوانکاری لەکاتێکدا ئەم سوڵحانە بۆ کەمکردنەوەو چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵایەتی و کوشتن دەکرێت، ئایا ئەم سوڵحانە چۆن لەچوارچێوەی یاسا و دادگاکان رێك دەخرێتەوە؟**

- سەرەتا من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە زۆر کەس هەن لە هەولێر کە کار و پیشەیان بۆتە ئەنجامدانی سولْح، بە چەشنێك وای لێهاتووە کە دیوەخانەکان بوونەتە بەدیلی دادگا. واتە ئێستا خەڵکێکی زۆر و چەندین ماڵ بوونەتە جێگرەوەی دادگاکان، ئەمە سەرەڕای بوونی بەش و مەکتەبی کۆمەڵایەتی.

*** باشە ئاستی هەماهەنگیتان چۆنە لەگەڵ دەزگا پەیوەندیدارەکاندا، بۆ نموونە ئاسایش؟**

- لە راستیدا ئێمە لەگەڵ ئاسایش بە یەك تیم کار دەکەین، چونکە بە دڵنیاییەوە ئەگەر هاوکاری ئەوان نەبێت، ئەوا ئێمە ناتوانین کۆنترۆڵی هەموو شار بکەین. بە هەمان شێوە ئێمەش هاوکاریی ئەوان دەبین و لە ئێستادا هاوکاری و هەماهەنگییەکی بەهێز لە نێوانماندا هەیە. جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژەش بەوە بکەین کە ئێمە لە مانگی رەمەزاندا کۆنترۆڵێکی باشی دۆخەمان کرد و هیچ گرفتێکی ئەوتۆ روویندا لەم مانگەدا. هەرچەندە چەند حاڵەتێکی بەهۆی دوژمنداریییەوە روویاندا، بەڵام ئێمە هەموو کەسە تێوەگلاوەکانمان دەستگیر کردووە، جگە لە دوو حاڵەت نەبێت کە ماون.

*** ئێوە وەکو پۆلیسی هەولێر لەگەڵ فراوانبوونی شارو گۆڕانکاری بەسەر شێوازو جۆری تاوانەکان توانیوتانە بۆ بە رزکردنەوەی تواناو ئەدای ئەفسەر و پۆلیسەکان خولەکانی مەشق و راهێنان بکەنەوە؟**

- پێش شەڕی داعش کە پەیوەندیمان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی هەبوو، بۆ زیاتر ئەزموون و شارەزایی بەردەوام خولمان هەبوو، بەڵام دوای ئەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی عێراق خراپ بوو، ئەوا ئەو خولانەش راگیران.

*** جگە لەتاوانی کوشتن و چەك هەڵگرتن، ماوەیەکە دیاردەی فریودان و کاری نەشیاو لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بە گرتەی ڤیدیۆیی و مۆبایل تاوان ئەنجام دەدرێت، لەم رووەوە چیتان کردووە بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتبارەکان؟**

-ئەوە راستە خەڵکانێك هەن ئەم کارانە ئەنجام دەدەن، بەڵام سەرەتا با ئەوە بڵێم کە ئەوەی پەیوەست بێت بە کوشتن و دزییەوە، ئەوا لە ماوەی نێوان مانگی ٤ بۆ مانگی ٦ لە ٤١ تاوان ٦١ کەس دەستگیر کراون بە بکوژ و بە دزەوە، کە هەموویان درانە دادگا و بەندکراون. ئەوەی پەیوەندیدار بێت بە بابەتی گرتە ڤیدیۆییەکان، ئەوا ئێمە ئەوانە بڵاو ناکەینەوە، واتە راستە کەسە تێوەگلاوەکان دەستگیر دەکرێن، بەڵام لەبەر ئەوەی مەسەلەی ئافرەت و کەسی دیکەی تێدایە، ئەوا ناتوانین بڵاویان بکەینەوە، بەڵام رێکاریان لە بەرامبەردا دەگیرێتەبەر.

*** کامێرە چاودێرییەکان یەکێکە لەو هۆکارانەی رێژەی تاوانی زۆر کەم کردووە، تەنانەت لە کاتی روودانی تاوانەکەشدا ئەم کامێرانە یارمەتیدەرێکی باشی دەزگا ئەمنییەکانە، پرسیار ئەوەیە بۆچی هەوڵتان نەداوە لەلایەك ژمارەی کامێرەکان زیاد بکەن و لەلایەکی ترەوە هەموو ئەم کامێرانە ببەسترێنەوە بە ناوەندێکی گەورەو پێشکەوتووەوە؟**

- ئەو کامێرانەی ئێوە ئاماژەتان پێکرد، هاوکاری باشی ئێمە بوون، زۆربەی ئەو کەسانەی دەستگیرکراون لە رێی ئەو کامیرانەوە بووە. ئێستا پرۆژەی ئەوە هەیە تاوەکو (٥٠٠٠) کامێرا لە ناو شار دابنرێت لە هەموو شوێنەکان و هەمووشی بە سەنتەرێکی مەرکەزییەوە ببەسترێتەوە. ئەم پرۆژەیە پێشتریش هەبوو، بەڵام بەهۆی شەڕی داعش و چەند هۆکارێکی دیکەوە راگیرا، بەڵام ئومێد دەکەین لە کاتێکی نزیکدا تەواویان بکەین، چونکە ئێمە تا ئێستا سوودمان لە کامێرای ماڵان و دوکان و مارکێت و چێشتخانەکان وەرگرتووە، نەك کامێراکانی حکومەت.

*** دوا وتەتان چییە؟**

- یەکێك لەو شتانەی لە هەولێر شانازی پێوە دەکەین، بوونی ئاسایش و ئارامییە، هەموو لایەکیش دڵنیا دەکەینەوە کە ئێمە هەموو توانای خۆمان دەخەینەگەڕ بۆ ئەوەی رێگە نەدەین ئەم ئارامییە لەم شارە خۆشەویستە تێکبدرێت، چونکە هەموو خەڵکی هەولێر هاوکارمانن، هەموو دەسەڵاتەکانی سەرووی خۆمان هاوکارمانن، بۆیە حەزدەکەم هاووڵاتیانی هەولێر دڵنیا بکەمەوە کە شار ئارامە. راستە بوونی چەك یەکێك لە کێشە زەحمەتەکانە، بەڵام ئێمە لە هەوڵەکان بەردەوام دەبین بۆ ئەوەی هەروەك چۆن شاری هەولێر ئارام بووە، ئاوا لە ئایندەشدا بە ئارامی بمێنێتەوە.

**لە لیژنەی ئەمنیی پارێزگا بڕیارمان داوە کە هەموو ئەو کەسانەی چەکیان هەڵگرتووە، دەستگیریان بکەین و چەکەکانیان لێ وەربگرین، ئێمە هەڵمەتەکەمان دەست پێکردووە و خەڵکێکی زۆریش دەستگیر کراون**

**تەنیا لە ماوەی یەک مانگدا ٥٦٠ کەس بە هۆی لێبووردنی گشتی ئازادکران کە هەمویان بکوژ و دز بوون. ئەمە لە کاتێکدا ئێمە پێشتر هەوڵی زۆرمان داوە بۆ دەستگیرکردنی ئەو کەسانە و گرتنەبەری رێکار لەگەڵیاندا تاوەکو حوکمیان بەسەردا دراوە**

**بەرپرسی سەربازی هەیە کە خزم و کەسی خۆی لەگەڵدایە، بە بێ ئەوەی ناویان تۆمار کرابێت و پێشمەرگە بن و مووچەشیان هەبێت، بەڵام لە بەرەکانی جەنگ بوون**

**یەکێک لەو شتانەی لە هەولێر شانازی پێوە دەکەین، بوونی ئاسایش و ئارامییە، هەموو لایەکیش دڵنیا دەکەینەوە کە ئێمە هەموو توانای خۆمان دەخەینەگەڕ بۆ ئەوەی رێگە نەدەین ئەم ئارامییە لەم شارە خۆشەویستە تێکبدرێت**